# سێ گوناه و تاوان

# لەپەنای ئیسلامدا

سردار فقی حسن محمد مصطفى

## بسم الله الرحمن الرحيم

تكایەکی برایانە لە موسڵمانانی بەڕێز دەکەم کە بە وردی و تێگەیشتنەوە ئەو نامیلکەیەم بخوێننەوە و لایەنگری خۆیان بەلاوە نێن و بە دوای ڕاستی دا بگەڕێن ، ئەو ڕاستیەی کە دوو کەس لە سەری جیانەبن ، وەك هەموو موسڵمانێکی لە خواترس و ڕاست ، چونکە هیچ شتێ نیە لە سەر ئەو ئەرزە لە ڕاستی بەرزترو پێویستترو بە نرختر ، ژیرو زانا ئەو کەسەیە کە هەمیشە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێ ساتێ ناسرەوێ تا پێی شاد نەبێ ، با ئەو ڕاستیە کەسیشی دۆست نەبێ ، وە لە هەمان کات دەبێ دوژمنی ناراستی و خواروو خێچی بێ با هەموو کەسیشی یار بێ.

هەروەها تکایان لێ دەکەم کە هیچ وشەیەکی هەڵەم ئاڕاستە نەکەن تا بە تەواوی نەیخوێنیتەوەو تێینەگەن ، وە بە قسەی هیچ کەس تیرو توانجەو رەخنەی نالەبارم لێنەگرن تا بە بەڵگەی کیتاب و سوننە هەڵەکانم دیارینەکەن. بە بەڵگەیەك لانەکرابێتەوە وەلای هەواو هەوەس .

مەبەس و ئامانجی سەرەکیم لە پێشکەش کردنی ئەو نامیلکەیە ئامۆژگاری و دوورخستنەوەی موسڵمانانە لە هەر جۆرە عیبادەت و بیدعەو بیدعە بازیەك کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەر (صلی علیە وسلم ) و سەحابەکانیدا نەبوەو کەس بیری لێنەکردونەوە بۆ ئەوەی بە یارمەتی خوای گەورە ئاینەکەمان – ئاینی پیرۆزی ئیسلام – تا ڕۆژی دوایی لە دەستێوەردان و شێواندن و گەچراندن دووربێ و بە پاکی و بێ گەردی بمینێتەوە.

من ناڵێم تاکە کەسێکم بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستم ، بەڵکو من تەنها شاگردێکی بچوکم لە نێوان هەزاران زانای موسڵمان کە بە بەشێکی کەم و بچوك هاوبەشی دەکەم لەو ئەرکە پیرۆزە ، ئەرکی

**پاراستنی ئاینی ئیسلام له بیدعەی بیدعەبازان و زێدەرەوی و درۆ و دەلەسە حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان والله خیر حافظا وهو رَحم الراحمین**

**شایانی باسە ویست و بریاری خوای گەورە لە سەر ئەوەیە ئەو ئاینە پیرۆزە بپارێزێ لە هەموو کەم و کۆریەك و شێواندنێك کە خوانەناسان و مونافیقان لە پەنا ئیسلام بەرێوەیدەبەن بۆ لە ناوبردنی ئەو ئاینە پیرۆزە ، دەفەرموێ : ( انا نحنُ نزّلْنا الذكرَ وإنا له لَحافظون ) الحجر (٩). لەو ئایەتە پیرۆزە پێنج جار خوای گەورە جەختی کردووە لە سەر مانەوەو بەردەوام بوونی ئەو ئاینە تا رۆژی دوایی لە رێگە بەندە زاناو خواناس و لە خواترس و خاوەن ئیمان و عەقیدە تەواو ، ئەو ئیمان و عەقیدەیەی کە خۆی بۆی دیاری کردوین ( والله ولي التوفيق ) .**

**برای بچوکتان سردار فقی حسن محمد.**

## پێشەکی:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

الحَمْدُ لله رَبُّ العَامِلِينَ والصّلاةُ وَ السَّلَامُ عَلَى خاتَمِ الأنْبِيَاءِ وَ الموسلمِينَ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَ سلَّمَ.

**ئاشكرایە گوناە و تاوان و پۆتشكاندن و بەزاندنی سنوورەكانی خوای گەورە -جَل جلالهَ- لە نێو گەلانی موسلمان یەكجار زۆرن و لە ئەژمار نایەن بەتایبەتی لە ڕۆژگارەی ئەورۆ، بەلاَم هیچ كامیان لەو سێ گوناە و تاوانەی كە من - بە یارمەتی خوای گەورە — لەسەریان دەنووسم، كە ئەمانەن:- (١- سۆفیگەری ٢- پارت پارتۆكی بە ناوی ئیسلام ٣- بیدعە و بیدعە بازی) - لەو سێیەیان گەورەترو ترسێنەرتر نیە لەسەر خودی ئاینەكەمان بەتایبەتی، وە لەسەر موسلمانان بەگشتی، چونكە راستەوخۆ ئەو ئیمان و عەقیدە پیرۆزەی خوای گەورە بۆی دیاریكردوین و پێویستی كردوە لەسەرمان تێك و پێكی دەشكێنی. ئەو ئیمان و عەقیدەیەی كە بە دەیان ئایەتی پیرۆز و فەرموودەی پیرۆزو راستیەكانی پێغەمبەر -** ﴿عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَ السَّلَامُ﴾ **- دیاریكراون. ئەو ئیمان و عەقیدەیەی كە گەورەترین هۆكارە لە دابەزینی ئیسلام بۆ سەرزەوی لەسەردەمی هەموو پێغەمبەرەكان -** علیهم الصَّلاة و السَّلام **- كە ئەویش پێكهاتووە لە (یەكتا پەرستی = التوحید) واتا: خوا پەرەستیەك كە بەزەر هیچ جۆرە شیركێكی تیدا نەبێ و پاك و بیگەرد بێ وەك دەفەرموێ:** ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء وَيُقِيمُوا الصَّلاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَة﴾الانفكاك (٥). **بۆ لەنیو ئەو هەمووە گوناە و تاوانە بێ ئەژمارە ئەو سێ گوناە و تاوانەم هەلْبژاردووە كە بە جوانی و بەراستی لەسەریان بنووسم؟. لەبەر ئەوەی ئەو سێ گوناە و تاوانە لە سەدان سالْ لەمەوەبەر تاكو ئەورۆ لەنێو زۆربەی هەرە زۆری موسلْمانان بە چلەپۆپەی خوا پەرستی ژمێردراون، نازانن و فێر نەكراون كە هەركەسێكیان لە گەورەترین ئەو گوناە و تاوانانەن كە خوای گەورە بە توندی نەهی لێكردوون، هەروەها پێغەمبەرەكەشی .... بۆ ئەوەی چاكبزانن هەر موسلْمانێ بەشی لەو سێ گوناە و تاوانە دا هەبێ و تەوبەی لەسەر نەكا بۆنی بەهەشت ناكا، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی لەرێگەی ئەو نامیلكەیە - بە یارمەتی خوای گەورە — راستی هەریەك لەو سێ گوناە و تاوانە بە جیا رۆنكەمەوە، بەلْكوو بە یارمەتی خوای گەورە چیتر**

موسڵمانان گیرۆده و گرفتاریان نەبن و لە کۆت و زنجیریان رزگاریان ببێ و ئازادبن دوای ئەوەی لە راستی تێدەگەن و لە خەوی غەفلەت بەهۆش خۆیان دێنەوە بە پشتیوانی خوای گەورە.

ئەم نامیلکەیە لەسەر ئەوە سێ گوناه و تاوانە:- (١- صۆفیگەری ٢- پارت پارتۆکی بە ناوی ئیسلام ٣- بیدعە و بیدعە بازی) تەنها کردنەوەی دەرگایەکە بۆ جیهانێکی بەرفروان بۆ زانیاری تەواو لەبارەی مەترسیەکانی هەر سێکیان لەسەر خودی ئاینەکەمان و گشت موسڵمانان، بەڵێ تەنها کردنەوەی ئەو دەرگایەیە بۆ موسڵمانانی زانا و لە خواترس کە لەمەو دوا بە درێژای لەسەر ئەو سێ گوناه و تاوانە بنووسن بە گوێرەی کیتاب و سوننە و فەرمودەی زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە و ئەو واقیعە تفت و تاڵەی ئەو سێ گوناه و تاوانە بە درێژایی سەدان ساڵ سەرۆك و سەرکردەکانیان - بە ناوی خواپەرستی — وەك ژەهرێکی کوشندە بە قورگی موسڵمانانیان داکردیە.

با هەموو لایەك چاك بزانن ئەوەندە لاپەرەی کە من لەو نامیلکەیە لەسەر هەرسێ تاوان و گوناهەکە نووسیوەتم ناکا دە یەکی ئەو لاپەرانەی کە پێویستە لەسەر روونکردنەوەی تەنها یەکەکیان بنووسرێ. ...

## (گوناه و تاوانی یەکەم/صۆفی گەری)

مێژووی سەرهەڵدانی: صۆفی گەری بیرو باوەرێکی کۆنە ، بەسەهوو چوونە ئەوانەی واتێدەگەن کە صۆفی گەر تەنها لە نێو موسڵمانانندا هەیە، نەخێر، صۆفی گەری بەر لە هاتنی ئیسلام لە نێو کەلانی رابردوو هەبووە، بەڵام وەك ئەو صۆفی گەریە نەبووەکە لە نێو گەلانی موسڵمان بڵاوبۆتەوەو ، بەڵکو لە هەموو کات و شوێنی بە جۆرێ لە جۆرەکان هەبوە،جادوگەران و ئەستێرەناسان و رەهبانیەکان و کاهینەکان بەر لە هاتنی ئیسلام سەرچاوەو هێمای سەرەکی صۆفی گەری بوون ، بەڵام صۆفی گەری لە ولاتانی ئیسلام لە سەدەی دوەمی کۆچی سەریهەڵدا وەك (دکتۆر محمد حسین الذهبي) لە کیتابەکەی بە ناوی ( التفسیر والمفسرون) بەشی دووەم / لاپەرە ٣٣٨ ساڵی ١٣٩٦ هـ ـ ١٩٧٦ م دەڵێ: وكان هذا الإشتهارُ ـشهرة الصَّوفية ـ في القرن الثاني الهجرى ، و اوَّل من يُسَمِّي بالصوفَّي ابوهاشم الصَّوفي المُتوَفَّى سنة ١٥٠ هجرى (زەمەخشەری) موفەسیری بە ناوبانگی (موعتەزیلەکان ـ المعتزله) لە کتابی (اساس البلاغه ) وە (فەیروز ئابادی خاوەنی کیتابی ( القاموس المحيط) دەلێن : لە رۆژگاری جاهیلی خەڵکانێك هەبوون ناوی (صۆفیان) لە خۆیان نابوو، وە هەر کەسێکیش رێچکەی ئەوانی گرتبا پێیان دەگووت صۆفی ، وەکو دەڵێن ( وەرەقەی کۆری نەوفل) یەکێك بووە لەو صۆفیانە.

## (بۆ صۆفی گەری سەریهەڵدا:)

ئاشکرایە لە سەدەی دووەمی کۆچی ـ واتا: لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسی ـ دەوڵەتی ئیسلامی یەکجار فراوان بوو و بەهێز بوو ، دەرگا بەڕووی دەوڵەتانی کوفرو ئیلحاد و بوتپەرستاندا کرایەوە بەم چەشنە جۆرەها بیرو باوەر و فەلسەفە و ئیمان و عەقیدەی ئەو ولاتانە گوازرایەوە ولاتانی ئیسلام و بڵاوبۆووە . خەڵکانێکی یەکجار زۆر ئەو بیرو باوەرو ئیمان و عەقیدەو فەلسەفەیان قۆزتەوە ـ لەوانە ئەوان صۆفیانەی کە وامن لەو نامیلکەیە باسیان دەکەم بە کورتی کە بەشێکی سەرەکیە لەو نامیلکە.

ئاشکرایە کاتێ کە رۆژگاری پێغەمبەر ﴿عليه الصَّلاة و السَّلام﴾ ـ صحابەکانی ـ رضي الله عنهم ـبەسەرچوو، وردە وردە ئیمان و عەقیدەی موسڵمانان بەرەو کزبوون شۆربۆوە وەك قورئانی

**پیرۆز بۆمان باس دەکا ـ ئەو لاواز بوونی ئیمان و عەقیدە راستیەکی مێژوییە دەفەرموێ** ﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا﴾ **(مریم٥٩) بەڵێ کە سالانێکی زۆر دور کەوتنەوە لە پێغەمبەرەکەیان، پشتیان لە نوێژ کرد ـ کە گەورەترین عیبادەتە ـ وە دو هەواو هەوەسی خۆیان کەوتن،کە بی شك لە کۆتایی بە هیلاك دەچن. یا دەفەرموی بە شێوەی نەهی:** ﴿وَلا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ **(الحدید ١٦).**

**کەواتە وەك لە ئایەتەکە ئاشکرایە دوورکەوتنەوە بە سالًها ساڵ - یان چەندان سەدە لە رۆژگاری پێغەمبەر ﴿علیه الصَّلاة و السَّلام﴾ بەسە بۆ ئەوەی دلْمان رەق بێ و پشت لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر ﴿عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَ السَّلَامُ﴾ بکەین و بەدوا هەواو هەوەس و بیروباوەڕ و بۆچوونی هێزەکانی کوفر و ئیلحاد بکەوین.**

**کاتێ ئەو دوو هۆ گرنگە روویدا — فراوان بوونی دەوڵەتی عەبباسی و — تێپەڕ بوونی دەیان ساڵ بەسەر لەناوچوونی دەوڵەتی پێغەمبەر ﴿عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَ السَّلَامُ﴾ لە نیمچە دوورگەی عەرەب کە پایەتەختەکەی شاری(مەدینەی پیرۆز) بوو، زۆر بە هاسانی جۆرەها بیروباوەڕو عەقیدەی دژ بە کیتاب و سوننە، دژ بە عەقیدە و ئیمانی پێغەمبەر و سەحابە و تابعینی سەری هەڵدا و بەخێرایی بلاْو بۆوە، لە نێوانیاندا سۆفیگەڕی کە مەترسیدار ترین بیروباوەڕە لەسەر ئیسلام و موسڵمانان، بۆچی؟**

**لەبەر ئەوەی بە تەواوی لە کیتاب و سوننە لایانداو ئیمان عەقیدەیان دامەزراند لەسەر (فەلسەفە) ئاشکرایە ئەو فەلسەفەیە بیناکراوە لەسەر کوفر و ئیلحاد جۆرە بیروچۆنی ئەفساناوی لە نێو جەرگەی ولاْتانی کوفر و ئیلحاد هەڵکۆڵیوە بەر لە سەدان ساڵ پێش هاتنی ئیسلام. و هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نیە.**

**کاری فەلسەفە تەنها یەك شتە ئەمیش ئالۆزو پالۆز کردنی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی نووسین بەشێوەیەکی هێندە ئالۆز کە لەوانە فەیلەسوفەکان خۆشیان تێنەگەن.**

**سۆفی گەریەکانیش زۆربەی ئیمان و عەقیدەی خۆیان لەسەر ئەو فەلسەفەیە دامەزراند وەك ( دکتۆر محمد حسین الذهبی) لە کیتابەکەی بە ناونیشانی (التفسیر و المفسرون) قاهیر/ بەشی دووەم ساڵی ١٣٩٦ هـ - ١٩٧٦ م — لاپەرە (٣٣٨) دەڵێ**

(بَلْ وَكَوَّنُوا - أَيْ الصُّوفِيُّونَ - فَلْسَفَةً خَاصَّةً بِهِمْ حَتَّى أَصْبَحْنَا نَرَى بَيْنَهُمْ رِجَالًا اَشْبَهَ بِالفَلَاسِفَةِ مِنْهُمْ بالصّوفيةِ، وَأَصْبَحْنَا نَرَى بَعْضَهُمْ يُدِيْن بِمَسَائِلَ فَلْسَفِيَّةٍ لِأَتَتَّفِقُ وَمَبَادِئُ الشْريعةِ مِمَّا أَثَارَ عَلَيْهُمْ جُمْهُورُ أَهَّلَ السُّنَّةَ).

## (فەلسەفە مانای چیە؟)

**فەلسەفە وەك (دکتۆر ناجی معروف) دەڵێ لەو کیتابەی کە ئیمە لە چواری دوا ناوەندی/ بەشی ئەدەبی دەمانخوێندن بە ناوی (تأريخ الحضارةِ العَربيةِ) ساڵی ١٩٦٦ - وشەیەکی یۆنانیە و پێکهاتووە لە دوو وشە (فەیلە) و (سوفیا) مانای (إيثار المحكمة) و وروژاندنی پەندە جوانەکان یاخود گەڕان بەدوای پەندە (الحكمة) جوانەکان.**

**ئێمەی موسڵمانان هیچ جۆرە پیویستیەکمان بە فەلسەفە نیە، ئەگەر بەو مانایە بێ یا بەمانایەکی تر، لەبەر ئەوەی ئێمەی موسڵمانان خاوەنی قورئان و سوننەتین و هەموو کارێك و عیبادەتێك و ئامۆژگاریەك و رێنمایەك و هەموو شتێك کە ژیانی مرۆڤ پێویستی پێی هەبێ تێادا روونکراوەتەوە، کە قورئانی پیرۆز لە گەورەترین موعجیزەکانی خوای گەورەیە و حەدیسە پیرۆزەکانی پێغەمبەریش —﴿عليه الصَّلاة و السَّلام﴾ هەمووی لە هەرە حیکمەتە جوانەکانن تا دونیا دەبرێتەوە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە خودی خۆی فێری ئەو حەدیسانەی کردووە و لە چەندان ئایەت دەفەرموێ: ﴿وَعَلَّمَهُ الكِتَابُ وَالحِكْمَةُ﴾ واتا: حەدیسەکان. کەواتە ئێمەی موسڵمان — وەك گوتم — پێویستیمان بەو حیکمەتانە نیە کە لەلایەن فەیلەسوفەکانی کوفر و ئیلحاد بۆمان هاتووە — وە ئەگەر رۆژێ لە رۆژانیش حیکمەتێکی جوانی ئەوانت بینی یا بیستت و گوێت لێ بوو ئەم حیکمەتە لەگەڵ بەرنامەکەی خوای گەورە دژایەتی نەبوو، من دڵنیات دەکەمەوە کە ئەو حیکمەتە لە ئاینەکەی خۆمان بە زیادەوە هەیە.**

وەك لە دواتر بۆ خوێنەری بەرێز روون دەبێتەوە – سۆفی گەڕ یەكەمین كەسانێكن كە شیركیان گەڕاندەوە نێو جیهانی موسڵمانان، ئەو شیركەی كە گەورەترین گوناە و تاوانە لەنێو مولكی خوای گەورە. ئەو شیركەی كە خوای گەورە ﴿سبحانهُ و تعالی﴾ هەموو پەیامەكانی بۆ پێغەمبەرەكانی ناردوە لەپێناو لەناوبردنی ئەو شیرك و جێگرتنەوەی بە یەكتا پەرستی (التوحید). تكایە بۆ زانینی ئەو ڕاستیە شۆربەوە نێو لاپەرەكانی ئەو نامیلكەیە و بەدوای دابچوو.

## (مانای وشەی سۆفی:-)

چەند مانایەكیان بۆ داناوە كە بەناوبانگتریان:- سۆفی مانای ئەو كەسەیە كە لەرێگەی سۆفی گەڕی (التصوف) خۆی لە گوناە و تاوانان پاك دەكاتەوە، ئەو مانایەش دژی كیتاب و سوننەیە، چونكە مرۆڤ لەسەر ئەو ئەرزە تەنها لەرێگەی كیتاب و سوننە و شوێنكەوتنی پێغەمبەر ﴿علیه الصَّلاة و السَّلام﴾ پاك دەبێتەوە لە هەموو گوناە و تاوانێك بەهۆی هیدایەتی خوای گەورە، كە واتە ئەو مانایە درۆیەكی زەقە.

## (بۆ دەبێ موسڵمان دژی صۆفی گەری بێ؟)

پێویستە موسڵمانانی ئەهلی سوننە و جەماعە – ئەو موسڵمانانەی كە ئیمان و عەقیدەی خۆی لەسەر كیتاب و سوننە هەڵناوەو دامەزراندوە بەتوندی دژی سۆفی گەڕی شیخەكانی بوەستێ لەبەر ئەو هۆكارانەی كە هەر هەمووم لە نووسینەكانی سۆفیە هەرە گەورەكانی سۆفی گەڕی وەرم گرتووە، وەك شێخ محی الدین عەرەبی، ابو الحامدی غەزالی، عبدالقادری گەیلانی، ئەبو یەزیدی بەسطامی و حەلاج چەندانی دیكە، هەروەها لە كیتابەكەی ئیبن حەجەری هەیتەمی مەككی بە ناونیشانی (فتاوی ابن حجر) كە لەساڵی (١٣٠٧) لە شاری قاهیرە چاپكراوەتەوە و لە ساڵی (٩٥٦) كۆچی دایناوە. ئیبن حەجەر یەكجار سەرسامە بە شێخەكانی سۆفی گەڕی و زۆر بە گەرمی دیفاعیان لێدەكاو كوفرەكانیان بۆ دەكا بە خواپەرستی – وەك لە دواتر بۆتان بە دیار دەكەوێ.

**هەندێ لەو هۆكارانە:-**

١) سۆفی گەڕی خۆیان خستۆتە نێو گێژاوەیەكی ئەوتۆ كە هەرگیز ناڵوێ رزگاریان ببێ، كە لەلایەك بیروباوەر و ئیمان و عەقیدەی خۆیان ئاوداوە بە فەلسەفە – وەك پێشتر ئیشارەم بۆ كرد – وە لەلایەكیش ئەو ئیمان و عقیدەیەیان بە تەواوی تێكەڵ بە (الحلولیە، والاتحادو وَحدةُ الوجود) كردووە. بەم چەشنەیە یەكجاری خۆیان دابڕاندوە لەو ئیمان و عەقیدەیەی كە خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەكەی لەسەر موسڵمانانی فەرز كردووە.

با بزانین ماناو مەبەس لەو سێ وشەیە چیە (١- الحلولیە، ٢- الاتحاد ٣- وَحدة الوجود).

٢) الحلولیە: هەموو شێخە بەناوبانگەكانی تەصوف وەك – غەزالی – ئیبن عەرەبی – حەلاج، ئیبن فارض، ئەبو یەزیدی بەسطامی – بروایان وایە كە خوای گەورە – سبحانە و تعالی عمّا یُشركون – دابەزیوەتە نێو لەش و گیانی مرۆڤ و هەموو گیان لەبەرەكانی و تێكەڵیان بوە.

٣) الاتحاد: كە مادام خوای گەورە دابەزیوەتە نێو لەشی مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەكان كەواتە خودی خۆی لەگەڵ هەر هەمووان یەكتریان گرتووە، كە واتە: بەلایانەوە هەموو مرۆڤ و گیانلەبەریك بە خوا دادەنێن – اعوذ بالله لەو گوناه و تاوانە گەورەیە – وەك ابن عەرەبی لە كیتابەكەی (الفتوحات المكیّە) دەڵێ: فرعون كافر نەبووە بەو قسەیەی كە لەبەرامبەر وەزیرەكانی كردویەتی و گوتویەتی: (اَنا رَبّكم الاعلی)، وە بۆخۆشی دەڵێ: (فأنتَ عبدٌ رأیتكَ رَباً و اَنتَ ربُ لِمَن له فیه اَنت عَبدٌ). (التفسیر و المفسرون) محمد حسین الذهبي ص ٣٢٢. واتا: تۆ بەندەیەكی بە منەوە بویتە خوا، وە تۆ خوای ئەو كەسەی كە تۆ عەبدی ئەوی) كوفر لەوە گەورەتر كوا؟

٤) وَحدَةُ الوجود: بەو پێیەی كە خوای گەورە دابەزیتە نێو لەشی مرۆڤ و هەموو گیان لەبەرەكانی و یەكتریان گرتووە كەواتە: مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرەكان بەشێكن لە خوای گەورە – سبحانە و تعالی عمّا یُشركون – وە خوای گەورەش بەو پێیەی كە دابەش بوە بەسەر هەموویان یەك (یەكیان) دروست كردوە و هەموویان خوان و خوای گەورەش ئەوانن ئەوان لە خوان و خواش لەوانە،

**ئەمە manای وەحدە الوجودە. کە ئەمەیە بیروباوەری گشت جولەکەو دیانان – الیهود و النصاری – هەروەها بوت پەرستان.**

**بەو شێوەیە دەبینین صۆفی گەری بە تەواوی شیرکیان گەڕاندەوە نێو موسڵمانان. سەیری ئەبو الحامد الغزالی: کە گەورەترین شێخی صۆفی گەرییە لە کیتابەکەی (المنقذ من الظلال) چی گوتووە: (الفناء فی ذات اللهِ هو اخرُ مقاماتُ الصوفیه). هەروەها (ئەبو یەزید بەسطامی) دەڵێ: (سبحاني ما في جُبَّتي غَيرُ الله) واتا: منیش خوام و پاك و بێ گەردم ڕاگرن، (فناوی ابن حجر (ص ٢١٩) وە (حەلاج) کە یەکێکە لە صۆفیە هەرێ بەناوبانگەکان دەڵێ: (اَنا الحقُّ) من خوام هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە (فتاوی ابن حجر) کە لەساڵی (١٣٠٧) چاپکراوەتەوە. ئەو کیتابە زۆر بە پەرپوتی لە لای خۆم پاراستومە.**

**١- ئاشکرایە لەرێگەی ئەو راستیانە بۆمان بە دیار دەکەوێ کە صۆفی گەڕی لە جولەکان و دیانان خراپترن، لەبەر ئەوەی جولەکە و دیان دەیانگوت تەنها عوزەیر و عیسی کوڕی خوان وەك لە قورئانە پیرۆزەکەمان هاتووە:** ﴿وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتْ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ذَلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ يُضَاهِؤُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ﴾ **التوبه (٣٠) کە چی شێخەکانی صۆفی گەڕی هەموویان خۆیان بە بەشێك لە خوای گەورە دەژمێرن بە گویرەی ئەو ئیمان و عەقیدەی کە باسمان کرد (الحُلوليَّة و الاتحادُ وَ وَحْدِةُ الوُجُودِ) لە سروشت و سیفەتی صۆفی گەڕی دایە کاتێ کە حاڵ دەگرن ناتوانن ئەو ئیمان و عەقیدەی خۆیان بشارنەوە ئەوکات بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە خواین. ئیبن حەجەری هەیتەمی ئەو حاڵ گرتنەیان بۆ دەکاتە چلەپۆپەی خواپەرستی و بە گەرمی دیفاعیان لێدەکاو دەڵێ (للعارفين – اَعلى المراتبِ الصوفيةِ– أوقات يَغلبُ علَيهم فيها شُهودُ الحقّ تعالى فَحينَئذٍ يَتكلَّمونَ على لِسانِ ذلكَ القربُ الأُقدس) (فناوی ابن حجر ص٢١٩). بە کورتی و بە کوردی: کاتێ صۆفی حاڵ دەگرێ و هۆشی لە خۆی نامێنێ بە زمانی خوا قسان دەکاو، هەرچی**

**گوتیان لۆمەیان مەکەن. پەنام بە خوا لەو کوفرە، ئەوەیە راستی و جەوهەری هەموو صۆفیەك بە درێژایی مێژووی دروست بوونیان لە جیهانی ئیسلامی.**

**٢- ئیدعای عیلمی غەیب: لەو هۆکارە هەرێ گەورانەی کە صۆفی گەرِی لە موسڵمانان جیا دەکاتەوە ئیدعای عیلمی غەیبە. واتا بینین و زانینی ئەو شتانەی کە خوای گەورە لە ئێمە شاردۆتەوەو بزر کردووە و فەرموون لەگەڵ ئەو بەڵگەیە: (ئیبن حەجەری هەیتەمی) لە کیتابی فەتاوا لاپەرە (٢٢٨) دەڵێ: ئەبو الحامد الغزالی لە کیتابەکەی بە ناوی (المتقدُمن الضلال) دەڵێ: (المؤمنُ یعلمُ الغیبَ، اِنَّ بَعضَ الأولیاءِ قد یُعلِّمُهُ اللهُ ببعضِ المغیباتِ قُبلَ مِنهُ ذلكَ لأنه جائزٌ عقلاً و واقعٌ عقلًا هُوَ مِن جُملَةِ الکرامات الخَارجَةِ عَنِ الحَصرِ علی مَمَرِّ الأعصارِ، فبعضُهم یُعلِّمُهُ الخِطابَ — الخطابَ مع اللهِ — وَ بعضُهم یُعلِّمُه بکشَفِ الحِجابِ و بَعضُهم یَکشفُ لهُ عن اللوح المحفوظِ حتی یَراهُ). بەڵێ وەك غەزالی دەڵێ شێخەکانی صۆفی گەرِی هەر کاتێ گەیشتنە پلە (العارِف بالله) کە دوا پلەی صۆفیەتیە - ئەو کاتە عیلمی بەچشتە غەیبیەکان — شاردراوەکان ئەوشتانەی کە نەك ئێمە بەڵکوو بۆ پێغەمبەرانیش نەهاتووە بیانبینن — دەبینین، خوای گەورە لە هەندێ لە شتە غەیبیەکان ئاگاداریان دەکاتەوەو فیریان دەکا بەلای وانەوە — وەك غەزالی دەڵێ شتێکی جائیزە بە عەقل و بە واقیع، ئەم جۆرە صۆفیانە — وەك غەزالی دەڵێ دەتوانن راستەوخۆ قسە لەگەڵ خوای گەورە بکەن و هەروەها لە لوحي مەحفوزیشیان نیشاندەدا. شایەنی باسە (اللوح المحفوظ) — لەوحی مەحفوظ خوای گەورە نیشانی هیچ کەسێکی نەداوە، با ئەو کەسە پێغەمبەری ئێمە بێ —علیه الصلاه و السّلام — کە چی غەزالی بە گوێرەی نووسینەکەی وادیارە خوێندیتیەوە!**

**ئاشکرایە ئیمان و عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر ئەوەیە کە عیلمی غەیب تەنها تایبەتە بە خودی خوای گەورە خۆی، و دەفەرموێ:** ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ﴾ **النمل (٦٥) ئەی پێغەمبەر بڵێ بە هەموو کەس کە هەرچی مەخلوقات هەیە لە ئەرز و ئاسمانەکان لە فریشتەو مرۆڤ عیلمی غەیبیان نیە. هەروەها دەفەرموێ:**﴿ وَلِلَّهِ غَيْبُ

السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا أَمْرُ السَّاعَةِ إِلَّا كَلَمْحِ الْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ **النحل (٧٧)** **زانینی چشته غەریبیەكان تەنها تایبەتە بە خوای گەورە – سبحانه و تعالی – ئەوەی كە لەسەر ئێمەی موسڵمانان پێویستە تەنها ئیمانە بە غەیب. لە بیرم چوو لە پێشتر ئەوە بڵێم كە غزالی بیروباوەری وایە كە صۆفی دەتوانێ خوای گەورە ببینێ و دەڵێ (و بعضهم یُعلمهُ بكشف الحجاب) لە دواتر بە بەڵگەی خۆیان ئەو ئیدعایەتان بۆ رۆن دەبێتەوە.**

**غەزالی و هەموو صۆفیەكانی وەك غەزالی وایان لە موسڵمانان گەیاندوە كە زانینی چشتە غەیبیەكان بەشێك لە كەرامەتی ئەولیا (كرامات الاولیاءِ) كە بە یارمەتی خوای گەورە لە دواتر ئەو بابەتەش رۆندەكەمەوە.**

**شایانی باسە لە قورئانی پیرۆز دا هاتووە كە خوای گەورە هەندێ جار هەندێ لە پێغەمبەرەكانی لە هەندێ شتی غەیبی ئاگادار كردۆتەوە دیارە حیكمەتی خۆی وادەخوازێ و كارەكە پێویستە، وەك ئاگادار كردنەوەی پێغەمبەر (نوح)علیە الصلاە و السّلام – لە رۆژ و كاتی لافاوەكە، دەفەرموێ:** ﴿وَلا یُظهِرُ علی غیبه احداً، اِلّا مَنِ آرتضی مِنْ رسولِ﴾**ئەو راستیە نابێت وامان لێبكا – وەك صۆفیەكان – كە مرۆڤ بۆی هەیە چشتی غەیبی بزانێ. ئیدعای عیلمی غەیب بە گوێرەی كیتاب و سوننە و ئیجماعی زانایانی ئیسلام كوفرە.**

**٣) ئیدعای زیندوو كردنەوەی مردوان: یەك لە درۆ و گوناهە هەرێ گەورەكانی صۆفی گەڕی بە تەواوی جیادەكاتەوە لە ئەهلی سوننە و جەماعەت ئیددعای زیندو كردنەوەی مردوانە: بۆ ئاشكرا كردن و روونكردنەوەی ئەو درۆیە گەورە دەگەرێمەوە بۆ كیتابەكەی ئیبن حەجەری هەیتەمی (فتاوی ابن حجر) چاپی ساڵی (١٣٠٧) كۆچی . كە ئیستاوا لەبەر دەستم دایە بە پەرپوتی، لەو كیتابە ئیبن حەجەر زۆر بە شانازیەوەو بە بڕوایەكی تەواوە ئەو درۆ و جادوگەریە بەراست دەزانێ و لە بەر ئەوە بە دڵنیایەوە ئەو رووداوانەمان بۆ دەگێریتەوە:-**

أ) له لاپەرە (٨١)ی ئەو کیتابە، لە دوو لاپەرەی دیکەش بە شانازیەوە ئەو بەسەرهاتەمان بۆ دەگێریتەوەو دەڵێ: شێخ (الیافیعی) کە صۆفیەکی بەناوبانگە – دەڵێ من لە چەند کەسانی باوەڕ پێکراوم بیستوە کە سالێك ئافرەتی کوڕەکەی دەهێنیتە لای (شێخ عبدالقادری گەیلانی) لە بەغدا بۆ ئەوە دەرسی لەلای شێخ بخوێنێ و ببێ بە موریدی.

دوای ماوەیەك دایکی کوڕە دەچێتە سەردانی کوڕەکەی، دەبینی وا شیخ عبدالقادر مریشکێکی سوور کراوەی لەبەردەماو دەیخوا، لە بەرامبەریەوە کوڕەکەشی وەك گوێ درێژ کاو جۆ و لەبەردەماو بە ناچاری لە برسان دەیانخوا، دایکە دەڵێ: ئەیەرۆ یا شێخ بۆ خۆت ئەو خواردنە بە لەزەتە دەخۆیی و کوڕەکەشم خواردنی ئاژەڵ؟!

شێخ عبدالقادر بە وشەیەکیش وەڵامی دایکە ناداتەوە، تا هەموو مریشکە سوورکراوەکە دەخوا. دوای هەندێ بە بەرچاوی (دایکەکە) هەموو ئیسك و پروسکی مریشکەکە کۆدەکاتەوەو دوعایەکی صۆفیانەی بەسەردا دەخوێنێ و مریشکە یەکسەر زیندوو دەبێتەوەو غاردەداتەوە نێو کۆمەڵێ مریشکان، ئەوسا روو لە دایکی کوڕەکە دەکاو دەڵێ: کەنگێ کوڕەکەت لە صۆفی گەری گەیشتە پلە و پایەی من لە صۆفی گەریەکەی با ئەویش وەك من مریشکی سوور کراوە عافێت کا).

ئەوەی کە جێگەی سەر سوڕمانە لەو بەسەرهاتە ئەوەیە: یەك لە بنەماو بنچینەکانی صۆفی گەری ئەوەیە کە صۆفی نابێ بە صۆفی تا چێژو لەزەت و نیعمەتەکانی خوای گەورە لە خۆی حەرام نەکا، لە کیتابەکەی غەزالی (المنقذ من الضلال) دا لە لاپەرە (٤٤) دا هاتووە کە صۆفی (سهل بن عبدالله) لەماوەی چل رۆژ بە یەك دەنکە خورما ژیاوە. بێ گومان ئەو کارەی (سهل) دژی کیتاب و سوننەیە ( کُلوا و آشْرَبوا ولاتسرِفُوا).

ب) هەروەها ئیبن حەجەر لە لاپەڕە (٢٢١) کیتابی ناوبراو ئەو بەسەرهاتەمان بۆ دەگێرێتەوە و دەڵێ: دەڵێن﴿ن لە رۆژێکی گەرم شیخ عبدالقادری گەیلانی خەریکی دەرس گوتنەوە دەبێ لەو کاتەدا باشوکەیەك چەندجار دایدیتی و باڵەکانی لە چڕوچاوی شێخ دەخشێنێ و سەری لێ تێکدەدا ناتوانی

دەرسەکە بە باشی بلێتەوە، شێخ تورِە دەبێ و فەرمان بە ڕەشەبا دەکا تێهەلکاو سەری ئەو باشوکەیەی لە لەش جیاکاتەوە، یەکسەر ڕەشەبا تێهەلدەکاو ملی باشوکەکە دەپەڕێنێ و سەری دەکەوتە لایەك و لەشیشی دەکەوێتە لایێ. ئەوجا شێخ ئەمر دەکا سەرو لەشەکەی لەبەردەم دابنێن و ئەوسا دوعایەکی بەسەردا دەخوێنێ و باشوکەکە لە جاران چاکتر زیندوو دەبێتەوەو یا شێخ پێی دەڵێ جاریکی تر وانەکەی و باشوکەکە دەفرێ و دەڕوا. من لە ئاستی خۆمەوە چەند تێبینیەکم لەسەر ئەو چیرۆکە هەیە:-

أ) شێخ عبدالقادر چۆن توانی ئەمر بە رەشەبا بکا، خۆ رەشەبا وەك جەللادێك لە خزمەتی رانەوەستابوو بۆ ئەوەی هەر فەرمانێکی پێی بکا یەکسەر ئەنجامی دا. هەلکردنی رەشەبا تەنها کاری خوای گەورەیە.

ب) شێخێك هێندە گەورەو کارا بێ چۆن باشوکەیەك جورئەت دەکا گاڵتەی پێ بکا؟

ج) ئایا رێگەیەکی ئاسانتر نەبوو ئەو باشوکەیەی پێ لەناوبا؟

د) رەشەبایەك بتوانێ سەری باشوکەیەك هەلکەنێنی هێندە بەهێز بێ ئاخو ئەوانەی کە لە خزمەت شێخ دانیشتبوون دەبێ ئەو رەشەبایە چی بەسەر هێنابن؟

س) شێخ عبدالقادر ئەو هەموو هێز و دەسەلاتەی چۆن لە خوای گەورە وەریگرتووە، ئەی بۆ خوای گەورە بە پێغەمبەرانی – وەك پێغەمبەری ئێمەی نەداوە؟ علیهم الصلاه و السلام؟

ئیبن حەجەر لە هەمان کیتاب لە لاپەرە (٢٢١) بۆمان دەگێڕیتەوە صۆفیەك موریدێکی چاکی هەبوو خاوەن ماڵ و منالّ بوو، رۆژێ موریدەکە مرد، ماڵ و منالّەکەی یەکجار بۆی غەمبار و داماو بوون، کاتێ مامە صۆفیەکە کەزانی ماڵ و منالّەکەی زۆر بۆی بە پەرۆشن لەگەلّیان چۆسەر گۆرکەی و موریدەکەی زیندوو کردەوە، هەموویان بەیەکەوە گەڕانەوە ماڵ.!! دوای هەندێ موریدە چەندەها سالّی تر ژیا.

م) له هه‌مان لاپه‌ره (٢٢١) ئیبن حه‌جه‌ر ده‌ڵێ (سهلی التستري) كه صۆفیه‌كی به‌ناوبانگه ده‌ڵێ: مرۆڤ هه‌ر كاتێ به راستی یادی خوای گه‌وره‌ی كرد ده‌توانێ مردوو زیندوو كاته‌وه، كه‌س له پێغه‌مبه‌ر (محمد)علیه الصلاه و السّلام به راستر یادی خوای گه‌وره‌ی نه‌كردووه‌و كه‌چی هه‌رگیز هیچ مردوێكی زیندوو نه‌كردۆته‌وه، چونكه رێگه‌ی هه‌ندێ پێندراوه‌و بۆ هه‌ندێ نه‌ناردراوه‌مردوان زیندوو كاته‌وه. موعجیزه‌ی زیندوو كردنه‌وه‌ی مردو بۆ پێغه‌مبه‌ر عیسى (علیه الصلاة و السّلام) — ته‌نها بۆ ئه‌و بووه‌و بۆ هیچ كه‌س دووباره نابێته‌وه، وه ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر ئه‌گه‌ر شتێكی ئه‌وتۆشییان لێداوا كردی پێیان بلێ ناتوانم ﴿هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا﴾ الاسراء (٩٢) من ته‌نها پێغه‌مبه‌رێكم و چیتر نا،﴿ قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ الكهف (١١٠).

٤)قسه و گفتگۆ كردن له‌گه‌ڵ مردوانی گۆرستان:- صۆفیه‌كان ئیدیعای ئه‌وه ده‌كه‌ن كه ده‌توانن به‌م كاره له عاله‌م به‌ده‌ره هه‌ستن له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌شێكه له كه‌رامه‌تی ئه‌ولیا. ئیبن حه‌جه‌ری هه‌یته‌می له لاپه‌ڕه‌ی (٢٢١)ی هه‌مان سه‌رچاوه ده‌ڵێ: له سێ سه‌رچاوه‌ی باوه‌رپێكراو ده‌ستم كه‌وتووی كه ڕۆژێ له ڕۆژان شێخ عبدالقادری گه‌یلانی به هاوڕێیه‌تی پێنج هه‌زار صۆفی مردو (٥٠٠٠) صۆفی مردو، سه‌ردانی گۆری شێخ (حمّاد الدّباسن) ده‌كه‌ن كه براده‌رێكی خۆشه‌ویستی بووه، ماوه‌ی چه‌ند سعاتێ له‌سه‌ر گۆره‌كه‌ی ده‌مێنێته‌وه، كاتێ پێی ده‌ڵێن بۆ هێنده مایه‌وه؟ له وه‌ڵاما ده‌ڵێ: كاتی خۆی من و شێخ پیاسه‌مان ده‌كرد و به‌سه‌ر فلانه پرد دا تێپه‌رین له به‌غدا، شێخ ده‌بباس ویستی له‌سه‌ر پرده‌كه فرێمداته نێو رووباره‌كه‌وه، به‌ڵام من وه‌ك چیا چه‌قیم و نه‌یتوانی له تۆڵه‌ی هه‌ندێ خوای گه‌وره ده‌ستی راستی په‌ك خست، منیش ئه‌مرۆ كه هاتمه سه‌ردانی گۆره‌كه‌ی قسه‌ی له‌گه‌ڵ كردم وپێی گوتم ئه‌ی عبدالقادر دوعام بۆ بكه خوای گه‌وره ده‌سته‌كه‌م چاك كاته‌وه، منیش عه‌فوم كردوو له‌لای خوای گه‌وره دوعام بۆ كردو ده‌سته‌كه‌ی كه‌وته‌وه كار!!

ئه‌و چیرۆكه بێگومان درۆیه‌كی شاخ داره چونكه به‌پێچه‌وانه‌ی فه‌رموده‌ی خوای گه‌وره‌یه كه به پێغه‌مبه‌ركه‌ی - (علیه الصلاة و السّلام) — ده‌فه‌رموێ: ﴿إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ الْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ إِذَا ما

وَلَّوْا مُدْبِرِينَ﴾ **النمل (٨٠) یا دەفەرموێ:** (وما أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَنْ فِي القُبورِ). **ئەی پێغەمبەر تو بە هیچ جۆر ناڵوێ — ممکن — کە دەنگی خۆت بگەینتە بەرگوێی مردو هەروەك ناتوانی دەنگی خۆت بگەینتە بەر گوێی کەڕێکی زگماك، کەسێکیش خوای گەورە هیدایەت ندا وەك مردوو وایە و لە گوێیان کەڕە لە زمانیش لاڵ.**

**بێگومان لێرەدا لەوانەیە زۆر لە موسڵمانان ئەو پرسیارە یا ئەو دوو پرسیارە بکەن:-**

**١- ئەی پێغەمبەر چۆن توانی روو لە کوژراوەکانی قوڕەیشیە کافرەکان کا لە جەنگی بەدری گەورە — مَعرَكة البدر الكبرى — پێیان بڵی: خوای گەورە ئەو پەیمانەی بە ئێمەی دا کە سەرکەوتن بوو بەسەر سوپای کافرەکان لەو جەنگە — ئەو پەیمانەی گەیاندە سەر، گەورەترین سەرکەوتنمان بەدەست هێنا بە یارمەتی خوا، ئایا ئەو پەیمانەی کە بە ئێوەی دابوو — کە شکان و ئاگری دۆزەخە — ئەو پەیمانەی جێبەجێ کرد؟**

**صەحابەکان — رضی الله عنهم — فەرموویان ئەوانە کوژران چون ئەو قسانەی تۆیان گوێ لێ دەبێ؟ فەرمووی واللە لە ئێوە چاکتر گوێیان لێیە بەڵام ناتوانن وەڵام دەنەوە. چۆن دەبێ ئەو دوو شتە دژ بە یەکە بڕەوێنێتەوە؟**

**یەکەم شت دەڵێن ئەوە موعجەزەیەکی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) بوو جارێکی تر دووبارە نەبۆوە نە بۆ پێغەمبەر و نەبۆ صەحابەیەك، موعجزەیەکی یەکجار دڵخۆشکەر بوو، دووجار صەحابەکان دڵخۆش بوون جارێك بە گەورەیی سەرکەوتنەکە جارێکی دیکەش بەو هەواڵە خۆشەی کە پێغەمبەر پێی دان. دووەم ئەوان کوژراوانەی (بەدر) مردوی گۆرستان نەبوون و جارێ نەشاردرابوونەوەو لاشەکانیان لەو گۆڕە کەوتبوو، سێیەم هەڵبەت دەبێ پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) لەسەر فەرموودەی خوای گەورە ئەو وشانەی ئاراستە کردبن چونکە ئەو هیچشتێکی لەخۆوە نەکردووەو هیچ وشەیەکی بەبێ فەرمانی خوای گەورە نەفەرمووە وەك دەفەرموێ**(وما يَنطِقُ عَنِ

الهَوى. اِنْ هُوَ اِلّا وحّيٌ يُوحى). گەر تۆ دەتوانی بلێی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) بە ئیجتیهادی خۆی ئەو وشانەی ئاراستە کردونە، ئەو کاتە دەڵێم مەگەر نازانن ئیجتیهادی پێغەمبەر هەمیسان بە وەحی بووە؟ واللە اَعلَمُ. بە هەر حاڵ هیچ کەس لە ئاستی پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) نیەو نابێ تا موعجیزەی لەسەر دەستی رووبدا با ئەو کەسە ئیمام ئەبوبەکر – رضی الله عنهما – چ جای صۆفی گەرێکی جادوگەر کە هەموو ژیانی بە پێچەوانەی کیتاب و سوننەیە.

٢- دووەم پرسیار کە لەوانەیە زۆر موسڵمان ئاراستەی بکەن ئەوەیە:- ئەی کە پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) ناتوانێ دەنگی خۆی بگەینتە بەر گوێ مردووان ئەی چۆن کاتێ بە گۆڕستانی دا پێپەڕی فەرمووی: خاوەنی ئەو دوو گۆرە ئیستا ئازار و ئەشکنجە دەدرێن، یەکەمیان لەبەر ئەوەی خۆی لە پریشکە میزەکانی نەپاراستووە، ئەوەی تریشیان لەبەر ئەوەی (نمّام) بووە واتا قسەی خراپی ئەمی بۆ ئەو بردووە هی ئەوی بۆ ئەم بردووە؟ لە ولاما بە ئیزنی خوای گەورە دەڵێم: ئەمە قسە کردن نەبووە لەگەڵ مردوان وەك لە حەدیسەکە ئاشکرایە. وە زۆر نزیکە پێغەمبەر هاوار کردنەکەشیانی گوێ لێ نەبووبێ و جبریل (علیه و السّلام) هەواڵی پێدابی، وە ئەگەر گوێشی لێ بووبێ ئەمەش لەو موعجیزانەیە کە خوای گەورە – جلَّ جلالُهُ - پێی بەخشیوە. وَاللە اَعلَمُ. بۆ ئەوەی شەرعە پیرۆزەکەمان لە هەموو روێکەوە تەواو بێ هەموو موسڵمانان خۆی بە پاك و خاوینی رابگرێ و قسان نەهێنی و نەبا (نمّام) نەبێ واتا: لەو دوو گوناهەش خۆی بە دوور خا. وَاللە اَعلَم.

٥) صۆفیەکان خۆیان لە پێغەمبەران بە گەورەتر دەزانن لەلای خوای گەورە – سبحانە تعالی – بەڵگە لەسەر ئەو راستیە کوشندەو ماڵ وێران کەرە گوتەکەی ئەبو یزیدی بەسطامیە کە ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٩٨) کیتابەکەی بەناوی (فتاوی ابن حجر) بۆمان دەگێڕیتەوەو کە ئەمەش دەققی گوتەکەی ئەبو یەزیدە: ( خُضْنا بَحراً وَقفَ الأَنبیاءُ علی ساحلِهِ). واتا: ئێمەی صۆفی چوینە ناو قولایی دەریایێکەوە کە پێغەمبەران تەنها توانیان لەسەر رۆخەکەی راوەستن – مانای راستی ئەو گوتە سەخیفەی بەسطامی ئەوەیە (خوای گەورە سبحانە و تعالی عمّا یصفون – ئەو عیلم و کەرامەت و

ڕێزو پله و پایەو دەسەڵاتەی بە ئێمەی صۆفی داوە هەرگیز بە پێغەمبەرانی نەداوە). پەنام بە خوا لەو سنور بەزاندنەی خوای گەورە.

ئاشکراو ڕۆنە، چەقی نەگۆڕە بە دەققی قۆرئانی پیرۆز کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة و السّلام) هەڵبژاردەی خوای گەورەن و هیچ بەندەیەکی خوای گەورە لەوان گەورەتر و بەرێز تر و بەرز تر نین، وە هیچ کەس وەك ئەوان لە خوا ترستر و خوا پەرستر نین ونابن، کەچی دەبینین صۆفیەکان بەپێچەوانەی فەرموودەی خوای گەورە باسی خۆیان دەکەن بێ ئەوەی یەك پیت بەڵگەیان بەدەستەوە بێ لە کیتاب و سوننە کە پشتگیریان بکا. کەچی ئیبن حەجەر زۆر بە گەرم و گوری بە دڵێکی فراوانەوە ئەو کوفرەی ئەبو یەزید بەسطامی دەکا بە خوا پەرستی و هەرەشە لەو موسڵمانانە دەکا کە لەو کوفرانە بەرپەرچی صۆفیەکان دەدەنەوە و دەڵێ (إِيَّاكَ اَنْ تعترض عليهم و تُنكِر عَليهم) (نەکەن نەکەن خۆتان لە قەڵای بەرزی صۆفیەکان بدەن). بەم کارە نارەوایەیان جاریکی دیکەش صۆفیەکان خۆیان لە ئەهلی سوننە و جەماعە جیا دەکەنەوەو لەو ئیمان و عەقیدەیەی کە خوای گەورە – جلَّ جلاله – لەسەری فەرز کردوین دوور دەکەونەوە با لە کیتابە بەناوبانگەکەی ( ابو الحامد الغزالی بە ناونیشانی (اِحياءُ علومِ الدّين) کە وابزانم چوار بەرگی گەورەیە ناماقولیەکی غەزالیەکان بۆ دەگێڕمەوە کە غەزالی لە بەرگی چوار لاپەڕە (٣٥٦) بە شانازیەوە باسی دەکا و دەڵێ: (أبا تراب النخشبي) موریدێکی خوا پەرستی هەبوو، مورید هەمیشە بە عیبادەتەوە خەریك بوو، لەبەر ئەوە (أبا تراب) خۆی بەرژەوەندیەکانی ئەو موریدەی بەرێوە برد. ڕۆژێك (أبا تراب) بەو موریدەی گوت: بۆ جارێك لە جاران سەردانی ئەبو یەزیدی بەسطامی ناکەی؟ موریدەکە لە وەڵاما گوتی: چیم داوە لە ئەبو یەزید، من خوام دیوە و دیتنی خوام بەسە!! (أبو تراب) گوتی: یەکجار لێی تورە بووم و پێم گوت: قوڕت بەسەر بە دیتنی خوا غرور دەبی و لە خۆت دەگۆڕێی؟ تۆ بڕۆ یەکجار ئەبو یەزید ببینە حەفتا جار چاکتر لە دیتنی خوا. (اِحياءُ علومِ الدّين الجزءالرابع الصحيفه (٣٥٦) (باب حكايات المحبّين. توخوا پێم بڵێن چ کوفر و دەماغ سزی و بێ عەقڵیەك – لەدوای شیرك – لەو قسانە کوفرتر و بۆگەنتر و سەرسور هێنەرترە؟ سەیری چ لادانێك لایان داوە لە کیتاب و سوننە، سەیری لە ڕێگەی

**صۆفی گەری چۆن خۆیان خستۆتە نێو شەوەزەنگ و چلپاوی بۆگەنی کوفرو شیرك. شایانی باسە (ابو الحامد الغزالی) سەروەری هەموو صۆفیەکانی جیهانی ئیسلامە و لەوانەیە سەدان هەزار یا میلیۆنەها کەس بەو صۆفیە هەڵخەڵەتاوبێ.**

**ئاخۆ دەبێ بیروباوەرو ئیمان و عەقیدەی صۆفیەکی وەك غەزالی و ئەبو یەزید چەندجار گەورەتر بێ – لەلای خوای گەورە – سبحانە و تعالی – لە پێغەمبەری ئێمە کە گەورەترینی پێغەمبەرانە و گەورەترین رۆڵەی ئادەمە لە هەموو روویێکەوە وەك خۆی دەفەرمووێ - (علیه الصلاة و السّلام) – (أَنا سَّيدُ وَلَدِ آدَم و لافخرَ) واتا من گەورەی رۆڵەی ئادەمم لە هەموو روویێکەوە بەبێ شانازی کردن بەخۆوە.**

**برای موسڵمانم دیتنی خوای گەورە کارێکی نەشیاوە و بۆ هیچ کەس نیە خوای گەورە ببینێ با ئەو کەسە پێغەمبەری خوشەویستمان بێ (علیه الصلاة و السّلام) تەنها لە رۆژی دوایی نەبێ خوای گەورە – جلَّ جلالُهُ – خوی نیشانی بەهەشتیان دەدا وەك دەفەرمویێ** ﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ إِلى رَبِّها ناظِرَةٌ﴾ **(القیامە ٢٢،٢٣).**

**٦) ئیبن حجر لە لاپەرە (٢٢٧) دێڕی (١٠) بۆمان دەگێڕتەوە کە رۆژێك کاروانێك تووشیان دەبێ بە توشی چەند رێگرێك، کاروانچیەکان لەبەر بێ دەسەڵاتیان هاوار دەکەنە شێخ عبدالقادری گەیلانی، لە دووری دەیان کیلومەتر یا زیاتر شێخ عبدالقادر هاواری کاروانچیەکانی گوێ لێدەبێ، لەو ساتەدا خەریکی دەستنوێژ هەلگرتن دەبێ، یاشێخ پەلاماری قاپقانەکەی دەدا و لەو مەسافە دوورە راماری جەردەکان دەکاو گەورەی جەردەکان دەکوژێ.!! نازانم بە گوێرەی چ دەقێك لە کیتاب و سوننە ئەو درۆ فیشاڵە بسەلمێنم. شایانی باسە کاروانچیەکان لەکاتی هاوار کردنەکەیان دەڵێن: یا شێخ عبدالقادر بمانگەێی رزگارمان کە شەرت بێ حوشترێکت بۆ نەزر کەین و بۆت بکەین بە قوربانی. ئاشکرایە (نذر) بۆ غەیری خوای گەورە یەکێکە لە شیرکەکان، کەچی نازانم عبدالقادر چۆن ئەو نەزرەی قەبوولْ کردووە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەم کارەی شێخ عبدالقادر لە توانای پێغەمبەراندا**

نەبوو، کەواتە چۆن لە توانای ئەو دا هەبوو، وادیار بە بیروباوەری ئیبن حەجەر و هاوشێوەکانی صۆفیەکان لە پێغەمبەران - (علیه الصلاة و السّلام) — لە لای خوای گەورە گەورەتر بوون، ئەمەش لە گەورەترین بەزاندنی سنورەکانی خوای گەورەیە کە صۆفیە نەزانەکان کاوێژی پێوەدەکەن. لەهەموو ئەو هەنگاوانەی هاویشتوویانە هەنگاو بە هەنگاو لە کیتاب و سوننە دوور کەوتوونەوە.

٧) هەروەها ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٢٣١)ی فەتاواکەی — دێری (٩) — دەڵێ: رۆژێك شێخ عبدالقادر لەنێو کۆمەڵێ صۆفی دانیشتبوو ئامۆژگاری دەدا، لەو کاتەدا فەرمووی: (قاچەکانم لەسەر ملی هەموو ئەولیاکانی خوای گەورە — سبحان — ئیبن حەجەر دەڵێ: دەسبەجێ هەموو ئەولیاکانی خوا لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە باکوور و باشوور وەڵامیان داوەو رەزامەندی خۆیان لەبەرامبەر یا شێخ دەربڕی.

وە یەك لە صۆفیەکان بە ناوی (شێخ عبدالرحیم القناوی) گوتی: (صدق الصادق المصدوق). شایانی باسە — بە وتەی ئیبن حەجەر — شێخ عبدالقادر — سەروەری ئەو دوانزە (قطب)یە کە کاروباری گەردوون دەگێڕن — لەبڕی خوای گەورە — اَعوذ بالله — خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ السجده (٥).

٥)ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٢٣٢) — دێری (١٢) دەڵێ: صۆفی (ابو الغیث بن جمیل) رۆژی کۆمەڵێ لە زانایانی ئیسلام دەبن بە میوانی دوای ئەوەی هەموویان بەلایەوە دادەنیشن شێخ ابو الغیث روویان تێدەکاو دەڵێ (مَرحباً بعَبيدي) بەخێربێن بەندەکانم.

لە هەمان لاپەرە ئیبن حەجەر دەڵێ: (ابو الغیث)یەکی لەو صۆفیانەیە کە خوای گەورە مافی دەستێوەردانی لە گەردونەکەی پێ بەخشیوە بەو بۆنەوە ئیبن حەجەر ئەو دێرە شیعرەی (ابو الغیث)مان بۆ دەنووسێ (وَحَبَّاني الَملكُ الُمهيْمِنُ خَلْعَةً فالآرضُ أرضي والسَّماءُ سَمَائي:

خوای گەورە خۆشی ویستم و ئەو دەسەڵاتەی پێ بەخشیم و ئیستاکەینێ ئەرز ئەرزی خۆمە و ئاسمانیش ئاسمانی خۆمە.

هەروەها ئەبو الغیث گوتی: خوای گەورە ئەو ناوە پیرۆزەی خۆی بۆ پەردە لەسەر لادام کە هەرکەسێ بیزانێ دەبێ بە وەکیلی خوای گەورە – سبحانە و تعالی عما یَصفونَ.

ئاشکرایە رۆنە یەك لە ئوصول و بنەما هەرە گەورەکانی ئیسلام لەناوبردنی بەندایەتی بەندەیە بۆ بەندە، مرۆڤ تەنها و تەنها دەبێ بەندەی خوای گەورە بێ. ﴿وما أُمِروا اِلَّا لِیَعبدوا اللهَ مُخلصینَ لهُ الدّین﴾ الانفکاك. ئایا بە چ حەقێك ئەو صۆفیە گومڕایە ئەو مافە بەخۆی دەدا کە زانایانی ئیسلام بە عەبدی خۆی بزانێ و خۆی لە شوێن خوای گەورە دابنێ؟

٩)هەروەها ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٢٣٢) ئەو رووداوەمان بۆ دەگێڕیتەوە، بۆ ئەوەی دیسانەوە ئیسپاتی کا صۆفی لە پێغەمبەر گەورەترە، دەڵێ: رۆژێك صۆفی (اسماعیل الحضرمي) لە گەشتێك دەگەڕێتەوە شارەکەی، رۆژ لە ئاوابوون دەبێ، بۆ ئەوەی شەوی بەسەردا نێیەت روو لە خۆر دەکاو ئەمری پێدەکا کە لە جێگەی خۆی بچەقێ و ئاوا نەبێ تا دەگاتەوە ماڵ، (خۆر) یەکسەر ئەمرەکەی صۆفی اسماعیل جێبەجێ دەکاو لە جێی خۆی دەچەقێ تا دەگاتەوە ماڵ و ئەوسا ئاوا دەبێ ،جێگەی سەرسوڕمانە کاتێ کە پرسیار لە ئیبن حەجەر دەکەن ئایا راستەرۆژێ لە رۆژان (خۆر) بۆ ئیمامی عەلی – رضی الله عنه – کە چوارەمین خەلیفەی راشیدینە و چوارەمین کەسە لەو دەکەسەی کە مزگێنی بەهەشتیان پێدراوە، لێی دەپرسن ئایا راستە رۆژێ لە رۆژان (خۆر) بۆی راوەستاوە تا ئیمام کاری خۆی لەبەر رۆناکی رۆژ ئەنجام داوە؟ لە وەڵاما دەڵێ نەخێر درۆیە.

ئاشکرایە هەزار صۆفی وەك صۆفی اسماعیل الحضری – پەنجەیەکی ئیمام عەلیان تێ نابێ چونکە بە دەقی کیتاب و سوننە خوای گەورە - جلَّ جلالە – لێی رازیبوە و یەکی بووە لە صەحابە هەرێ گەورەکان.

باوەرکەن برایانی موسڵمان ئەو موعجەزەیەی خۆر راوەستان بۆ هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەران روویندداوە، ئەگەرچی لەنێو تەفسیر هەندێ موفەسیران شتێکی ئەوتۆ هەیە، بەڵام هیچ پشتگیریەکی لە کیتاب و سوننە نیە. ئاشکرایە پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) و صەحابەکانی (کە خیرُ خلق الله)ن نوێژی عەسریان چو لەگەڵ ئەوەشا خوای گەورە (خۆری) بۆ نەگەراندنەوە، بەڵێ نوێژی عەسریان لەبیر کرد لەگەڵ ئەوەشا خوای گەورە نەك (خۆری) بۆ نەگەڕاندنەوە، بەڵکوو بەبیریشی نەهێنانەوە بەر لەوەی بچی. کە چی بەقسەی ئیبن حەجەر ئەو خۆرەی وا زل و زەبەلاح بە ئەمری شێخ اسماعیل لە شوێنی خۆی چەقیوە!!

هەروەها ئیبن حەجەر لە هەمان لاپەرە (٢٣٢) لەبارەی ئەو شێخ اسماعیلەوە دەڵێ:- رۆژێك لەنێو مەجلیسی زانایان گوتی: هەر کەسێ قاچم ماچ کا دەچێتە بەهەشت ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون هەموویان قاچیان ماچ کرد.!! لە کام دەقی کیتاب و سوننە دا هەیە موسڵمانان تەنها بە ماچکردنی قاچی صۆفیەك بچنە بەهەشت، لە کاتێ هەموومان دەزانین کە چ موسڵمانێك مافی بەهەشتی هەیە لەلای خوای گەورە؟

١٠) ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٢٢٢) بۆمان دەگێڕیتەوە و دەڵێ: رۆژێك کابرایەکی (براهمی هیندی) لەگەڵ صۆفیەك دەکەونە بەریەك براهمیەکە بە مام صۆفیەکە دەڵێ: منیش وەك تۆ کەڕامەتدارم و دەتوانم لە هەوا بفڕم، صۆفیەکە پێ دەڵێ فەرموو بفرە، براهمیەکە دەستدەکا بە فرین، مامە صۆفی دەعیەی ناهێنی بۆ خۆی بفڕی و دایبەزێنتەوە، لەبەر ئەوە ئەمر دەکا بە (نەعلەکەی) کە بۆی بفڕی هەموو چروچاوی دابێنی و ئەوسا دایبەزێنی، (نەعل) یەکسەر ئەمری مامە صۆفی ئەنجامدەدا و دەسدەکا بە فرین و هەموو دەم و قەپۆزی کابرای براهمی سوور دەکاتەوەو دایدە بەزێنتە سەر زەوی)!. ئایا پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) و گشت صەحابەکانی - رضی الله عنهم – بەم شێوەیە بانگەوازی خەڵکیان کردووە بۆ رێگەی پاکی ئیسلام؟ شایانی باسە (براهمیەکانی هیندستان) وەسەنین واتا بوت پەرستن یا گاجووت پەرستن و ئەبەدەن خاوەنی کەڕامەت نین مەگەر بەناوبانگبن بە جادوگەری؟ بەتواناترین جادوگەری سەر زەوین.

**١١) ئیبن حەجەر لە لاپەر (٢٣٣)ی فتاواکەی دەڵێ: ابو القاسم القشیری کە یەکێکە لە صۆفیە بەناوبانگەکان دەڵێ (الجنهُ باقیهٌ بیقائه) واتا بەهەشت بەمنەوە بەرقەرارە بەمانی منەوە دەمینێ. بێ گومان بەو ناماقولیە گوناهێکی یەکجار گەورە دەخاتە ئەستۆی خۆی و شوێنگەو توانی.**

**١٢) ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٢١٥) دەڵێ: شێخ محی الدین ابن عربی سێ مانگی تەواو لەسەریەك دەسنوێژ ماوەتەوە!! ئایا عەقلی کێ ئەو درۆ گەورە قەبووڵ دەکا؟ ئەی کوا ئەو پاك و خاوێنیەی کە ئاینی ئیلامی پیرۆز بەسەر موسڵمانانەوە فەرز کردیە؟ و دەفەرمووی:** ﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾ **البقرە (٢٢٢).**

**١٣) بە لارێبردنی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز و لارکردنەوەیان بەلای فەلسەفەی صۆفی گەڕی و گونجاندنی راڤەو ماناکانیان لەگەڵ بیروباوەر و عەقیدەی صۆفی گەڕی – کە هەر هەمووی بەتاڵ و گوناه و تاوانە، لە ئوصول و بنەما هەرێ گەورەکانی صۆفی گەڕیە و بە تەواوی لە ئیمان و عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە جیایان دەکاتەوە، بەم شێوەیە خۆیان دووچاری گەورەترین گوناەو تاوان دەکەن، بەڵگە لەسەر ئەو راستیە:- خوای گەورە دەفەرموێ** ﴿وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا﴾ **مریم (٥٧). خوای گەورە لە ئایەتە پیرۆزە باسی (ادریس)مان بۆ دەکا - (علیه الصلاة و السّلام) – کە خۆشەویستی خوای گەورە بووە خوای گەورە خۆی بەرزی کردۆتەوە ئاسمانی چوارەم و لەوێ مەلەك و الموت گیانی کێشاوە وەك پێغەمبەر (علیه الصلاة و السّلام) دەفەرمووی.**

**کەچی شێخ محی الدین عەرەبی لە کیتابەکەی بەناوی (الفتوحات المکیه) دەڵێ: مەبەس لەو ئایەتە یەعنی (بەرزترین شوێن یاخود (چەق) کە گەردوونەکانی لەسەر دەسوڕێن و روحانیەتی (ادریس) (علیه الصلاة و السّلام)لەویە. (التفسیر و المفسرون) دکتۆر محمد حسین الذهبي الجزء الثانی، رقم الصحیفه (٣٤٠) الطبعه الثانیه سنه ١٣٩٦ ﻫ – ١٩٧٦م. وە لە تەفسیری ئەو ئایەتە (وادخلي في عبادي و اَدْخُلي جَنَّتي). (بیروباوەری حلولیەت و ئیتحاد – پاڵی پیوەناوە کە بەم شێوەیە تەفسیری ئەو ئایەتە بکا. (اَدْخُلي جَنَّتي = اَدْخُلي جَنَّتي آلّتي هيَ سَرْي) وە لە کۆتایدا بڵێ: ( ئەی خوایە تۆ**

بەندەیەکی منی وەك خوا سەیرت دەکەم = فأنت عبدي رأيْتُكَ رباً و اَنتَ رَبٌّ لِمنْ لهُ فيه عبدٌ). اعوذ بالله من هذا الكفر البواح، هەمان سەرچاوە لاپەرە (٣٤٢). کەمی پێشتریش ئیشارەم بەو راستیەدا.

خوای گەورە — سبحانه و تعالى — لەبەرامبەر ئەوان موفەسیرانە و هاوشێوەکانیان دەفەرمووی: اَنَّ الذين يُلحِدونَ في آياتِنا لايَخْفَونَ عَلَيْنا، أَفَمَنْ يُلْقى في النَّارِ خَيرٌ امْ يأتي آمِناً يَومَ القيامةِ، اِعْمَلوا ماشِئْتُم اِنَّهُ بِما تَعملونَ بَصيرٌ). فُصِّلتْ(٤٠) وە دەفەرمووێ: ﴿وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَىٰ فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ الاعراف (١٨٠).

لەبەر ئەو هۆکارە گرنگانەی کە بەکورتی باسم کرد شێخەکانی صۆفی گەڕی نێوان ئەرزو ئاسمان لە کیتاب و سوننە و ئیمان و عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە دوور کەوتوونەوەو ئاینەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دروست کردووە.

وەیەکێ لە سەر پێچیە هەرێ گەورەکانی صۆفی گەڕی کە لە ئاینی ئیسلامیان دوور دەخاتەوە درۆ کردن بە زاری پێغەمبەرە (عليه الصلاة و السّلام) نەك تەنها درۆ کردن بە زاری ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە - (عليه الصلاة و السّلام) — بەڵکوو شانازی کردنە بەو درۆیانەیان ئەوەتا (ابن حجر الهيتمى) لە لاپەڕە (٢١٧) فتاواکەی دێری (١٩) دەڵێ: (صرّحَ كل من البارزى) و السبكى و الغزالى بأنَّ الاجتماع (بالنبى) (عليه الصلاة و السّلام) ممكن و جائز بعد موته و يقول في **هذا** الشأن: (وقد حُكي عن بعض الاولياءِ اَنّه حضَرَ مَجلسَ فقيهٍ فروى ذالك الفقيه حَديثاً فقالَ لهُ الولي هذا الحديث باطلٌ، قال الفقيهُ لِلولي مَن اَينَ لَكَ هذا؟ قال هذا النبيُّ واقفٌ على رأسك يَقول لمْ اَقلُ هذا الحديث). و كشف للفقيه فرأى النبيَّ كذلكَ.

صۆفیەك لە دانشگای گێڕەوەیەکی فەرموودەکانی پێغەمبەر - (عليه الصلاة و السّلام) — ئامادە دەبێ، گێڕەوەیەکی فەرموودەکان — المحَدِّث — حەدیسی دەخوێنێتەوە — صۆفیەکە دەڵێ ئەو حەدیسە درۆیە، دەڵێ چۆنت زانی؟ لە وڵاما دەڵێ: ها پێغەمبەر وا لەبان سەرمەوە وەستاوە و پێی گوتم ئەم

حەدیسە درۆیە).!! ئەوسا کەوایە پیاوی وەك (ئیمامی بوخاری) رەحمەتی خوای لێبی بۆ لە کاتی کۆکردنەوەی حەدیس کە شانزدە ساڵی خایاند و نزیکەی سێ سەد و چل هەزار حەدیسی کۆکردەوە وە لە هەموو حەدیسە لەدوای ئەوەی پاکسازی تێدا کرد تەنها سێ هەزار حەدیسی راستی لێ هەڵبژارد یا شتێ زیاتر، باشە ئەگەر پێغەمبەر دوای مردنی بۆی هەبووە لە نێو گۆرکەی بە زیندویی بێتە دەر بۆچی لەگەڵ ئیمامی بوخاری کۆ نەدەبۆوەو حەدیسەکانی هەنکی سعاتی بۆ پاکسازی و دەسبژێرکا ئەو هەموو عەزیەت و عەزابە نەچێژی بۆماوە شانزە ساڵ؟ مەگەر هەموو صۆفیەکانی گۆی زەوی پەنجەیەکی بوخاری دەهێنن؟.

هەروەها لە لاپەرە (٢٢٢)ی هەمان (فتاوی) ابن حجر هەیتەمی دەڵێ صۆفیەك بۆ پاشایەك بۆ (دڵێ و شترێکی) گۆری بە زێر – ئالتون – دەرەوە تۆ سەیرکا چۆن ئیبن حەجەر ئەو هەموو درۆ گەورانە بۆ صۆفیەکان کردوە بە خواپەرستی و موعجزە. ئەی کەواتە بۆ لە سەردەمی مەغلویەکان ئەو هەمووە صۆفیە بەناوبانگە هەبوو نەیانتوانی سەربازێکی مەغۆل بکەنە رێویەك و هەرێ بڕوا واز لە کاولکردنی بەغدا بهێنی – ئەی بۆ کەس نەیبیست پێغەمبەر -(علیە الصلاة و السّلام) – دوای مردنی جارێ لە جاران بۆماوەی پێنج چرکەسات لەگەڵ (ئەبوبەکری سدیق) کۆبێتەوە کە خۆشەویسترین صەحابەی پێغەمبەر و خوای گەورە، بۆ چارەسەر کردنی گەورەترین کێشە لەمیانی صەحابەکان و دەوڵەتەکەی؟ بۆ دەبێ ئەو صۆفیە جادوگەرانە هێند لە ئەبوبەکر – رضی الله عنە – گەورەتر بن لەلای پێغەمبەر (علیە الصلاة و السّلام)؟

وە لە لاپەرە (٢١٩) دێری (١٦) ئیبن عەرەبی دەڵێ – الشێخ محی الدین ابن عربی – دەڵێ: اِنّه لا یَمتنعُ من رویة النبی (علیة الصلاة و السّلام) بروحة وَجسَدِهِ.

ئاشکرایە لە میانی سەد و بیست هەزار صەحابی یا زیاتر کەس ئیدعای دیتنی پێغەمبەری - (علیە الصلاة و السّلام) – نەکردووە لەدوای مردنی...

**حوكم و ئیرادەی خوای گەورە لەسەر ئەوەیە کە هەر کەسێ مرد جارێکی تر کەس بە زیندویی لەسەر ئەو ئەرزە چاوی پێناکەوێتەوە.** ﴿ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ، ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ﴾ **المومنون.**

**خوای گەورە سبحانە و تعالی فەرمووی: ( بە حەقیقە ئێوە هەمووتان دەمرن، کە مردیشن زیندوو بوونەوەتان بۆ نیە، تا رۆژی دوایی ئەوجا هەمووتان زیندوو دەکرێنەوە). کەواتە زیندوو بوونەوە دوای مردن موستەحیلە تا رۆژی دوایی.**

## (ئایا سۆفیگەری لە چ لایەنێ لەگەڵ ئیسلام یەکدەگرێتەوە)

**لە پێشتر گووتم سۆفیگەری ئاینێکی سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نیە لە هیچ لایەنێك لەگەڵ کیتاب و سوننە یەکناگرێتەوە، تەنها ئەوە نەبێ کە لە پەنا ئیسلام خۆی شاردۆتەوەو من ناچم بەدوای ئەو تیرو توانجانە بگەرێم کە خەڵك ئاراستەیان کردوونە، لە خۆرِا تاوەنباریان بکەم، من لەنێو لاپەڕی ئەو کیتابانەدا کوفر و گوناهەکانم هەڵێنجاوە کە خۆیان دایناوە یا لەنێو لاپەڕی ئەو نووسراوانەی کە نووسەرەکانیان باوەڕ پێکراو و بێ لایەنن و تەنها لەپێناوی راستی نووسینەکانیان بلاوکردۆتەوە.**

**سۆفیگەری لە کام لایەن لەگەڵ ئیسلام یەك دەگرێتەوە؟ لەلایەنی حالگرتن** (أَلتَّواجِدُ) **کە بە زۆر حاڵ بە خۆیان دەگرن و وەك دەعبا دەمرِێنن و کام کوفری ناشیرین و گەورەیە ئەویان بەسەر زاری دادێ کە ناویان لەو کوفرو گوتە ناشیرنانە ناوە** (شَطحات الصوفية)**. سۆفی وەکوو (ئەبو الحامد الغزالی و ئیبن حەجەری هەیتمی پێناسەی ئەو شەتەحاتە دەکەن و دەلێن** (غَلَبَ عَليهم شهودُ الحقِّ) **نالێن ئەوە دوا پلەی (حلولیەت و ئیتحادە) واتا: تێکەڵ بوونی یەکجارەکی لەگەڵ خودی خوای گەورە (سبحانە و تعالی عما تصفون) ئایا خوای گەورە – جلّ جلالە – وە پێغەمبەرەکەی - (علیە الصلاة و السّلام) – ئەو حاڵ گرتنەیان بەسەر موسڵماناندا فەرز کردووە یا کردووە بە عیبادەت یا کردووە بە سوننەت؟ غەزالی – گەورەترینی سۆفیەکانی جیهان – دەڵێ:** (الفناء بالكليه في ذاتِ اللهِ هو آخرُ مَقاماتِ الصُّوفيَّةِ)**.**

(إحياء علوم الدين للغزالی صحيفه (٢٥٨) الجزءالرابع. (تێکەڵ بوون بە خوا دوا پلەی سۆفیگەڕیە). کە ئەمەش لە کوفرە زلەکانە. ئایا لە گۆشەگیری (الخلوه او الاختلاء) لەگەڵ ئیسلام تێکدەکەنەوە؟ ئەو گۆشەگیریەی کە سی ساڵی ڕەبەق غەزالی لە ئاوەدانی دابڕی، دە ساڵ لەنێو منارەکەی دیمەشق و بیست ساڵیش لەنێو (بەیت و المقدس) (البیت المقدس) ئەو گۆشەگیریە ئایا کیتاب و سوننە بەسەر موسڵمانانی فەرزکردووە بە عیبادەت؟ ئاینی ئیسلامی پیرۆز بە ڕەهایی ئەو گۆشەگیریە کوشندەیە ڕەفز دەکاتەوە، چونکە ئیسلام ئاینی کۆمەڵایەتی و تێکەڵ بوونە بە خەڵك، ئاینی ئیسلام هەمووی چالاکی و کردەوەی چاکە کە خوای گەورە – جلّ جلاله – لە دەیان ئایەت ئەمری پێکردووە. گۆشەگیری لەنێو ئەشکەوتان، یا لەنێو شوێنێکی تاریك و تنۆك دژی ئاینی ئیسلامە و موسڵمانان لە هەموو کارێکی چاك و خوا پەرستیەك دادەبڕێ. لە ئاینی ئیسلام تەنها (اعتكاف) هەیە ئەویش نابێ لە چەند ڕۆژێك پتر لە مانگی ڕەمەزان دەوام کا، وە دەبێ لە مزگەوتێ بێ کە نوێژی جومعە و جەماعەتی تێدا بکرێ، ئەوجا قوڕ بەسەر غەزالی و ئەوان سۆفیانەی کە خۆیان بە زیندوی مراندوە بە بیانوی یادی خوای گەورە، هەموو نوێژو جومعەو جەماعەتەکانیان چواندووەو سەریان لەبەر خۆیان ناوە تەنها گوتوویانە (لا اِله اِلّا الله) بە تەمای ئیسك لە ئیمان گەڕاون.

بەڵگەیان لەسەر ئەو گۆشەگیریە. گۆشەگیریەکەی پێغەمبەرە - (علیه الصلاة و السّلام) – کە بەرلەوەی ببێ بە پێغەمبەر (لە ئەشکەوتی (حراء) ساڵانە مانگێك خۆی گۆشەگیر کردووە و بیری کردۆتەوە چۆن ئەو گەلەی خۆی ئیسلاح کا لە بوت پەرستی ڕزگاریان کا. ئەمەش بە ئیجتهادی خۆی بووە و نەك بە وەحی، دوای بوونی بە پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) – یەکسەر وازی هێناوە لەسەر ئەمری خوای گەورە، چونکە خوای گەورە ئەمری پێکرد بە تێکەڵ بوون بە خەڵك و بانگەوازی کردن و پێی فەرموو: (یا أیها المدَّثّر قُمْ فأَنذْر، و ربَّكَ فكَتبرْ، ثیا بَكَ فَطَّهِرْ، و الرُّجزَ فآهجُرْ ...). ئەی محەممەد دەی هەستە چیتر خۆت لەنێو لێفە لول مەدە دەسکە بە بانگەواز و بە دەنگی بەرز خوای خۆت بە گەورە دابنێ و جل و بەرگی خۆت پاککەوەو واز لە بوت پەرستی بهێنە. حاشا پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) – بۆ چرکەیەکیش ڕۆژێ لە ڕۆژان – بەر لەوەی ببێتە پێغەمبەر – بوت

**پەرستی کردبێ – بەڵام کە خوای گەورە ئەو نەهیەی لێ دەکا بۆ ئەوەیە ببێتە بنەماو بنچینەی و بناغەی هەرێ گەورەی بانگەوازیەکەی تا دونیا دەبرێتەوە. هەروەها واز لە هەموو گوناهێك بهێنێ چ بە گوتن بێ چ بە کردەوە.**

**بە چاوی خۆتان دیتان لەسەرتای (وحی) خوای گەورە ئەمری بە پێغەمبەر کرد کە خۆی پاك و خاوێنی رابگرێ و جل و بەرگەکانی بشوا. کەچی دەبینین یەك لە بنەماکانی سۆفیگەڕی پیس و پۆخلی و لەبەر کردنی بەرگی کۆن و دڕا،کە لە زاراوەی سۆفیگەڕی بە عەرەبی پێی دەگوترێ (**لَبْس الخِرقةِ**) بۆچی وا بە خۆیان دەکەن؟ بەو ناوەی کە سۆفی دەبێ لە پەنا پیس و پۆخڵی و پۆشاکی دڕاو و تۆزاوی لوت بەرزی و فیزی خۆیان دەشکێنن. بەپێچەوانەی فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرمووێ:-**

١- (وأَما بِنعمَتِ رَبِّكَ فَحدِّث).

٢- (وآتاكم مِنْ كلِّ ما سأَ لتُحوها و اِنْ تَعدُّوا نِعمةَ اللهِ لاتُحصُوها).

**٣-( و پێغەمبەر - (عليه الصلاة و السّلام) – دەفەرمووێ:** (تَتَطَّفُوا فإِنَّ الإِسْلام نَظيفٌ اِنَّ اللهَ يُبْغِضُ الوَسِخَ آلشَّعِثَ).

**بزانین غەزالی لەبارەی پاك و خاوێنی چی تفاندۆتەوە:** (يجوزُ للصوفي تَمزيقَ الثيابِ الجديدة اَثناْءَ السَّماع اذا قَطَّعَهُ قَطعاً مربعةً تَصلحُ لِترقيع الثِّيابِ و السَّجادات، فإِنَّ (كِرباَس) يُمَزِّق الثَّيابَ حتى يُخاطَ مِنْهُ القميصُ ولاَ يكونُ تَضييعاً لانَّه تَمزيقٌ لِغَرضٍ).**(احياء علوم الدين الجزء الثانى صحيفه (٣٠٤) للغزالى. بەکورتی بەرگی نوێتان بدڕێنن ئەی سۆفیەکان بەتایبەتی لەکاتی حاڵگرتن و گۆرانی سۆفیەکان لە تەکیەکانیان یا لەسەر شەقامەکان وە سۆفی (کرباس) هەمیشە بەرگەکانی خۆی پچر پچر دەکرد.**

**هەروەها غەزالی دەڵێ: ( سۆفی نابێ دوو بەرگی هەبێ کە سۆفی کاتێ بوو بە خاوەن دوو بەرگ مانای لە سۆفیەت دەرچوو) احياء علوم الدين الجزء الرابع صحيفه (٢٣١).**

**ئاشکرایە (درۆ کردن) یەکێکە لە گوناهە گەورەکان کە چی غەزالی دەڵێ:** (إعلمْ أنَّ الكذبَ ليسَ حراماً لِعَيْنهِ بَلْ لِما فيهِ من الضَّرر على المخَاطَبِ أَوْ غَيره) **إحياء علوم الدين الجزء الثالث صحيفه (١٣٧). ئاشکرایە درۆ کردن لە گوناهە گەورەکانە بە دەقی کیتاب و سوننە.**

**ئایا ئەو موسڵمانەی کە بە پێچەوانەی کیتاب و سوننە رەفتار دەکاو ئەمر و نەهی دەکا ناوی چی لێدەنێی؟ ئایا لە نیشانەکانی مونافیق درۆ کردن نیە،** علامة المنافِقِ ثلاثةٌ في رواية خمسة: (إذا تَحدَّث كذَبَ و إذا وَعَدَ اَخْلَفَ و اذ أُؤْتُمِنَ خانَ و اذا عَاهَد غَدَر و إذا خاصَمَ فَجَرَ)

**هەروەها غەزالی دەڵێ: (کارو کەسابەت بۆ پیاوی دیندار شتێکی پیس بۆگەنە وە بۆ زانایان بۆگەنتریشە چونکە کارو کەسابەت زانا بێ بەش دەکا لە بیرکردنەوە** (يقولُ: فالأِهتمام بَالرّزقِ قَبيحٌ بِذَوي الدّينِ، وَ هُوَ بِالعُلماءِ أَقْبَحُ فِإنَّ الكَسبَ يَضعُ عنِ السَّير بالفكرِ الباطِنِ).**احياء علوم الدين الجزء الرابع صحيفه (٢٧٥).**

**هەروەها غەزالی دەڵێ: سواڵکردن حەڵاڵە، سواڵ کەر پێویستە لە سواڵکردنەکەی بە ئەدەب و قسە نەرم بێ.**(الادب في الدين صحيفه ١٢٤) **ئاشکرایە سواڵکردن دوا پلەی نەفس نزمیە بەتایبەتی بۆ ئافرەتان.**

**هەروەها غەزالی موسڵمانانی پیاو چاك دەکا بە دوو چین هەر چینەی — بە هەواو هەوەسی خۆی — پایە و پلەی دیاری دەکا — ئەو دوو چینە تەنها لە ئەندیشە و خەیاڵی بۆگەنی ئەودا هەیە و لە کیتاب و سوننە وجودیان نیە:-**

١- الصف الاول الأَذكياءُ الذين لا يطلبون الجنَّه، بل يَحتقرونَها، و اِنَّما يَطلبْونَ مجالسَةَ رَبَّ العِزَّةِ). **چینی یەکەم زیرەکەکانن کە داوای بەهەشت لە خوا ناکەن!!. تەنها دەیانەوێ خوای گەورە لە دیوەخانەکەی خۆی پێشوازیان لێبکات.** اعوذ بالله **لەم جۆرە گومڕایی و سەر لێشێواویەی سۆفیەکان تێیدا غەرق بوونە**

.

**ئاشکرایە هەر لە پێغەمبەری خۆشەویستمان - (عليه الصلاة و السّلام) — تا دەگاتە کەمترین موەسڵمانان ئامانج و ئاواتی هەرێ گەورەی لێ خۆشبوونی خوای گەورە و چوونە بەهەشت چونکە**

**هیچ پلەو پایەك لەنێو كەونی خوای گەورە لە چوونە بەهەشت گەورەتر و خۆشتر و پێویستر نیە مەگەر تەنها دیدەنی خوای گەورە لە بەهەشت.**

٢- **چینی دووەم (** النصف الثانی: البله الذین یتمتّعون فی الجنة بِالنِّسوان و الطعامِ و الشرابِ کالبَهائمِ.

**توخوا سەیری سۆفیگەڕی كە تا چ رادە و سنورێكی سەخیف و بێ نرخ سۆفیەكانی لەنێو گۆمرایی و كوێرەوەری و سەرلێشێواوی غەرق كردووە، ئەو گوتە بۆگەنەی غەزالی جوولەكە و دیانیش بەخەیاڵیان دانەهاتووە بۆ سوكایەتی كردن بە موسڵمانانی بەهەشت، كەچی غەزالی بە شانزیەوە ئەو بریارە پڕ ستەمە دەردەكا، ئایا دەزانی چی گوتووە: بەهەشت جێگەو شوێنی كەسانی گێل و ویلانە، ئەوان كەسانە كە تەنها كاریان رابواردنە لەگەڵ ئافرەتان، وە كاریان تەنها خواردن و خواردنەوەیە وەك ئاژەلان لەناو بەهەشتەكەی خوای گەوە.**

**با بزانین خوای گەورە بە گوێرەی رەحم و بەزەیی و دادپەروەری خۆی كردونی بە چەندین چین وە چۆن باسی هەر چینێكمان بۆ دەكا بە گوێرەی ئەو پایە و پلەی كە لە ژیانی دونیا بەدەستی هێناوە، ئەو خوایەی — جلّ جلالە — كە هەموو ئاسمانەكان و گشت بوونەوەر و مرۆڤ و گیان لەبەری لە نەبوو دروست كردووە بەبێ ئەوەی بای یەك زەرە كەم و كۆرپەك و هەڵەیەكی تیابی، دەبا بزانین خوای گەورە بەندەكانی لە رۆژی دوایی كردۆتە چەند چین و توێژ بە گوێرەی رێژەی خواپەرستیان و تەقواو كردەوەی چاكیان و یەكتا پەرستیان لە سورەتی الواقعە:-**

١) والسّابقونَ السابقون. **پێشكەوتوان لە یەكتا پەرستی و تەقواو كردەوەی چاك. كە ئەمانەش پێغەمبەرانن. ئایەتی (١٠). ئەمانە بەرزترین پایەو پلەیان هەیە وە پلەی دوای خۆیان وەك ئیمامی ئەبوبەكر و عومەری كوری خەتاب** — رضی اللهُ عنها – .

٢) و أَصحابُ الیمنِ. **ئایەتی (٢٧) . ئەوان موسڵمانە بەهەشتیانەی كە دەفتەری كردەوەیان دراوە بە دەستە راست و پلە و پایەیان لە (السابقون) نزمترە.**

٣) و أَصحاب الشِّمالى. **ئايەتى (٤٨) ئەوانە ئەوان كەسانەن كە گوناهبارن و دەفتەری كردەوەيان دراوە بە دەستە چەپ و دەبێ ئاگری دۆزەخ بچێژن** واللّٰهُ أَعلمُ.

**سەير كەن غەزالی و هاوشێوەكانی تا چ رادەيەكی بێ ئەندازە سنوورەكانيان بەزاندووە و بە پێچەوانەی فەرموودەی خوای گەورە و پێغەمبەرەكەی هەڵسووكەوتيان كردووە و نووسيويانە و چەنەچەنيان كرديە.**

**هەروەها غەزالی دەڵێ:** (فآعلم ان السّماع – سماع أَغاني الصوفيه – أَشَدُّ تهيجاً للوِجدِ مِنَ القرآن من سبعة وْجوه.) **احيا علوم الذين الجزء الثانى صحيفه (٢٩٩). غەزالی دەڵێ: گوێ راگرتن لە گۆرانی سۆفيان گەلێ كاريگەرترە لە گوێ راگرتن لە قورئانی پيرۆز لە حەوت لايەنەوە. بە پێويستی نازانم ئەو لايەنانە نەقل كەم . هەر ئەوەندە دەڵێم هيچ موسڵمانێ هەيە بە خۆی بڵێ موسڵمان و ئەوسا بەم شێوەيە غەزالی سەيری ئەو موعجزە گەورەيەی خوای گەورە بكا كە قورئانی پيرۆزە؟ واللهی ئەگەر سەد هەزار جاريشی خەتم كەی نەك لێی تێر نابێ بەڵكوو جار لە جار زياتر لەسەر خەتم كردنەكە گەرم و بەجۆش دەبێ چونكە هەر جارێك موعجزەيەك يا چەند موعجزەيەكت بۆ بەديار دەكەوێ، يا پەندو دەرسێكی ديكەی لێ وەردەگری بە تايبەت ئەوانەی كە ئيمان و عەقيدەيان تەواوە و عەرەبی زانن و بڕوای تەواويان بە خواو بە قورئانەكەی هەيە و لە چڵەپۆپەی زانين دا نيشتەجێبوون لە سايەی خوای گەورە (سبحانهُ و تعالی).**

**هەروەها غەزالی دەڵێ:** سماع القرآنِ مناسبٌ للخلقِ جَميعهِم اِلا للذاهبِ اِلى اللهِ. اِحياء علوم الدين. الجزء الاول صحيفه ٢٧٢.

**غەزالی دەڵێ: قورئان خوێندن و گوێ راگرتن تەنها بۆ موسڵمانانی سادە و ساكارن بەڵام بۆ ئەو سۆفيەی كە بەرێكەوتوە بچێبۆلای خوای گەورە بێ سوودە)!!.**

ئیمەی موسڵمان بە خوێندن و گوێ ڕاگرتن و کارپێکردن بەو قورئانە پیرۆزە موسڵمانین باشە ئەگەر ئەو کیتابە پیرۆزەمان نەخوێندو گوێمان لێ رانەگرت و کارمان پینەکرد ئەی لەدوای ئەو چ کیتابێ هەڵبژێرین بیکەین بە ڕێبازی ژیانمان و پەیڕەوی پێبکەین؟ کیتابەکانی غەزالی کە پڕن لە کوفرو گومڕایی و شیرك و وڕینە و سەر لێشێواوی و ماڵ وێرانی وەك کیتاب (اِحیا علوم الدین و المنقذ من الضلال)؟ ئەوەتا خوای گەورە لەبارەی قورئان خوێندنەوە دەفەرمووێ: (فآقرأوا ما تُيَسَّرَ مِنهُ ) خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز یا گوێ لێراگرتن بۆ هەموو موسڵمانێکە تا دونیا دەبڕێتەوە بەبێ جیاوازی لە میانی زانا و نەزان. مل کەچی فەرمانەکەی خوا بین یا هی غەزالی؟

غەزالی هاو سۆفیەکانی بۆ بەڕەواکردنی بیروباوەری حلولی و ئیتاحادیان یان چ حەدیسێك هەڵبەستراوە یا زۆر لاوازە پشتیان پێ بەستووە.، ئەوەتا بۆ سەپاندنی بیروباوەڕی نارەوای خۆی لەبارەی بەهەشتیان پشتی بەو حەدیسە لاوازە بەستووە کە دەڵێ (اکثرُ اهل الجنّة البَلهٔ) زۆربەی خەڵکی بەهەشت سادەو ساکارو گێل و وێڵن و لە دونیا شتێکی ئەوتۆیان نەزانیوە. بۆیە دەڵێ تەنها ئەو جۆرە کەسانە بە بەهەشت رازینە، بەڵام سۆفیە زاناکان تەنها مەستیان دانیشتنە لەبەرامبەر خوای گەورە و سەیری روی ئەو دەکەن و لەبەر ئەوە بەچاوی سووك سەیری خۆشی و لەزەتەکانی بەهەشتێ دەکەن (اِحیا علوم الدین  الجز الرابع صحیفە (٣٣٥). تەماشا کەن تا چ رادەیەك بە پێچەوانەی فەرموودەی خواو پێغەمبەر لۆقاوان دەهاوێ لەنێو شەوە زەنگی غروری و لە خۆبایی بوون و فریو خواردن بە تایبەتی بە فیتەکانی شەیتان. خوای گەورە بمان پارێزی، لەبیری چۆتەوە کە خوای گەورە فەرموویەتی: (اِنَّما يَخشى اللهَ مِنْ عِبادهِ الْعلماءُ...). فاطر (٢٨)

ئیستا بفەرموون بزانن خوای گەورە بەهەشتی بۆ کێ داناوە:

١- وَمَن يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُولَئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَى.

٢- تِلكَ الدَارُ الآخرةُ نَجعلَها لَلّذينَ لايُريدونَ عُلوّاً في آلأَرضِ وَلافَساداً والعَاقِبةُ لِلمتَّقينَ.

٣- و مَنْ يعمل مِنَ الصّالحاتِ و هو مؤمنٌ فلا يَخافُ ظُلماً ولاهَضْماً.

٤- والعصر. اِن الانسانَ لفي خُسْرٍ. اِلاّ الَذينَ آمنوا وَ عَملوا الصّالحاتِ.

٥- تِلكَ الجَنَّةُ آلّتي نُورثُ مِنْ عِبادِنا مَنْ كانَ تقيّياً. مَريم ٦٣.

**قورئانی پیرۆز پڕە لەو ئایەتە پیرۆزو دڵخۆشکەرانەی کە باسی ئەو کەسانەمان بۆ دەکا کە موستەحەقی بەهەشتن، شایانی بەهەشتن و بەهەشتیان پیرۆز بێ.**

**هەموو موسڵمانێك موستەحەقی ئەو بەهەشتەیە، شایانی ئەو بەهەشتەیە ئەو بەهەشتەی لێ پیرۆزە کە مادام ئیمان و عەقیدەی ئەو ئیمان و عەقیدەیە بێ کە لەسەرمان فەرز کراوە، وە کەسێکی خاوەن تەقوایە — چ ژن بێ چ پیاو — بەبێ ریاو ریاکاری و دووروویی و خۆ هەڵکێشی خوای گەورەی پەرستووە بە دزی بە ئاشکرا بە پیری و بە لاوی بە ساغی و بە نەخۆشی بە هەژاری و بە دەوڵەمەندی ... هتد. جا ئەو کەسە زانا بێ یا نەزان، کورد بێ یا عەرەب یا لەهەر تیرەو رەگەزێکی تر راستە موسڵمانی زانا پلەو پایەی لە نەزان بەرزترە لە بەهەشت کە مادام هەموو هەلومەرجەکانی موسڵمانەتی لێ بێتە دی، بەڵام هەرگیز ئەو موسڵمانە بۆینیە لە رۆژی دوایی لە بەرامبەر خوای گەورە دانیشێ و ئامادەی مەجلیسی خوای گەورە بێ چونکە خوای گەورە مەجلیسی بۆ خۆی دانەناوە با ئەو کەسە پێغەمبەری خۆشەویستمان بێ - (علیه الصلاة و السّلام).**

**١- بۆینیە چ جای ئەوەی سۆفیەکی هەڵخەڵەتاوی وەك — غەزالی، ئیبن عەرەبی و شازلی، سەهروەردی، بەستامی ... هتد هەڵخەڵەتاو بە فیتی شەیتان و دابڕاو لە کیتاب و سوننە و شوێنکەوتنی پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام).**

**سەیرکەن غروری و هەڵخەڵەتاوی بە فیتیی شەیتان و بە فیکەی شەیتان چی بەسەر (**مُمْشادی الدینوری**) هێناوە — کە غەزالی لە کیتابەکەی (اِحیام علوم الدین) لاپەرە ٤٨٢ بەشی چوارەم بە شانازیەوە باسی دەکاو دەڵێ: (**مُمْشاد**) دەیگوت:** (منذُ ثلاثینَ سَنَةِ تُعَرضُ عَلَیَّ الجَنَّةُ بِما فیها، فَما أعَرْتُها طَرفِي)**.**

**سی ساڵی ڕەبەق بەهەشتیان بۆ ڕاهی کردم و پێیان بەخشیم بەڵام هەر بێزیشم نەهات بە تیی چاوم سەیری بکەم)!! پەنام بە خوای گەورە لەو هەموو شەتەحاتەی سۆفیان. ئایا لە مێژووی ئەرزو مرۆڤ کەسێ هەبووە – هەر لە ڕۆژگاری ئادەمەوە - (علیه الصلاة و السّلام) – تاکو ئەمرۆ بە بچوکترین نیعمەتی خوای گەورە خۆشی داینەگرتبێ و دڵی پێ نەکرابێتەوە؟ ئەی ئەو کەسە گەر موسڵمانێکی ئیمان یەقین بێ و ناوو باسی بەهەشتی لە خوای گەورەوە بیستبێ دەبێ چی بۆ ئەو بەهەشتەبکا لە ژیانی دونیا تا لەرۆژی دوایی خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی پێی ببەخشێ و پێی شادبێ؟ باسی ئەو بەهەشتە پیرۆزەمان لە چەند سورەتی قورئانی پیرۆز بۆکراوە وەك سورەتی الواقعە، الانسان، محمد یاخود سورەتی قتال، وە پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) – بەم شێوە جوان و سەر سوڕهێنەرە باسی دەکاو دەفەرمووێ:** (فیها ما لاعَینُ رَأَتْ ولا أُذنٌ سَمِعَتْ). **ئەوەی لەو بەهەشتە دایە چاوێ دیوەتی و نەهیچ گوێێ گوێی لێبوە!!). خوای گەورە دەفەرمووێ:** (وَ سارِعوا الی مَغْفِرَةٍ مِنْ رِبّکم وَجَنَّةٍ عَرْضُها السَّمواتُ و الأَرض أُعِدَّتْ لَلمتّقینَ). **آل عمران (١٣٢)**

**وە فەرمووی:** (وسابقوا الی جَنّةٍ عَرضها کَعَرْضِ السَّماءِ و الأَرضِ أُعِدَّت لِلّذین آمنوا بِاللهِ و رُسلُهِ، ذلك فَضلُ اللهِ یُؤتیهِ مَنْ یَشاءُ، و اللهُ ذُو الفَضل العَظِمُ). **الحدید**

**دەی خێراکەن و پێشبڕکی بکەن بۆ وەدەستهێنانی ئەو بەهەشتە کە پانیەکەی وەك پانی ئەرز و ئاسمانەکانە، بە چ؟ پەلە بکەن و پێشبڕکێ بکەن؟ بە یەکتاپەرستی و تەقواو کردەوە چاکەکانتان کە بێ گەرد بۆ خواتان کردووە. ئەو بەهەشتە ئامادە کراوە بۆ ئیماندارانی ئیمان یەقین لەوانەی کە بڕوای تەواویان بە خوای گەورەو هەموو پێغەمبەران هەیە. ئەو بەهەشتە گەورەترین و پوختەترین نیعمەتی خوای گەورەیە بۆ هەرکەسێك خوای گەورە خۆی بیەوێ پێی ببەخشی. دیارە سۆفیەکان نایانەوێ خوای گەورە – جلّ جلالە – پێیان ببەخشێ بە گوێرەی هەموو گۆتە گوت و چەنەبازی خۆیان کە هەندێکم بۆ باس کردن، بەڵام زۆری لێماوە بۆتان بنووسم.**

## (الخوفُ و الرجاء) **عند الصوفیه.**

## (ترسان و تکاو پارانەوە لە خوای گەورە لەلای سۆفیەکان:- )

**بزانین خوای گەورە خودی خۆی لە قورئان پیرۆزەکەی خۆی لەبەرامبەر (خوف و رجاء ) چی فەرمووە:** (يَرجونَ رَبَّهم خَوْفاً وَ طَمَعاً وِ ممّا رَزَقْناهُم يُنفِقونَ).

٢- أَمَّنْ هُوَ قانِتٌ آناءَ الليل سَاجداً وَ قائِماً يَحذرُ الآخرةَ وَ يرجو رَحمةَ ربِّهِ، قُلْ هَلْ يَستوي الّذينَ يَعلمونَ و الّذينَ لايَعلَمُونَ اِنَّما يَتذكَّرُ أُولوا الألباب) الزمر (٩)

**١. لە هەر دوو ئایەتەکە خوای گەورە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە موسڵمان دەبێ لە بەینی ( خۆف و رجاء ) ترس و لێخۆشبوون بن واتا: دەبێ چەند بترسێ لە خوای گەورە هەندەش بڕوات وابێ و هیواو ئاواتت بێ کە خوای گەورە لێت خۆش دەبێ چونکە رەحمەتیبێ سنور فراوانە** ﴿وَاكْتُبْ لَنَا فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ قَالَ عَذَابِي أُصِيبُ بِهِ مَنْ أَشَاء وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ﴾ **الاعراف (١٥٦). بە کورتی: موسڵمان دەبێ لەمیانی (خوف و رجاء ) بێ نابێ هیچ کامیان باڵاتر بێ بەسەر ئەویتریان ئەوەیە حوکمی خوای گەورە و ئەمری خوای گەورە کە چی کاکی سۆفی راست دەبێتەوەو دەڵێ نەخێر:- خوای گەورە بەندانێکی هەنە کە ترسیان لە دۆزەخ نیە، وە هەمیشە بە ترسی دۆزەخەوە خۆیان خەریك ناکەن و وە هەروەها بۆ وەدەست هێنانی بەهەشتیش خۆیان ماندوو ناکەن ئەوان تەنها خۆشەویستی خوای گەورەیان بەسە. ئەوە گوتەی (سلیمان الدارانی)یە کە غەزالی بە شانازیەوە لە کیتابەکەی (احیا علوم الدین لاپەرە (٣١٠) بەرگی چوار بڵاوی کردۆتەوە.**

**غەزالی بە لەخۆبایی بوونێکی یەکجار بێ ئەندازە دەڵێ:** (فَلَوْ أُلْقِيَ فِي النّار لَمْ يَحِسْ بها لِآستِغراقِهِ). **(هەمان لاپەرە و بەرگ). واتا: سۆفیە مەقام بەرزەکان – کە خۆی بە یەکێ لەوان دادەنێ لەبەر ئەوەی سی ساڵی رەبەق خۆی (استغراق) کردووە لە خۆشەویستی خوای گەورە خۆی بە تەنها بەند کردیە. ئەگەر خوای گەورە فرێشیان داتە نێو دۆزەخەوە هەست بەئیش و ئازاری ئاگری دۆزەخ ناکەن**

چونکە ئەو بەرگە ئەستوورەی دژ بەو ئاگرە لەبریان کردووە دەیان پارێزی لەبەر ئەوەی ئەو بەرگە گەلی لەوە ئەستور ترە ئاگری بگاتە سەر لەشی، ئەو بەرگە چیە؟ ئەم بەرگە خۆشەویستی سۆفیانەبۆ خوای گەورە لە بەرامبەر خوای گەورە. بە کورتی و بە کوردی بەقسەی خۆیان خۆشەویستیان بۆ خوای گەورە هەموو بەرنامەی پیرۆزی ئیسلام و فەرموودەی پێغەمبەر و - (علیه الصلاة و السّلام) — و مل کەچ بوون بۆ فەرمان و نەهیەکانی خوای گەورەو شوێنکەوتنی پێغەمبەری - (علیه الصلاة و السّلام) — لەبیر بردۆتەوە. بەڵام چاك بزانن واقیع و هەڵسوکەوتی سۆفیان و رابردووی زێدە رەش و پڕ لە مەکرو حیلەو فرت و فێڵیان ئەم درۆ شاخدارانەیان لێ سپی دەکاتەوە. لە دواتر ان شا الله بۆتان مەعلوم دەبێ بە ئیزنی خوای گەورە. زۆربەی سۆفیەکان بەناوی خۆشەویستی بۆ خوا وازیان لە نوێژو رۆژو حەج و زەکات هێناوە و دەڵێن ئێمە: ئیمانی ئێمە بە خوای گەورە ئیمانێکی یەقینیە ئیتر هیچ جۆرە پێویستیەکمان بەو عیبادەتانەی — کە کۆلەگەی ئیسلامن — نەماوە ئەوەینە خوای گەروە لە سورەتی (الحجر) ئاخیر ئایەت فەرموویەتی ﴿و آعبدْ ربَّكَ حتّى يأتيَكَ اليقين﴾!!

واتا: بە گوێرەی تەفسیری سۆفیانە — خوای خۆت بپرستە تا ئیمانت بەخوا دەگاتە ئیمانێکی یەقینی. بەڵام دەبێ چاك بزانین کە وشەی (الیقین) لەنێو ئایەتە پیرۆزەکە بە مانای (مردن) دێت واتا: خوای خۆت بپەرستە تا ئەو چرکەیەی کە تیایدا دەمری.

لە یەکێ لە گەورەترین جیهانی سۆفیگەری ئەوەیە تەنها چاویان سۆفیگەریە ئیشك و یربنگەکەی خۆیان بینیوە و گەورەترین کارەساتی موسڵمانان هەستی نەجولاندوون، بەڵگە لەسەر ئەو راستیە ( ئەبو الحامدی غەزالی نیسابوری) کە لە سۆنگەی جەنگەکانی خاچ پەرستان دا ژیاوە — الحرب الصلیبیە. لەگەڵ ئەوەشا هەموو کیتابەکانی بخوێننەوە بە یەك تاکە وشە باسی ئەو جەنگە خویناوی درێژخایەنەی نەکردووە کە گەورەترین کارەساتی بەسەر موسڵمانان هێنا لە رۆژگاری خۆی. کەی موسڵمانەتی وادەبێ؟ ئەوەش بەڵگەیەکی تر لەسەر خۆپەرستی و خود پەرستی (الأنانیە)، باشتر نەبو بۆ غەزالی و ئەو سەدان سۆفیانەی رۆژگاری غەزالی کە سەربازی دڵسۆزی (صلاح الدین ایوبی) یان و

**جیهادیان کردبا لە دژی سەدان هەزار سەربازی خاچ پەرست کە لە  دووری هەزاران میل هێرشیان هێنابوە سەر جیهانی ئیسلام تەنها لەشاری (قودس) حەفتا هەزار موسڵمانیان سەربڕی؟**

## سۆفیگەڕی بەلای سۆفیانەوە چاکترین زانیارییە (عِلم):-

**ئیبن حەجەری هەیتەمی لە لاپەرە (٢٤٤)ی فەتاوەکەی دێڕی (٢٧) دەڵێ:** (كانَ في الحقيقة هذا العِلمُ – أَي علمُ التَّصوفِ – أَشرفَ العلوم – **واتا چاکترین عیلم عیلمی سۆفیگەریە. واتا: ئەو ئاینەی ئەوان دروستیان کردووە کە نێوان ئەرزو ئاسمانەکان لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز دور کەوتوتەوە. بەم چەشنە دیسانەوە راستی خۆیان بۆ هەموو موسڵمانان بە دیارخست کە خۆ داشکاندنە بەسەر (فضل) پەیامە پیرۆزەکەی ئیسلام هەر بۆیە کە بڕوایان وایە کە لە هەموو بوارەکان پێش پێغەمبەران کەوتوونەوە – وەك لە پێشتر بۆم باس کردن.**

**بەوپەڕی بێباکی و لەخۆ بایبوونەوە دەڵێن:-** (اَنتُم اَخذْتُم عِلمَكُم من ميِّتٍ الى ميِّت نحن اَخذنا عِلمنا مِنَ الحيّ الذي لايموتُ): **(واتا ئیمە زۆر لە ئێوەی پێغەمبەران لە لا خوای گەورە و لە پێشترین چونکە ئێوە عیلمی خۆتان لە مردوەو بۆ مردو وەرگرتوە، بەڵام ئێمەی سۆفی عیلمی خۆمان یەکسەر لە خوای گەوەرە وەرگرتوە)!!.**

**هەر لەبەر ئەو بیروباوەڕە هەڵەوپڕ لە چەواشە کاری و بەزاندنی سنورەکانی کیتاب و سونە ئەو مافەیان بە خۆیان داوە کە بڵێن (الصوفيون هم خَيرُ خَلقِ اللهِ).**

**واتا: سۆفی چاکترین موسڵمانانی سەر زەوین، کە بێگومان وانیە و هەرگیز وانیە .**

**وادیارە سۆفیەکان رۆژێ لە رۆژان ئەو ئایەتە پیرۆزەیان نەخوێندۆتەوە، یا هەر پشتگویان خستووە – وەك بەشێك لە سیفەت و سروشتیان – کە دەفەرمووێ:** ﴿و اتّبِعوا اَحْسَنَ ما أُنزِلَ اليَكُم مِنْ رَبِّكُم مِنْ قَبلِ اَنْ يَأْتيَكَم العذابُ ثُمَّ لاتُنصرونَ﴾ **الزمر (١٨) واتا شوینکەوتووی ئەو قورئانە پیرۆزە بکەون**

**كە چاكترین فەرموودەی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤ. بەر لەوەی لەناكاو دوچاری ئێش و ئازار و ئەشكنجەی خوای گەورە بینەوەو كەس بەهاناتان نایە.**

**هەروەها ئەو ئایەتە پیرۆزەیان نەخوێندوتەوە – لەبارەی سەحابەكانی پێغەمبەر، كە تەنها و تەنها ئەوانن چاكترین و لە پێشترین و پیرۆزترین و خۆشەویسترین بەندەكانی خوای گەورەن، كە دەفەرمووێ:** ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ أَعْظَمُ دَرَجَةً عِندَ اللَّهِ وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ **التوبە (٢١).**

**بەڵێ سۆفیەكان و یارەكانیان ئەو ئایەت پیرۆزەیان نەخوێندۆتەوە كە تیایدا فەرمویەتی: سەحابە كۆچكەرەكان و یاریدەدەرەكانیان – المهاجرون و الانصار – بژاردەترین و خۆشەویسترینی بەندەی خوای گەورەن لەدوای پێغەمبەران - (علیه الصلاة و السّلام) – كەچی سۆفیەكان خۆیان لەوان بە پێشتر دەگرن بەبێ هیچ هۆكارێكی شەرعی.**

**گوناه و تاوانەكەیان كەمێ سوكتر دەبوو ئەگەر بیانگوتبا – هذا العلم (من) أشرَفِ العلومِ.واتا: حەرفی (مِنَ) یان بۆ زیاد كردابا، تا ماناكەی بەم شێوەیە هاتباوە: (عیلمی سۆفیگەری لە عیلمە شەریفەكانە.**

**یاخود لە باسكردنەكەی خۆیان بیانگوتبا:** (الصّوفیون مِنْ خَیرِ خَلْقِ اللهِ) **واتا: سۆفیەكان لە چاكترین خەلقی خوای گەورەن – سبحانە و تعالی.**

**بەڵام وایان نەگوت و توندرەویان كرد، هەروەك لە هەموو هەڵسوكەوت و نووسینێكیان توندرەویان كردووە تا رادەی دەرچوون لە ئاینە پیرۆزەكەی خوای گەورە كە تا ئەوپەڕی دژی توندرەویە. ئەو گوتەی ئیبن حەجەر لە لاپەرە (٢١٨)ی فتاواكەی هاتووە** (الصّوفیةُ خیر خَلقِ اللهِ، اِنَّهم یَرَوْنَ الملائكةَ و اَرواحَ الأَنبیاءِ).

**دەبێ هەموو مرۆڤێکی موسڵمان — ژن یا پیاو، کوڕ یا کچ — چاك بزانێ کە فەرموودەی خوای گەورە ڕاسترین و پیرۆزترین فەرموودەیە لەنێو هەموو گەردوون و ئەرزو ئاسمانەکانی خوای گەورە واتا- حق مطلق و لیس و ڕاءَهِ حق — وەك دەفەرمووێ** (و مَنْ اَصْدَقُ مِنَ اللهِ حَديثاً النساء)**(النساء)** (و قُلِ الحق مِنْ رَبِّكم فَمنْ شاءَ فلْيِؤمنْ و مَنْ شَاءَ فَلْيَكْفرْ ...) **الكهف.**

**چۆن دەبێ کەسێ یا کۆمەڵێ عیلمی خۆیان لە عیلمی خوای گەورە بە پشتەوەترو بەرزتر بزانن، ئەو خوایەی کە داهێنەرو دروسکاری ئەرزو ئاسمانەکان و هەموو بوونەوەرێکە لەوەی بەرچاوە یا بزرە، یا بە چاو دەبینرێ یا نادیترێ، هەر هەمووی لەنەبوو دروست کردووە، واتا، سەروەختێ هەبووە کە خوای گەورە هەر بۆ خۆی هەبووە، تەنانەت زەڕەیەکیش هایدرۆجین نەبووە کە بچوکترین توخمە لە نێو ئەو نەوت و دوو توخمەی کە خوای گەورە زەوی لێدروست کردیە؟**

**تێبینی: ئەو وشەیە (سەروەختێ) بە ناچاری لەو موناسەبە بە کارم هێناوە، ئەگەر نا (سەروەخت) ناژێ — واتا: کات (زمن) لەلای خوای گەورە نیە، بەڵکوو (کاتیش) وەك هەموو مەخلوقێك خوای گەورە خەلقی کردووە خوای گەورە هەرگیز لەناو (کات) نیە و بەڵکوو (کات)یش وەك هەموو مەخلوقەکان لەنێو بازنەی دەسەڵاتی خوای گەورە دایە وەك دەفەرمووێ:** ﴿إنَّه بِكُلِّ شئُ محيط﴾ **فصلت (٦٠) شایانی باسە بازنەی دەسەڵاتی خوای گەورە بێدواییە و تیرەی نیە. کات بەستراوەتەوە بە (شوێن = مکان) بە ڕێژەی سەدا سەد، واتاکە شوێن نەما یەکسەر کاتیش نامێنێ (والله اعلم) .**

**بۆ نمونە:-**

**هەر کاتێ زەوی و مانگ لە جێگەی خۆیان ڕاوەستان و لە سوڕانەوە کەوتن، ئەمە یەکسەر شەوو ڕۆژو ساڵ نامێنن. والله اعلم. چونکە شەو و ڕۆژ لەئەنجامی سوڕانەوەی زەوی دروست بووە بە دەورە خۆی، وە ساڵیش لەئەنجامی ئەو سوڕانەوە دروست بووە کە (زەوی) بە دەوری (خۆر) دەسوڕێتەوە،**

**ئەو سوڕانەوە ساڵی لێ دروست دەبێ کە (سێ سەدو شەست و پێنج ڕۆژ و چوار سعاتە). کە هەر هەموویان لە دروستکردنی خوای گەورە – سبحانه و تعالی – لە نەبوونەوە دروستی کردوون.**

## (ئەرکی موسڵمان دوای ئیمان)

**دوای ئەوەی ئیمانمان بە خوای خۆمان هێنا، پەیمانی یەکتا پەرستیمان لەگەڵ بەست و بڕوامان بە هەموو کۆڵەگەکانی دیکەی ئیمان هێنا، واتا بڕواهێنان بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکانی و بە کیتابەکانی و بە پێغەمبەرەکانی و بە (قَدر) بەخێر و بەشەڕیەوە. ئەوسا قۆناغی دووەم دەبێ دەست پێکەین کە ئەمیش کردەوە چاکەکانەو ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە و ئارامگرتن لەسەر هەموو ناخۆشیەکانی ژیان و بەردەوام بوون بەراستی و بەپێ پسانەوەو بەبێ خوارو خێچی و بەبێ پێچ و پەنا – واتا – استقامە لەسەر ئاینەکەمان کە بریتیە لە کیتاب و سوننە.** (اِنَّ الذین قالوا ربَّنا اللهُ ثمَّ آستقاموا...).

**وەك هەموومان دەبینین لە هەموو ئەو ئایەتانەی کە خوای گەورە فەرمانما بە ئیمان هێنان پێدەکا یەکسەر لەدوای ئەو فەرمانمان بە کردەوە چاکەکان پێ دەکا کە بێگومان کردەوەی چاك کوتای نایەت.** (والعصر. اِنَّ الانسانَ لفی خُسْرٍ اِلاّ الذین آمنوا و عَمِلوا الصّالحات و تَواصَوا بالحقِّ و تَواصَوا بالصَّبرِ).

**ئەوسا دەست دەکەین بە ئەنجامدانی ئەو تایبەتمەندیانەی کە هی هەریەکەمان لەگەڵ ئەویتر جیایە و خوای گەورە بەرەحمی خۆی پێبەخشیون ئەمەش شتێکی ئاسایە لە ژیانی مرۆڤ ئەوەتی خوای گەورە خەڵقی کردووە، واتا هەریەکە بەهرەمەندی خۆی لەکاری حەڵاڵ بەکار بهێنێ، با یەك مامۆستا بێ ئەویتر پزیشك و ئەویتر ئەندازیار و ئەویتر بازرگان و ... تا دوایی. نابێ بە هیچ جۆرێ بەرەوکارێ بڕوا کە خوای گەورە بۆی دانەناوەو ڕێگەی پێنەداوە وەك سۆفیگەری و حاڵ گرتن و زەرگ لە خۆدان و دزی و جەردەی و قومارو ئارەق خواردن و ریبا خواردن ... تا دوایی هەموو کارو کردەوە شەیتانیەکان.**

**باکێ دەتوانی لەنێو موسڵمانان بۆمبای هایدرۆجینی و ئەتۆمی دروستکا لە پێناو پاراستنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز گەل و نیشتیمانەکەی و شەرەف و ناموسی گەلەکەی با دروستیکا چونکە ئەو کارە بەو مەبەسانە پیرۆزە و دەکەوێتە نێو بازنەی ئەو کردەوە چاکانەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووین و با لە ئەنجامدانی هیچ کارێکی چاك سڵی نەکا و نەپونگێتەوە کە مادام خزمەتی دین و دونیای تێدابێ و حلاڵ بێ.**

**شایانی وەبیر هێنانەوەیە لە کردەوە هەرێ پێویست و چاکەکان بانگەوازی و ئاموژگاری موسڵمانانە بۆ هەر موسڵمانی کە خوای گەورە لەو گۆڕەپانە فراوانە بەهەرمەندی کردووە و رەوانبێژی کردووەو زانین و شارەزایی پێبەخشیوە، بانگەوازو ئاموژگاریەك کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ئەو بانگەوازی و ئامۆژگاریەی کە پێغەمبەرمان پەیرەوی کردووە و رێووشوێنی بۆ داناوە و لە قورئانی پیرۆز وەرگرتووە:** ( أُدْعُ إِلى سَبيلِ ربِّكَ بِالحِكْمَةِ والمَوْعِظَةِ الحَسَنَةِ و جادِلْهُم بالّتي هيَ اَحْسَنُ) **النحل**

**بانگەوازی ئاموژگاری‌یەکەم شت دەبێ لەپێناو یەکتاپەرستی بێ (التوحید) چونکە وەك لە پێشتر گوتم هۆکاری هەرێ گەورە لە دابەزینی پەیامەکان و ناردنی پێغەمبەران یەکتاپەرستیە و رزگار کردنی مرۆڤە لە بەندایەتی بەندەو، لە بوت و سەنەم و خۆر پەرستی و گا پەرستی بۆ بەندایەتی خوای گەورە. لەدوای جێگیر کردنی یەکتا پەرستی لەنێو دڵ و دەرونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤ. ئەوسا رزگار کردنی خەڵك لە هەموو جەهل و نەفامی و نەزانی و رزگار کردنیەتی لەنێو دەریای قوڕبەسەری و تاریکی دواکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیان لەسەر ئەو بنەمایەی کە خوای گەورە بۆی دیاری کردوین** ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ **یوسف (١٠٦).**

**هەروەها یەك لە شاکارە گەورەکانمان یادی خوای گەورە – ذکر الله – و پاڕانەوە بە دڵ و بە گیان و بەردەوام لە خوای گەورە بێ. ئەمە لەدوای جێبەجێکردنی نوێژە فەرزەکان، کە بە هیچ**

**شێوەیەك نابێ بچوێندرێن هەتا دوا هەناسە. مەگەر مرۆڤ شێت بێ و عەقلی لەلای خۆی نەمێنێ یا منالێك بێ کە تەمەنی لە حەوت ساڵ کەمتر بێ، یا جارێك لە جاران نوێژیکی لەبیر کرد.**

**لەدوای ئەو حالەتانە هیچ حالەتێکی تر نیە کە موسڵمانان لە نوێژەکانی داببڕێ با لەنێو کۆت و زنجیر دابێ یا لەسەر گازەرێی پشتی لێی کەوتبێ و جولەی لێبڕابێ بەڵام عەقلی لەلای خۆی بێ و عەقلی لە دەستە نەدابێ. شایانی باسە قورئان خوێندن لەهەموو یادێکی خوای گەورە گەورەتر لەدوای نوێژە فەرزەکان و سونەکان بە دەقی ئایەت و حەدیس.**

**ئەوسا پاڕانەوە لەبەر خودی خوای گەورە، بەبێ هیچ واسیتەیەك لەمیانی ئێمە و خوای گەورە، نەکەن وەك بوت پەرستەکان بوت و سەنەمەکان بکەنە واسیتە یا وەك سۆفی پەرستەکان شێخ و سۆفیەکان و گۆڕەکانیان بکەنە واسیتە لەمیانی خۆتان و خوای گەورە چونکە خوای گەورە فەرموویەتی:** ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ **غافر (٦٠)** ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾ **البقرە.**

**شایانی باسە چاکترین دوعا و پاڕانەوەی موسڵمانان ئەو دوعا پاڕانەوەیە کە موسڵمان بۆ خۆی بۆ خۆی دەکا وەك پێغەمبەر - (علیە الصلاة و السّلام) – دەفەرمووێ (**أفضلُ دُعاءِ المرءِ دعاءُهُ لِنَفْسِهِ**).**

**لەبەرچی؟ چونکە هیچ کەسێك وەك خۆت تۆی خۆشناوی تا وەك خۆت بە دڵ دوعات بۆ بکا. جگە لەوەی کە دوعاو پاڕانەوە گەورەترین نیشانەیە لەسەر خۆ بە زەلیل زانین و بەندرەوی بۆ خوای گەورە – سبحانە و تعالی.**

**پاڕانەوە لە گۆڕی – با ئەو گۆڕە گۆڕی پێغەمبەر بێ – شیرکی گەورەیە یاخود پاڕانەوە لەبەر شێخە جادوگەرەکان و قەبوڵ کردنی نوشتە و کشتەکیان، ئەمەش شیرکی گەورەیە زۆر نەزان دەڵێن ئەوەندە کەسە چونە لای فلانە شێخ هەر هەموویان لە نەخۆشیەکانیان چاك بوونەوە!. برای بەرێز**

والله ئەگەر یەك میلیۆن نەخۆش . بە مەبەسی شیفا پەنایان بردە بەر (قەشەیەك) یا (هاخامەکی جوولەکە) والله ئەگەر خوای گەورە ئەجەلی نەهێنابن ئەوە ئەو میلیۆن نەخۆشە هەر هەموویان چاك دەبنەوە، نەك لەبەر ئەوەی دوعای قشەکەی یا هاخامەکەی قەبووڵ کردووە، بەڵکوو تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەجەلیان نەهاتووەو بەشیان لە ژیاندا ماوە، والله دوعای ئەوانە بای یەك زەڕە کاریگەری نەبووە نە لەلای خوای گەورە – سبحانە تعالی – وە نە لەسەر شیفای ئەو نەخۆشانە، تەنها خوای گەورە خۆی ویستی لەسەر ئەوە بووە شیفایان بۆ بنێرێ. هەروەها پارانەوە لەبەر گۆڕی مردو شیرکە و لەگەڵ بوت پەرستی جیاوازی نیە . برای موسڵمانم: مردو ئەبەدەن بۆ زیندوان هیچی پێناکرێ و ئەوان کاریان بە ئیمەیە سوننەتە داوای لە خوای گەورە بکەین لیان خۆش بێ. ئەوان لە جیهانێکن هیچ ئاگاو خەبەریان بە حاڵی ئێمە نیە، ئێمەش بەهەمان شێوە.

برای موسڵمانم: قەت نەکەی بەتەمای دوعاو پاڕانەوە واز لە هۆکارەکانی گەیشت بە مەڕامەکانت بهێنێ، یا کاتێ کە کە نەخۆش دەبێ قەت نەکەی بەتەمای پاڕانەوە واز لە دەرمانی نەخۆشیەکەت بهێنی یا واز لە سەردانی دکتۆری پسپۆری نەخۆشیەکەت بهێنی ئەوەتا پێغەمبەرمان - (علیە الصلاة و السّلام) – دەفەرمووێ: (تَدَاوَوا فإنَّ اللهَ لم يصَعْ داءً إلّا وَضَعَ لهُ دواء).

خۆ تیمار کەن و دەرمانی دەقی نەخۆشیەکانتان بەکار بهێنن، خوای گەورە جل جلّالهُ – هیچ دەردێکی نەناردوە ئیلا دەرمانیشی لەگەڵ ناردووە.

## (سۆفی نازانن مانای (سبحانە الله) چیە:)

سۆفیگەڕی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیان تاکو ئەمڕۆ – کە سەدان ساڵە – نازانن مانای (سبحانە الله) چیە. ئەگەر بیانزانیبا مانای چیە هەرگیز ئیمان و عەقیدەی خۆیان لەسەر (حلولیەت و ئیتحادیەت و وَحدةُ الوجود) دروست نەدەکرد. خوای گەورەیان نەدەکردە (ئاسن) و خۆیان نەدەکردە (ئۆکسیجن) لە ڕێگەی (ئاو) لەگەڵ یەك تێکەڵ ببن و یەکبگرن و (ژەنگی) لێ دروست بێ.

**مانای (سبحان الله) چیه؟ یەعنی خوای گەورە پاك و نەزیهە و بێ گەردە لەهەر هەموو کەم و کۆری و خواردن و خواردنەوەو نوستن و کوتکەخەو، هەموو جۆرە هاوبەشێك و گۆڕانکاریەك و نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی و وەك هیچ مەخلوقێکی خۆی نیە و هیچ مەخلوقێکی خۆی وەك ئەو نیە، وەك دەفەرمووێ:** (لیس کمثله شيٌ و هو السَّميعُ البصير). **لە ژێر دەسەڵاتی هیچ شتێ نیە و هەموو شتێ لەژێر دەسەڵاتی ئەوا دایە، و هەرچی دەدیترێ یا نادیترێ شاردراوەیە یا ئاشکرا هەر هەمووی مەخلوقی خۆیەتی و لە نەبوو خەلقی کردوونەو هەر هەمووشیان دەیپەرستن بە وشەی (سبحان الله) وەك دەفەرمووێ:** ﴿و اِنْ من شيءٍ اِلّا يُسبِّحُ بِحَمدِهِ ولكنْ لاتَفْقَهونَ تسبيحهم ...﴾ **(الاسراء ). هەرچی مەخلوق هەیە هەر هەموویان (تەسبیحاتی خوای گەورە دەکا و سەر بۆ خوای گەورە — سبحانە و تعالی — دادەنوێنی و سەجدەی بۆ دەبا و لە کرنوش بردن دایە بۆ خوای گەورە بەڵام ئێوە لەو تەسبیحاتەی ئەوان تێناگەن. لەبەر ئەوە دەبینین سۆفیەکان لەنێو نوسراوەکانیان یادی (سبحان الله) یان فەرامۆش کردیە وە بە کەیفی خۆیان یادەکانی دیکەیان گۆڕیە. دەبینین ئەو یادە گەورەیان** (لا اِلهِ اِلّا الله) **کردووە بە سێ بەش بەپێی پلە و پایەی هەڵخەلەتاوەکانیان و فرێخواردنیان لە چلپاوی سۆفیگەری: دەروێشەکان ئەوانەی تازە هاتوونەتە ریزیانەوە — ئەوانە بۆیان هەیە بڵێن** (لا اِلهِ اِلّا الله)**. وە خەلیفەکانیان تەنها بۆیان هەیە بڵێن (الله، الله، الله). بەڵام عاریفەکانیان: واتا ئەوانەی لە چلپاوی سۆفیگەری رووچونە تەنها دەڵێن (هوو، هوو، هوو). کە بێ گومان نە (الله) و نە (هوو) ناینە یادی خوای گەورە (الذّکر) و هەرگیز بەیادی خوا ناشێن .**

**یادی خوای گەورە لەلایەن پێغەمبەری خۆشەویستمان - (علیه الصلاة و السّلام) — دیاری کراوە، بۆ هیچ کەسێ نیە گەمەی تێدا بکا دەبێ بەم شێوەیە بێ :-**

١- أَفضلَ الذِّكر: (سُبحانَ اِللهِ و الحمد لله ولا اِلهَ اِلّا الله) (ولاحولَ ولاقوّةَ اِلّا بِالله). (والله اَكبر ولإِحولَ ولاقُوَّةَ اِلّا بِالله).

٢- (اَستغفِرُ اللهَ و أتوبُ اليه).

٣- اللهمَ صَلِّ عَلى مُحمدٍّ وَ عَلى آل مُحَّمدٍ).

**لەدوای ئەوانەوە چەند (ذكر)ی دیکەش هەنە پێویستە فەرامۆشیان نەکەین ذکر بەیانیان هی ئێواران هی نوستن.**

## (گرامةُ الأ ولیاء = کەڕاماتی ئەولیا)

**پێشتر پەیمانم پێدان کە ڕۆنکردنەوەیەك لەبارەی کەڕامەتی ئەولیا بنووسم چونکە خەڵکانێکی یەکجار زۆر نازانن مانای چیە و بۆ کێیە و کەی رودەدا.**

**لەسەر روشنایی ئەو دوو ئایەتە پیرۆزە ئەو مەسەلەیە ڕۆندەکەینەوە بە یارمەتی خوای گەورە:**

١- ﴿إِنَّ وَلِيِّ اللَّهُ الَّذِي نَزَّلَ الْكِتَابَ وَهُوَ يَتَوَلَّى الصَّالِحِينَ﴾ **الاعراف (١٩٦)**

٢- ﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللَّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ. الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ **یونس (٦٢،٦٣)**

**با لە پێشەوە مانای (وَليّ) ڕۆن کەینەوە، لە قورئانی پیرۆزدا — وەك لە دوو ئایەتە پیرۆزە — بۆمان ڕۆنکراوەتەوە دوو مانای زۆر گرنگی لە یەك جیای هەیە.**

**١- دەڵێن (الله وليّ) خوای گەورە (وَلي) منە، یەعنی خوای گەورە هەر وەك چۆن منی خەلق کردووە لە نەبوو هەر بەم چەشنەش سەرپەرشتکاری منەو، هەموو شتێکم لەدەست ئەو خوایە گەورەیە من هیچ هێز و توانایەکم نیە ئەگەر ئەو پێم نەبەخشێ، جەڵەوم بە تەواو لە دەست ئەوە.**

**٢- دەڵێن (أنا وليُّ الله) من وەلی خوای گەورەم واتا: بەندەیەکی مل کەچی ئەوم ویڕوای تەواوم پێی هەیە، وە لە ترسی ئەو لە هەموو گوناهیك خۆ بە دوور دێخم لە تەماحی ئەوە کە لە ڕۆژی دوایی بەهەشتم پێ ببەخشێ .**

ئەوجا هەرکەسێ بە دڵ و بەگیان، بە گوتەو بە کردەوەی ئەوە بیروباوەڕی بو لە بەرامبەر ئەو خوایە گەورە – سبحان و تعالی – ئەوە خوای گەورە دەیخاتە ژێر چاوەدێری خۆی و یارمەتی دەدا و هەمیشە پشتی تێناکا وەك: دەفەرمووی: ﴿وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ﴾ **البقرە (١٩٥)** ئەو کەسە وەلی خوای گەورەیە ئەویش وەلی ئەوە.

ئەوسا لە بەرامبەر هەندێ خوای گەورە کەسی ئەمە بوو ئیمان و عەقیدەی خوای گەورەی بە وەلی خۆی زانی هەڵبەت خوای گەورەش بە وەلی خۆی دەزانی، خوای گەورە ئامادەیە تا لە ژیان داماوە لە کاتی تەنگانە بە هانای بێت، یا لە ترسێکی تۆقێنەر رزگاری کا. یاخود لە بلاو موسیبەتێکی چاوەروان نەکراو کە ترسی گەورەی لەسەر خۆی و گەل و ولاتەکەی هەبێ لە رێگەی (دڵ خەبەردان) وەك لەناو کوردەواری خۆمان باوە.

بێگومان هەر کەسێ ئیمان و عەقیدەی تەواو بوو ئەو کەسە خوای گەورە بە (وەلی) خۆی دادەنێ لەبەر ئەوە خۆشی دەوێ و ریزی لێدەگری و جار جارە ئەو خوشەویستی و رێزلێگرتنە لە ژیانی ئەو کەسە رەنگدەداتەوەو خۆی و شارەکەی یا گەل و نیشتیمانەکەی لە بەلا و موسیبەتێکی گەورە رزگار دەکا وەك ئەو خۆشەویستن و رێزلێگرتنەی کە لە بەرامبەر ئیمامی عومەری کوری خەتاب و سەرکردەی سوپاکەی موسڵمانان – (ساریە) لە ولاتی فارس:- لە رۆژی هەینی بوو ئیمامی عومەر لەسەر مینبەر بوو وتاری دەدا لەو کاتەدا بە دەنگی بەرز هاواری کرد (یا سارتة یا سارتة الجَبَلَ الجَبَلَ) واتا: ئەی ساریە خێرا چیاکە بگرە بەر لەوەی مەجوسەکان بەسەر چیاکە بکەون و پشتت لێبگرن. ساریە کاتێ گەڕاوە شاری مەدینە سوێندی خوارد و گوتی والله وام زانی ئیمامی (عومەر) – رەزای خوای لێ بێ – وا لە پشتەوەمەو بانگم دەکا و ئاگادارم دەکاتەوە وا بە چاکی گوێم لە دەنگی بوو.

ئەوەیە کەرامەت و الاولیا – کرامة الأولیا – ئاشکرایە چ ئیمامی عومەرو چ ساریە – رەزای خوایان لێ بێ – هەردووکیان وەلی خوای گەورەن و خوای گەورە خۆشی دەوێن، کەواتە: جێگەی خۆیەتی کە خوای گەورە لەو ترسە گەورەیە کە هەرەشەی لە سوپای سەحابەکان دەکرد لە ولاتی

**مەجوسەکان — لەو ترسە گەورە ئاگاداریان کاتەوە، لەبەرامبەر ئەوەی کە ئەوان بە راستی وەلی خوای گەورەن و خوای گەورەش وەلی ئەوانە و لە تەنگانە رزگاریان دەکا.**

**ئەوەی کە زۆر پێویستە هەموو موسڵمانێك بیزانێ لەبارەی (کرامە الاولیا) ئەوەیە کە موسڵمانان چەند وەلی خوای گەورە بێ هیچ وێستێکی نیەو دەسەڵاتێکی نیە بەرامبەر (کەرامەت نواندن) بەڵکوو هەموو کارەکە لەبەر دەستی خوای گەورەیە بە ویستی خوای گەورەیە نەك وەك سۆفیە گومڕاو سەرلێشێواوەکان هەر هەوەسیان هێنا دەست دەکەن بە کەڕامەت نواندن بە بەرچاوی کەسانی نەزان و بێئاگاو بێ خەبەر لە ئاینە پیرۆزەکەی خوای گەورە، هەر وەك بڵێی خوای گەورە — سبحان تعالی — لەژێر فەرمان و ویستی ئەوانە، نەك ئەوان لەژێر ویست و فەرمانی خوای گەورە بن و هەرکاتێ هەوەسیان هێنان کەڕامەت لە خوای گەورە داواکەن و ئەمیش بۆیان دەسبەجێ ئەنجام دەدا، بە راستی ئەمەش گوناهێکی گەورەیە، چونکە فرت و فێڵە و چیتر نا.**

**لەنێو کۆمەڵگای کوردەواری — تاکوو ئەمرۆشی لەگەڵابێ — زۆربەی کورد — تەنانەت خاوەن شەهادەکانیش — بیروباوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە تەنها شێخەکانی تەریقەت وەلی خوای گەورەن و وەلیایەتی تاپۆیە لەسەر ئەوان و تەنها قسەی ئەوان لەلای خوای گەورە دەڕواو دوعا و پاڕانەوەی ئەوان لەلای خوای گەورە قەبوڵ و راگیرە، پێویستە لەسەر خەڵك مل کەچی هەموو فەرمانەکانیان بێ و لە قسەیان دەرنەچن. لە هەمان کات ئەو خەڵکە بەسەزمانە وایان دەزانی کە ئاینی ئیسلام تەنها تاپۆیە لەسەر مەلا سەر بە مێزەرە سپیەکان و هەرچی دەیڵێن و هەرچی دەیکەن هەمووی فەرمان و نەهی خواو پێغەمبەرەو هەمووی لە کیتاب و سوننەوەیە، کەس مافی ئەوەی نیە رەخنەیان لێ بگری و شەرع تەنها لەوان وەردەگیرێ!! بەداخەوە.**

**ئەوەی کە زۆر پێویستە هەموو موسڵمانێك بیزانێ ئەوەیە: دەبێ هەموو موسڵمانێك بەپێی توانا زانابێ لە ئاینەکەی و شارەزا بێ چونکە خوای گەورە — جلّ جلالە — دەفەرمووێ:** (يَرفعُ آللهُ الّذينَ آمَنُوا مِنكُمْ و الّذينَ أُوُتُوا العلمَ دَرَجاتٍ).

خوای گەورە پایەو پلەی ئەوان کەسانە بەرز دەکاتەوە – لە دونیا و قیامەت – کە بە راستی موسڵمانن و بە دوا عیلم و زانست و زانین دادەکەڕێن و وە دەستی دێنن ئەو وشەی (مِنکُم) واتا: (لە ئێوەی موسڵمان) هەموو موسڵمانێك دەگرێتەوە نەك بە تەنها (مەلاکان) ئەمجا ئەو کەسە پزیشك بێ یا کرێکار، یا جوتیارێ بێ یا پاشا بێ، چونکە خوای گەورە (عالم و علامة) موسڵمانانی زاناشی خۆشی دەوێ، چۆن دەبێ گەورەترین و پیرۆزترین گەلانی خوای گەورە کە موسڵمانان بن موسڵمانیش نەزان و گێل و وێڵ بن؟ ئەبەدەن ئەبەدەن چشتی وا خراپ و ترسێنەر لە ئاینە پیرۆزەکەمان دانیە. خوای گەورە دەفەرمووێ: (اِنَّما یَخْشَی اللهَ مِنْ عِبادِهِ العُلماءُ ...) کەواتە لە ئەرکە هەرِی گەورەکانی کە خوای گەورە لەسەرمانی پێویست کردوە زانین و زانیاری و زانستە و شارەزا بوونە لە کاروباری دین و دونیا.

ئەو شتانەی یا ئەو کارانەی کە سۆفیەکان ئەنجامی دەدەن بەناوی کەرامەت و الاولیاء خەڵکانی نەزانی پێلە خشتە دەبەن هیندۆسەکان گا پەرستەکان کاری سەد هێندی کارەکەی ئەوان سەر سوڕهێنەرتر ئەنجام دەن، (مالکۆڵم) کە زانایەکی ئەمریکیە لە کیتابەکەی بەناوی (الإِنسان و قِواهُ الخَفِیَّةِ)شتێکی یەکجا سەیرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەڵێ بەچاوی خۆم دیوەتم کە یەکی لەو گا پەرستانەی هیندی ئەنجامی داوە. دەڵێ: چەند هیندۆسێکی گا پەرست گا پەرستێکیان هێنا قاچ و دەستیان کۆت و زنجیر کرد و هاویشتیانە نێو سندوقێکی ئاسن قەپاغی سندوقەکەیان بە ئۆکسجین لەحیم کردو فریاندایە نێو دەریاوە، بە بەرچاوی هەمووەمان کابرای نێو سندوقەکە بەبێ کۆت و زنجیر لەناو سندوقەکە هاتە دەرو هیچی لێبەسەر نەهاتبوو!!. بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر ئەو کیتابە مەوجود نەباو بەردەست نەبا من نەدەوێرام ئەو رووداوە بگێڕمەوە، ئەوەی بە من باوەر ناکا با خۆی کیتابەکە (چاپی یەکەمی) بخوێنتەوە.

باشە کام سۆفی هەیە و هەبووە جادوگەریەکی بەم شێوەیە بنوێنی؟. ئایا مەبەسی راستەقینە سۆفیە بەناوبانگەکان لەو جادوگەریانە – کە بەناوی ئیسلام و کرامة الاولیأ ئەنجامیان داوە چیە؟ بانگهێشتنی خەڵك بۆ موسڵمان بوون؟ یاخود خۆ فەرز کردن بەسەر موسڵمانانی نەزان و ساویلکە؟ دەبێ هەمووەمان بزانین کە بانگەوازی لە رێگەی سۆفیگەرِی ئەبەدەن حەرامە و سەرناکەوێ. هەڵبەت

مەبەسیان بانگەوازی نەبووە، چونکە ئەوان لەنێو چینێك لە موسڵمانان سەریان هەڵداوە کە برنجی موسڵمانان بوون چاکترینیان بوون و پێویستیان بە بانگەوازی سۆفیان نەبووە. تاکە ڕێگە بۆ بانگەوازی خەڵك ئەو ڕێگەیەیە کە خوای گەورە پێی ڕاگەیاندوین و پێغەمبەریش - (علیه الصلاة و السّلام) — بە دەقی خۆی ئەنجامی داوە، نەك ئەو کوڕە ڕێگەیانەی سۆفیگەڕی و حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان گرتیتیانەبەر.

لەگەڵ ئەوەش کە (کرامه الاولیاء ) بنچینەی خۆی هەیە لەنێو بەرنامەکەی خوای گەورە سبحانە — لەگەڵ ئەوەشا نە پێغەمبەر و - (علیه الصلاة و السّلام) — نە سەحابەکان و نە شوێنکەوتوانی — لە ڕابردوو و ئیستا — نەیانکردووە بە بەشێك لە بانگەوازی، بەلای کەمەوە لەبەر ئەوە نەوەك ڕۆژێ لە ڕۆژان سەربکێشی بۆ بەندە پەرستن کە گەورەترین شیرکە.

## (ئیمان و عەقیدەی راست کامەیە)

**لە هەر جێگەیەك پێویست بوبێ ناوی ئەم دوو وشەیەم هێناوە. دەبا بزانین ئیمان و عەقیدەی راست و تەواو بە گوێرەی کیتاب و سوننە کامەیەو چۆنە؟**

**هەموومان دەزانین ئیمان پێكهاتووە لە شەش كۆڵەگە بە گوێرەی قورئانی پیرۆز — ئیمان بە خوای گەورە، ئیمان بە رۆژی دوایی، ئیمان بە فریشتەكانی خوا، ئیمان بە كیتابەكانی خوای گەورە وەك قورئان و تەورات و ئینجیل و زەبور، ئیمان بە پێغەمبەرەكانی خوا، ئیمان بە قەدەری خوا.**

**لە هەمووان گەورەترو گرنگتر ئیمان بە خوای گەورەیە. ئیمان بە خوای گەورە سێ بە شی سەرەكیە:**

**١- الرِّبوبيّة: مانای پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك بڕوای وابێ كە خوای گەورە خالیقی هەموو گەردونەكان و ئەرزو هەر هەموو شتێكە لە نەبوو، بە تەنها بۆ خۆی سەرپەرشتیان دەكاو كاروباری ئەو ئەرزو ئاسمانانە — كە حەوتن — دەگێڕی و پێویستی بە یارمەتی هیچ شتێ نیە. وەك خوای گەورە دەفەرمووێ هەموو مرۆڤێكی سەر زەوی بیروباوەریان لەسەر (ربوبية) كە واتا: لە هەر كەسێكی بپرسی كێ خالیقی ئەرزو ئاسمانەكانە؟ دەڵێن خوای گەورە:** ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ﴾ **لقمان (٢٥) با ئەو كەسە كافر بێ یا موسڵمان هەردووكیان رێكن لەسەر خالیقیەتی خوای گەورە — سبحان و تعالی.**

**٢- الألوهيّة: واتا: خواپەرستی: خوا پەرستیەك لەژێر سایەی یەكتاپەرستی (التوحيد) ئەو یەكتا پەرستیەی كە هۆكاری هەرێ بەرزو گەورەیە لە ناردنی پێغەمبەران - (عليه الصلاة و السّلام) — و پەیامەكانیان بە درێژایی مێژووی دابەزینی مرۆڤ بۆ سەر زەوی. واتا، دەبێ مرۆڤ خوای گەورە بپەرستێ، پەرستنێك دوور لە هەموو جۆرە هاوبەشیەك، خواپەرستنێكی پاك و بێگەرد وە دەفەرمووێ:** ﴿وما أُمروا اِلّا لِيعْبُدوا اللهَ مُخلصينَ له الّدين حُنفاءَ و يُقِموا الصّلاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكاةَ و ذلِكَ دِينُ القيمةُ﴾ **(الانفكاك). یا دەفەرمووێ:** ﴿وما خَلَقْتُ الجِنَّ و الأِنسَ اِلّا لِيَعْبُدونِ﴾ **الذاريات (٥٦).**

**خواپەرستی تەنها نوێژو ڕۆژو زەکات و حەج ناگرێتەوە، بەڵکوو دەبێ هەر کاتێ کە پاراینەوە لەبەر خوا بپارێنەوە بۆ ئەوەی لە بەڵاو ناخۆشی ڕزگارمان کا یا بۆیژمان پێ بەخشێ، یا مناڵمان پێ بەخشی، یا وڵاتمان بپارێزی، نابێ داوای ئەو شتانە لە کەس بکەین، هەر کاتێ داوای ئەو شتانەمان لە کەسێ کرد مانای ئەوەیە لە (الوهیەت) دەرچووین و هاوبەشیمان بۆ خوای گەورە پەیدا کردو یەکتاپەرست نەبووین (اُلمَوحِّد) بووین بە (موشریك) خوای گەورە بمان پەرێزی. وە هاوبەشی پەیدا کردن بۆ خوای گەورە یەکجار زۆرن وەك گۆڕپەرستی، جادوگەری، فاوە گرتنەوە، قوربانی بۆ غەیری خوای گەورە سوێند خواردن بە غەیری خوای گەورە و ... هتد.**

**٣- تثبیت الصفات و الاسماء: یەعنی ئەو ناو و سیفەتانەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز باسی کردوون وەك (الله، الرحمن، الرحیم، الکریم، الخالق، المومن، الجبَار) وە ئەو ناو و سیفەتە پیرۆزانە دەبێ سەپاندنیان لەنێو قولای ئیمان لەنێو کانگەی دڵمان شتێکی نەگۆڕ بێ و دانیان پێدابنێن و لە کاتی پاڕانەوە و نزا لەبەر خوای گەورە بەکاریان بهێنین،** (ولِلهِ الأَسْماءُ الحُسْنى فآدْعوهُ بِها).

**نابێ بەهیچ شێوەیەك ڕاستی ماناکانیان تەئویل کەین و بەلارێیان دا ببیەن وەك زۆر لە گرۆپە بە ناو ئیسلامیەکان ئەو کارە ناڕەواو نا لەبارەیان کردووە وەك (معتزلة، قدَریە، صوفیەت، جبریە، اَشعریە) و زۆرانی دیکە. بەشێوەیەك دەستکاری ئەو سیفەت و ناوانەی خوای گەورەیان کردووە کە خۆیان ماڵ وێران کردووە لە دونیا و قیامەت. خوای گەورە دەرحەق ئەو کەسانەی کە ئەو گوناهە گەورەیان ئەنجامداوە واتا: تەئویل و بەلارێیان دا بردونە دەفەرمووێ:** ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي آيَاتِنَا لا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَا أَفَمَن يُلْقَى فِي النَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِي آمِنًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ اعْمَلُوا مَا شِئْتُمْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ **فُصلَت (٤٠).**

**وە دەفەرمووێ:** ﴿وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ **الاعراف (١٨١).**

زۆر بە ئاشکرا و ڕۆنی دیارە خوای گەورە تەئویلی ناوەکانی خۆی بە توندی نەهی لێکردووە کە واتە چۆن هاتووە دەبێ ئاوایان وەربگرین. وە ئاشکرایە ڕۆنە نە پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) — وە نە سەحابەکانی بەلای چشتی ئاواوە نەچوینە، کە چی نازانم ئەو هەموو زانا بەناو ئیسلامیانە بۆ خۆیان دووچاری ئەو گوناهە گەورە کردووە، خوا بما پارێزی.

## (تەڵەی (قَدَّس آللهُ سِرَّهُ))

سەدان ساڵ لەمەوەبەر تاکو ئەمرۆ یاران و دەروێشش و موریدەکانی شێخ سۆفیەکان وا فێر کراون هەر کاتێ ناوی سۆفیەکی بەناوبانگیان هێنا یا گوێ لێ بوو بڵێین (قَدَّسَ اللهُ سِرَّهُ). ئەو نزایە — دعاء - بۆ سۆفیان لە کێوە هاتووە و کێ دایناوە؟ ئایا هیچ پشتیوانیەکی لە کیتاب و سوننە هەیە؟ وە مانای چیە؟

لە پێشەوە ئەو نزایە هیچ جۆرە پشتیوانیەکی لە کیتاب و سوننە نە بە ڕاستەوخۆ نە بە نا ڕاستەوخۆ بۆ هیچ کەسێکی پیرۆ نەکراوە.

**مانای ئەو دوعایە:** خوای گەورە پیرۆزو پاك و بێ گەردی ڕابگری نهێنی شێخ سۆفیەکان. ئایا ئەو نزایە — دعاء - بۆ کەس دروستە بگوترێ؟ لە وڵاما دەڵێین نەخێر بۆ خودی پێغەمبەریش - (علیه الصلاة و السّلام) — دروست نیە، چ جای بۆ نهێنی شێخ سۆفیەکان کە ئەسلەن ئەو نهێنیە هەر وجودی نیە. بۆمان هەیە هەر کاتێ کە ناوی پێغەمبەرمان — محمد - (علیه الصلاة و السّلام) — گوێ لێ بوو یەکسەر بڵێین - (علیه الصلاة و السّلام) — چونکە ئەو سەلەوات لێدانە لەسەر موسڵمانان بە دەقی قورئانی پیرۆز واجیبە لەسەرمان ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ الاحزاب (٥٦).

بۆ بۆمان نیە وشەی (نُقدِّسُ) کە فعل موزارعە بە تەنها بۆ نهێنی شێخ سۆفیەکان بەکار بهێنن کە ئەسڵەن — وەك گوتم — ئەو نهێنیە هەر وجودی نیە بەڵکوو نابێ بۆ خودی پێغەمبەریش - (علیه

**الصلاة و السّلام) – بەکاری بهێنین و بڵێن (قَدَّسَ اللهُ اِسمَهُ) چونکە ئەو وشەیە وەك لەم دوو ئایەتەی خوارەوە بەدیار دەکەوێ تەنها وەك (سُبحانَ اللهِ) یا (یُسبِّحُ للهِ ما في السّماوات و الارض) بۆ خوای گەورەیە:- ١) لە سورەتی البقرە ئایەتی (٣) هاتووە لەسەر زاری فریشتەکان** (وَ نَحنُ نُسبِّحُ بِحَمْدِكَ وَ نُقَدِّسُ لَكَ)**، فریشتەکان لەبەرامبەر خوای گەورە ئەو وشەی (نُقدِّسُ) بەکار هێناوە، لەدوای هێندێ نەبیستراوە بۆ کەسی تر بەکار هاتبێ . وە لە سورەتی (الحشر) ئایەتی (٢٣) خوای گەورە – سبحانە و تعالی – کردویە بە ناوێك لە ناوە پیرۆزەکانی خۆی و فەرموویەتی:** ﴿هُوَ اللهُ الَّذي لا اِله اِلّا هُوَ المِلِكُ القُدُّوسُ الَّسلامُ المؤمِنُ المهَيْمِنُ العَزِيزُ الجبَّارُ المتكبِّرُ، سُبحانَه و تعالی عمّا يُشركون﴾.

**وە لە سورەتی البقرە لە ئایەتی (٨٧) بەم شێوەیە (القُدُس) ئیزافە کراوەتە سەر وشەی (روح) واتا: (روحُ القُدُسِ)زۆر لە موفسیران دەڵێن نەبەس لە (روح القُدُس) فریشتەی (جبریل)ە. ئەمەش خوای گەورە بۆ خۆی دەزانێ بۆ ئەم ناوە پیرۆزەی لە (جبریل) ناوە. هەروەها – وەك لە سورەتی المائدە) بۆمان دیار دەکەوێ لە ئایەتی ژمارە (٢١) خوای گەورە ناوی لە فەلەستین ناوە (الأرضُ المقدسةُ) ئیتر لەمە بەولاوە کەس نەبیستوە خوای گەورە رێگەی بە کەس دابێ ئەم وشەیە (یُقدِّسُ) بۆ خۆی یا بۆ وڵاتەکەی خۆی یا بۆ گەلەکەی خۆی یا بۆ نهێنیەکانی یا بۆ ئاشکراکانی بەکار بهێنێ. کەچی شێخ سۆفیەکان لەسەر مورید و دەرویش و یارەکانیان فەرز کردووە هەر کە ناویان بیستن یا ناویان هێنان بڵێن (قَدَّسَ اللهُ سِرَّهُ). باوەر کەن برایانی موسڵمانم ئەم شێخ سۆفیانە هیچ نهێنیەکیان لەلای خوای گەورە نیە – سبحانە و تعالی عما یشرکون – تەنها لە پەنا هەندێ دەیانەوێ زیاتر خۆیان بەسەر خەڵکانی ساویلکە و نەزان فەرز کەن و خۆیان بکەنە کەڵەگا بەسەریانەوە. هەروەها دیانەوێ لە پەنا هەندێ خۆیان لەلای خەڵك لە پێغەمبەران بە گەورەتر بگرن هەر وەك پێشتر بە بەڵگەی خۆیان ئەو راستیەم بۆ سەر کاغەز خستن، تا وەکوو ئەم خەڵکە نەزان و ساویلکەیە بڵێ باشە ئەم سۆفیانە نهێنیەکانیان هێندە لەلای خوای گەورە پیرۆز بێ، خوای گەورە – سبحانە و تعالی – بۆیان تەقدیس کا ئەی دەبێ بۆ خۆیان چەند لەلای خوای گەورە – جلّ جلالە – گەورە بن.!!.**

وە لە بەرامبەر (جبريل) - (عليه السَلام) — و شاری (قودس) کە خوای گەورە بەو وشەیە باسیان دەکاو ناویهێناون دەڵێن: خوای گەورە مافی خۆیەتی سوێند بە هەر مەخلوقێکی خۆی بخوا — کە ئەو سوێند خواردنە بۆ ئێمە شیرکە — یا هەر ناوێ بنێ لە هەر کەسێك یا هەر شوێنێك (لايُسألُ عمَّا يَفْعَلُ وَ هُم يُسْألونَ). ماف (حق) هەمووی هی خۆیەتی و ئەو بە گوێرەی حیکمەتی خۆی دەیبەشێتەوە.

لە کۆتایدا دیسانەوە دوبارەی دەکەمە ئەو نهێنیە هەرگیز وجودی نیە تەنها بۆسە و فرت و فێڵکە لە کەسانی سادە و ساویلکە و نەزان و بۆ خۆ فەرز کردن بەسەر موسڵمانانەوە ئیتر (لا قَدَّسَ سِرَّهم ولا علانيتهم ولاحياتهُم ولامَمَاتهم، وكفانا اللهُ شرَّهُم و ضَلاَلهم وإضلالهم لأِحدٍ من خَلقِهِ).

## (سۆفیگەری لەنێو تەرازوی راستی واقیعدا)

کورتە باسێکم لەبارەی راستی سۆفیگەڕی باس کرد، بە گوێرەی ئەو راستیانە کە هەمووی لە نووسینەکانی خۆیان دەسبژێر کراوە پێویست ناکا هیچ موسڵمانێك بە هیچ شێوەیەك بەرگریان لێبکاو بە پیاوی چاکیان لە قەڵەم دا، ئەوان مادام ئیمان و عەقیدەیان لەسەر هەواو هەوەس هەڵبنراوە کەواتە هەموو کارو کردەیان پۆچ و بێ سودە. هەر موسڵمانێ ئیمان و عەقیدەی ئەو ئیمان و عەقیدەیە نەبێت کە خوای گەورە لەسەری فەرز کردووین ئەوە کردەوە چاکەکانی بەفیڕۆ دەڕوا و مایە پوچە وەك خوای گەورە دەفەرمووێ ﴿وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَّنثُورًا﴾ **الفرقان (٢٣)**.

سۆفیگەڕیەکان گوناە و تاوانی شیرکیان گەڕاندەوە نێو موسڵمانان کە یەکەمین هۆکاری گەورەیە لە ناردنی هەموو پێغەمبەران و پەیامەکانیان، بەندایەتی بەندەیان گەڕاندەوە نێو موسڵمانان، ئەو بەندایەتیەی کە تەنها دەبێ بۆ خوای گەورە بێ (سبحانه و تعالى عمّا يصفون عمّا يُشركون).

یەك لە واقیعە تفت و تاڵەکانی سۆفیگەڕی — هەموومان دەزانین — وەك کۆیلە سەیری مورید و دەروێشەکانیان دەکرد و بەکەیفی خۆیان هەڵسوران دا سوڕانیان پێدەکردن و شیرو زەرگیان پێ لە

خۆیان دەدان وەك بەرخی سەر بڕا خوێنیان لەبەر دەڕۆیی، ئەو تاوانە لە پێناوی چی؟ لە پێناوەی خەڵك بۆ ئیسلام راکێشن؟ حاشا بانەواز لە پێناو خوای گەورە وانیە .

واقیعی سۆفیگەڕی یەکجار واقیعکی تفت و تاڵ و دڵ تەزێن و بە ترسە هەر لە سەرەتای دروست بوونیان تاکوو ئەمرۆ هیچ لایەنێکی چاکیان نەبووە تەنها ئەوە نەبێ کە بوون بە گەورەترین هۆکار لە داو خستنی گەلانی موسڵمان لە هەموو لایەنەکانی ژیان، تەنها ئەوە نەبێ کە کۆمەڵگایەکیان دروست کرد پڕ لە مشە خۆران و تەمەڵان و نەزان و کوێرەوار و پیس و پۆخڵ، ئەو مشە خۆڕی و تەمەڵ و تەوەزەلی و کوێرەوەری و پیس و پۆخڵەشیان بۆ کردن بە خوا پەرستی کە هەر هەموو بەدەقی دەیان ئایەت و حەدیس نەهیان لێکراوە و حەرام کراون.

ئاشکرایە کە گەلانی موسڵمان لەلای خوای گەورە خۆشەویسترین و پایە بەرزترین گەلانی سەر ئەرزن کەواتە دەبێ زاناترو پێشکەوتوو ترین گەلانی سەر زەوی بن لە هەموو لایەنەکانی ژیانیان، دەبوایە ئەوان پێشڕەو بن و  دەسپێشخەر بن لە شۆرشی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئابووری و لەشکری چونکە خوای گەورە لە رێگەی ئاینە پیرۆزەکەی (ئاینی ئیسلام) دەرگای هەموو جۆرە پێشکەوتنێکی بۆ کردووینە، بەڵام بەداخەوە کە گەلانی موسڵمان هەموو ئەو دەرگانەیان لەسەر خۆیان داخست هەر لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) — و کۆتایی هاتنی رۆژگاری خولەفاکانی راشدین — رەزای خوایان لێ. دیسانەوە لە رێگەی سۆفیگەڕی و پارچە پارچە بوون بۆ جۆرەها حیزبی لەیەك جیاو دوژمن بە یەك هەموو دەرگاکانی کوێرەوەری و ژێر دەستی و دوا کەوتنیان لەسەر خۆیان کردەوە. کە بێگومان سۆفیگەڕی یەکێ بوو لەو کۆمەڵانەی کە بەو پەڕی چالاکی موسڵمانانی گەڕاندەوە دواوە و میلیۆنەها کەسیش پێیان هەڵخەلەتان.

## ئایا چی چاکیان پێشکەش بە موسڵمانان کرد؟

لە گەڕاندنەوەی شەوە زەنگ بەولاوە بۆ وڵاتانی ئیسلام هیچی تریان نەکرد، نە لە پیشەسازی و نە لە کشتوکاڵ و نە لەلایەنی هێزو دەسەڵاتی لەشکری و سوپایی و نە لە لایەنی هیچ جۆرە زانیاری و زانستیەکی دینی و دونیەوی هاوبەشیان نەکرد. بە دەیان موسیبەت و تێشکان و دەربەدەری و ماڵ وێرانی لەسەر دەستی  دوژمنانی ئیسلام باڵی بەسەردا هەڵکێشابن لەکاتێ سۆفیگەڕی لەوپەری چالاکی دابوون کە چی بای یەك زەرِە لە تەوژمی کوشندەی ئەو هەمووە موسیبەت و جەنگانەی بەسەر گەلانی موسڵمان هات کەمیان نەکردەوە.

لەساڵی (٦٥٦) کۆچی ئیمپراتۆریەتی عەبباسی بەدەستی هۆلاکۆ لەسەر نەخشەی جیهان رەشکرایەوە لە کاتێ سەدان و هەزاران شێخی وەك محی الدین عەرەبی و عبدالقادری گەیلانی و ئەبو یەزید بەستامی هەبوون، لەگەڵ ئەوەشا یەکێکیان نەیانتوانی سەربازێکی هۆلاکۆ بکوژن – یان دەستی رەق بکەن، باشە مادام خاوەن ئەو هەموو کەرامەتە بوون – وەك ئیبن حەجەری هەیتەمی باس دەکا ئەی بۆ ئەو لەشکرەی هۆلاکۆ یان قابقاپە باران نەکرد، بۆ فەرمانیان بە رەشە با نەکرد تێهەڵکاو ملی سەربازەکانی بپەڕێنی؟ بۆ هەر وەك دەریایان بۆ ئیشك بوو تا مردوێك بنێژن لە نێوەندی دەریاکە، ئەی بۆ ئەو ئاوەیان ئیشك نەکرد کە (ابن علقمي) رفیزی بە دەشتی بەغدایەی وەرکردبوو، بۆ ئەوەی سوپای عەبباسیان لەنێوبا عاسی بن و یەکیان بکەوی لە بەرامبەر سوپای مەغۆل شەڕیان پێنەکرێ؟ ئەی بۆ لەم دواییە گۆڕەکەی (سەید بدوی) و (ذوالنون)ی میسری لەساڵی (١٧٨٩) میسریان لە داگیرکەرانی فەرەنسی بە سەرکردایەتی خودی (ناپلیۆن بۆناپارت) تێك نەشکاند؟ ئەو هەموو کەڕامەتەیان بۆ کەی هەڵگرتبوو؟. کام بەڵا لەو بەڵایانە گەورەتر بوو؟

صۆفی گەری بڕوایان وایە خوای گەورە خاوەنی دوانزە (قطبە) کار و باری ئاسمانەکانی پێ ئەسپاردوون ، ئەی باشە بۆچی ئەو دوانزە قطبە لەهیچ ڕۆژگارێ بەرگریان لە موسڵمانان نەکردوە لەو هەمموو قەتڵ عامەی بەسەریان دا هاتووە لە دەست هێزەکانی کوفر و ئیلحاد ؟ ئەگەر قطبە کان

بتوانن گەردوون ئاسمانەکانی خوای گەورە بەڕێوە ببەن ئەی چۆن تاوەکو ئەمڕۆ نەیاتوانیوە دیلێکی موسڵمانان لەدەست دوژمنانی ئیسلام ڕزگار بکەن ؟ بەسە بابەس بێت شێواندنی ئاینی ئیسلام چەواشەکردنی موسڵمانان .

چاکتر نەبوو بۆ ئەو هەموو سۆفیە زیرەك و بەناوبانگە لە وڵاتی ئیسلام لە برّی سۆفیگەڕی رێگە و ڕێچگە و ڕێبازی ئیمامە گەورە و بەناوبانگەکانی موسڵمانانیان گرتبا؟ وەك ئیمامی مالیك و ئیمامی شافعی و ئیمامی ئەحمەد و ئیمامی حەنەفی و ئەوزاعی و سوفیانی نوری و ئیبن تەیمیە و ئیبن قیم و دەیانی وەك ئەوان؟ ئایا ئەوسا کەسێ دەیتوانی لەنێو موسڵمامان — تا دونیا ماوە — تیرو توانجیان تێبگری و لۆمەیان بکا؟ یا خود قسەی ناشیرینیان ئاراستە کا؟ نەخێر، باوەڕ ناکەم کەسێ لە موسڵمانان بیتوانیبا لە بەرامبەریان پیتێکی نارەوا بدرکێنی. چونکە بە حەقەت ئیمامی موسڵمانان بوون — رەحمەتی خوایان لێ بێ، بە حەقەت موجتەهید بوون و لەپێناو خزمەتی ئاینی ئیسلام و موسڵمانان یەکجار ماندوو بوون. تەنانەت هەندێکیشیان لەپێناوی خوای گەورە خۆیان بەخت کردو دووچاری ئیش و ئازاری بێوێنە بوونەوە وەك (ئیمامی ئەحمەدی کوری حەنبەل) رەحمەتی خوای لێ بێ. بەو ئیجتیهادانەی کە پێشکەش موسڵمانیان کرد بۆشایەکی گەورەیان پڕکردەوە کە خوای گەورە ئەو بۆشاییەی بۆ زانایانی ئیسلام بەجێهشتووە.

ئەگەر هەر نەبا ڕێبازی سۆفیگەڕیان با نەگرتا با وەك هەموو مامۆستایەك وانە و دەرسی ئاینیان لە قوتابخانەکان گوتاباوە، ئەگەر ئەوەشیان نەکردەبا وەك باقی خەڵك جوتیاری و وەرزێری و بازرگانی و ئاسنگەری و پینە دۆزیان کردابا یا هەر کارێکی حەڵاڵ کە سوود بە موسڵمانان دەگەینی.

ئاینی ئیسلام و موسڵمانان نەك لەسەر سۆفیگەڕی ئەوان پەکیان نەکەوتووە بەڵکوو تا بڵێی بەرەو دواوە دەیان گەڕێنیتەوە و ئاینەکەمان لێ چەواشە دەکەن و دەشێونن.

**چ میراتێکیان بۆ موسڵمانان بەجێهشتووە؟** تاکە میرات کە بۆ موسڵمانانیان بەجێهشتبی گۆڕپەرستی یە، بە مردوویش کاریگەری خراپیان وازی لە موسڵمانان نەهێناوە و خەڵکانێکی یەکجار

زۆر گۆڕەکانیان پیرۆز دەکەن و سوڕانەوەی بە دەوریان دا ئەنجام دەدەن بەگریانەوە لە گۆڕەکانیان دەپاڕێنەوە بە جۆری کە بەم شێوەیە لە خوای گەورە ناپاڕێنەوە. بە مردویش بونەتە بارگرانی بەسەر شانی موسڵمانانی نەزان، دەبێ گۆڕەکانیان گومەر لەسەر بکەن و بەجورە چشتی گران بایی بیان رازێننەوە!!. ئا ئەوەیە پاشماوە پیرۆزەکانیان، خوا لەناویان با ئامین.

## (کورد و شێخەکانی تەریقەت:-)

هەر لە دێرە زەمانەوە تاکوو ئەمڕۆ ئێمەی موسڵمانانی کورد گرفتاری و گیرۆدەی چەپۆکی رەشی شێخەکانی تەریقەتین. ئێمەی کورد کە خۆمان دواکەوتووترین گەلانی سەر زەوین بە دەست ئەو شێخانەوە هێندەی تر روچوین لەنێو چلپاو و بۆگەنیاوی دواکەوتن، هێندەی تر بزربوین لەنێو شەوەزەنگی ئەو دواکەوتنە.

ئەوەی کە یەکجار جێگەی داخە و ماڵ وێرانی بەدوای دادێ ئەوەیە:- ئەو شێخانە بە درێژایی سەدان ساڵە لەو کوردستانە وەك خوای گەورە پەرستراون و چ لە کاتی ژیانیان و چ لە دوای مردنیان. گۆڕەکانیان کراونەتە گەورەترین پەرستراو. بە مردوی و بە زیندویی خۆیان کردۆتە وەکیلی خوای گەورە لەسەر ئەو کوردە ماڵ وێرانە. وایان زانیوە کە خوای گەورە – سبحانە تعالی عما یشرکون – کردونی بە وەکیلی خۆی و هەموو دەسەڵاتێکی پێداون و بەرێوەبردنی کاروباری ئەو گەلەی پێسپاردون، ئیتر یا هیچ کەس بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانی روو لە خوای گەورە نەکا، پەنا نەباتە بەر خوای گەورە چونکە شێخەکانی تەریقە جێگەیان گرتۆتەوە و هەموو شتێکیان بۆ جێبەجێ دەکەن چ بە مردویی و چ بە زیندویی. هیچ جیاوازی نیە ئەم شێخانە دوای مردنیشیان خاوەنی هەمان دەسەڵاتن لە ئەنجامدانی کاروبار و نیازی خەڵك: ولاحول ولاقوه الابالله.

ئەو گەلەی ئێمە بە تەواوی بڕوای وابوو کە ئەو شێخانەی تەریقەت عیلمی غەیبیان هەیە و چاوی زاهیر و باتنیان هەیە و خاوەن کەڕامەتن و خوای گەورە – اعوذ بالله – قەرزاریانەو ئەوان

قەرزاری خوای گەورە نین، لەبەر ئەوە هەرشتێ لە خودا داواکەن خوای گەورە یەکسەر داواکەیان جێبەجێ دەکا.

دیسانەوە ئەوەی کە زۆر جێگەی داخە ئەوەیە: کە ئەم شێخانە نەك تەنها لەسەر ئیسلام حیساب کراون بەڵکوو دوا پلە و پایە و نرخی ئیسلام بەوان بەخشراوە. لەبەر ئەوە نابێ کەس لە فەرمانیان دەربچێ و سەرپێچیان بکا، وە هەمیشە نەك کەس نەیوێراوە جنێوەکیان ئاراستە کا بەڵکوو نەیتوانیوە سوکە گلەیەکیشیان لێبکا نەبادا یا شێخ دم و قەپۆزی خوار بکا و لەشکری جنوکانی بەسەر وەرکا ماڵەکەی لێ ئاگردا. ئەوانە هەڵبژێردراوی خوای گەورەن ئەو مافانەی کە خوای گەورە بە ئەمانی داوە بە کەسی نەداوە و مافی خۆیانە ستەم لە خەڵك بکەن و نانی خەڵك بخۆن و خەڵك ئارەقەیان بۆ برێژی و ئەوان دیوەخان و تەکێیەیەکانیان پێگەرم کەن و حەمد و سەنایان بکەن و مەدحیان بکەن و بڵێن ئای کە یا شێخ چەند سەخی و ناندەرە بیست چوار سەعات دیوەخانی چۆل نابێ لەبەر ئەوەی کە هەڵبژاردراوی خوای گەورەن — سبحانە و تعالى — دەبێ کوڕ و کچ و نەوەکانیشیان ریزیان لێبگیرێ یا ئارەق خۆر و قوماربازیش بن. کە ئەو قسە دەکەم بە چاوی خۆم زۆرم دیوە رۆڵەکانیان ئارەق خۆر و قومارباز بوون و لەگەڵ ئەوەشا بە چاوی خۆم دیومە کەسانێك رۆژانە مریشك و عەلەشیش و بەرخ و جیسکی بۆ بە دیاری هێناون، کاتێ نیوەڕۆیان لە ماڵەکانیان بەسەر بردوە، بە حاڵە حاڵ نانە رقێکیان لەبەردەم دانایە. هەر بیزیشیان نەهاتیە نزیکی دیوەخانەکانیان بخەن.

لە کارو کردەوە شێخەکانی تەریقەت کە زۆر پێی بەناوبانگ بوون: نوشتەو کشتەکە بۆ خەڵکانی نەزان و هەڵخەڵتاو کە زۆرینەی گەلەکەمانە. نوشتەش دوو جۆرە:نوشتەی گران وەك (گوللە بەند و ئەبو دوجانە)وە نوشتەی هەرزان. گوایا گران بایە کە کاریگەری سەدان سەدە، بەڵام هەرزانە کە کاریگەریەکەی مسۆگەر نیە، داواکارەکەی کەیفی خۆیەتی یا ئەگەر کاریگەر نەبوو ئەوە لۆمەی خۆی بکا پارەی زۆری نەداوە و گۆیزەکەی پوچە. وەك بڵێی لەگەڵ خوای گەورە رێکەوتونە کە قەبول کردنی مەرام و مەقسەدیان بە گوێرەی گرانی و هەرزانی نوشتەکەیە. پەنام بە خوا.

زولم و ستەمی ئەوان شێخانەی تەریقەت گەلێ گەورەتر بوو لە زولم و ستەمی ئاغەیەکی زۆردار، چونکە هەموو ستەم لێکراویکی هەژار بەدەست ئەو ئاغایە دەیتوانی توکی گەورە گەورەی لێبکا، هەموو کەس دەیزانی کە ئەو زۆردارە لە ریزی پیاو خراپانە و لەسەر ئیسلام حیساب ناکرێ. وەك یا شێخ نیە کەس نەوێری نە بە دزی و نە بە ئاشکرا گلەیشی لێبکا.

وە ئەوەی کە موسیبەتی شێخەکانی تەریقەتی لە ئێمەی موسڵمانی کورد گەورەتر کردبوو زۆربەی زۆری مەلاکانیش یاریدەدەریان بوون و لە هەموو شتێك لەگەڵیان هاوبەش بوون. بەم چەشنە زۆرینەی هەرە زۆری گەلەکەمان بەدەستیانەوە ماڵ وێران بوون. خۆ ئەگەر جار جاریش یەکێ لەناومان هەڵکەوتبا بەگژیان داچووباوە ئەوە لەناویان دەبرد، یاخود هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەو جەماوەرە زۆرە نەبوو، وە زۆر نزیك بوو تەکفیریشی کەن. چەند کەسانێکی وەك (حاجی قادری کۆیی) رەحمەتی خوای لێبێ وە (مامۆستا مەلا محمد جەلی زادە) لەشاری کۆیە هەڵکەوتن بەلاَم تا ئەو دوا دوایە شیعرەکانیان لە دژی ئەوان شێخانەی تەریقەت کاریگەری نەبوو. بەراستی لە رێگەی شیعرەکانیان ئەو دوو کەڵە پیاوە راستی ئەوان شێخانەیان پەردە لەسەر لادا.

بێبەزەیی و دڵ رەقی هەرگیزاو هەرگیز نابێ سیفەتی مرۆڤی موسڵمان بێ. چونکە یەك لە کاریگەریە هەرێ گەورەکانی موسڵمان بوون رەحم و بەزەیی و دڵ نەرمیە.پێغەمبەر - (علیه الصلاه و السّلام) — دەفەرمووێ: (اِرحَمُوا مَنْ فِي الارض يَرحَمَكم مَنْ فِي السَّماءِ) (یەعنی خوای گەورە). دڵ رەقی و بێ بەزەیی ئەو شێخانە لە چ شتێ رەنگی دەداوە و بە دیار دەکەوت؟ منالێکی شێتیان دەهێنا یاخود مێردمنالەیەك یا ئافرەتێکی بەسەزمانی قوربەسەری روت و رەجال لەنێو دەردی هەژاری و نەبونیدا چرۆساو و داماو و چەوساوە بوو، لە ئەنجاما عەقلی تێکچوو بوو دەیانهێنایە خزمەت یا شێخ یاشێخ بەو پەڕی دڵ رەقی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد قاچەکانی بە زنجیر دەبەستەوە لە شیشەی پەنجەرەکەی، بە هەموو کەیفی خۆی بە گۆچانەکەی دایدەهاتێ و هەموو گیانی شین و مۆر دەکردەوە یا هەندێ جار دەستیشی دەشکا، شێتەی بەسەزمان زێڕەی رۆژە رێی دەرۆیی یا شێخیش رەحمی پێنەدەکردو دەیگوت دەی سەگە ناوان بڵێ؟!!!. ناوی چ بڵێ؟ ناوی ئەو جنوکانەی کە دەستیان

لێوەشاندوە. قەد لەبیرم ناچێ لەو چەند ساڵەی دوایی ئافرەتێکیان بردە لای شێخ شەیتانی لە کەرکوك کە عەقلی گۆڕابوو بەدەست مێردە نەزانەکەی. شێخ شەیتان بە (مووس) باسکی رەق و تەقی ئەو ئافرەتە بەسەزمانەی شەق کردبوو (خوێی) بۆ تێکرد بوو — ئەوە حاڵتە یا ناوان دەڵێی یاخود دەبێ بەم ئازارەوە بمرێ — بەداخەوە مردو بڕایە و هەستی کەسیشی نەجولاند. ئاخ لەو موسیبەتە گەورە، خوای گەورە هیدایەتمان بدەی و لە دەستی ئەو شێخە چەپەڵانە رزگارمان بکەی. ئەوسا شێتە لەلای چاکباوە یان چاك نەباوە دەبوایە پارەکەی باش بە شێخ بدا وەك دیاری تاوەکوو خەڵك واتێنەگەن یا شێخ بازرگانی بە شێخایەتی دەکا.

## (سەید و سەیداتی لە کوردستان)

با ئەوجا لەدوای ئەو کورتە باسە لەبارەی شێخەکانی تەریقەت لە کوردستان چەند دێرێکیش لەبارەی (سەید و سەیداتی) لە کوردستان بنووسین، چونکە ئەوەش کێشەیەکە پێویستی بە رۆنکردنەوە هەیە، من لە ئاستی خۆمەوە وەك کێشە سەیری دەکەم لەبەر ئەوەی بەخۆڕایی و بۆڕایی خەڵکانێکی زۆر خۆیان پێ هەڵواسیوە و هیچ سوود و قازانجێکی نیە، هەروەها خەڵکانێکی زۆریش بەشتێکی پیرۆز سەیری دەکەن. و ئەم پرسیارانە ئاراستەی هەموو کوردێك دەکەم با بۆخۆیان وەڵامی راستی بۆ بدۆزنەوەو وەڵامەکەی منیش بخوێتنەوە:-

١) ئایا سەید لە کوردستان هەیە؟

٢) ئەگەر هەیە ئایا ئەو سەیدانە کوردن؟

٣)ئایا مێژوو پەیدابوونیان دەگەرێتەوە بۆ کام سەدەی کۆچی؟

من لە ئاستی خۆمەوە تەواو قەناعەتم وایە کە سەید لەنێو کوردان نیە و نابێ هەشبێ. چونکە سەید تەنها و تەنها عەرەبن ئەو عەرەبەش دەبێ خەڵکی مەککە بێ لە وڵاتی حیجاز، هەروەها دەبێ

له هاشیمی و بەنی عبدالمنافەکان بن. واتا دەبێ له (ال البیت). واتا نەوەی پێغەمبەر بێ له (فاتمە) کچیەوە کە ژنی ئیمام عەلی کوری ئەبوتالبی مامی پێغەمبەرە، کە بێگومان هەم فاتمە –رضی الله عنها – و هەم ئیمامی عەلی - رضی الله عنها – سەیدن و گومان لەسەر سەیدایەتیان نیە و وەك سەیدەکانی کوردستان نین تەنها بە پشتێندە کەسکەکەیان – سەوز – خۆیان کردبێ بە سەید.

ئاینی ئیسلام تەنها مافی سەیدایەتی بە (ال محمد) داوە لەگەڵ ئەوانەی کە لە پشتی ئەوانەوە خوای گەورە – جل جلاله – خەلقی کردونە و خەلقیان دەکا تا رۆژی دوایی.

کە واتە هەر کەسێ بە شاهید و بە ئیسپات رەچەلەکی نەگەرێتەوە سەر (ال محمد) نابێتە سەید و تەنها پشتێندە سەوزەکەی بەو پایە و پلەی ناگەینی و کەسێکی درۆزن و خۆسەپێنەرە بەبێ هیچ مافێکی مرۆڤایەتی، یاخود  تا ئەو پەری جاهیل و نەزانە وەك هەموو سەیدەکانی نیشتەجێی گوندەکانی کوردستان.

نابێ هیچ کەسێ لەو ڕاستیە غافڵ و بێ ئاگاو بێ دەنگ بێت:- ئایا لە ڕۆژانی هاتنی سوپای صەحابەکان بۆ کوردستان لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوری خەتاب - رضی الله عنه – هیچ کەسێ لە (نەوەی پێغەمبەر) هاتووتە کوردستان ژنی لە کورد هێنابێ و نەگەڕابیتەوە وڵاتەکەی و لە کوردستان بەلای کەمەوە چەند ساڵێك جێگر بووبێ و خوای گەورە چەند کوڕو کچێکی پێ بەخشیبێ و ئەوانیش لە دواتر هەر لە کوردستان ژنیان هێنابێ و مێردیان کردبێ تا بەم چەشنە (سەید = سَیِّد) لە کوردستان بڵاوبوبنەوە؟

ئایا رووداوێکی ئاوا رۆن و ئاشکرا روویداوە لە کوردستان؟ کەس هەیە بتوانی ئەم رووداوە بە بەڵگەی تەواو ئیسپات کا؟

ئەگەر ئەو کەسە هەیە فەرموو با بێتە مەیدان و چیتر خۆی نەشارتەوە، گوناهی دەگاتێ بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) - :- (مَنْ آدعی الی غیرِ اَبیه أو إنتمی الی غیرِ

مواليهِ فعليه لعنه الله و الملائكة و الناس اجمعين. رواه الشيخان. الزواجر عن اقتراف الكبائر الجزء الثانى صحيفه ٥٨ لابن حجر الهيتمى. و قال عليه الصلاة و السّلام: (كَفَرَ مَنْ تبرّأَ اَو كَفَرَ باللهِ مَن تبرّأ من نَسَبٍ اَو رق او آدّعى نَسَباً لايُعرَف. رواه الطبرانى في الصغير. من حديث عمرو بن شُعيب عن ابيه عن جدِّهِ و حديثهُ حسنٌ.)

تا ئیستا ئەو کەسە لە کوردستان پەیدا نەبووە و هیچ جۆرە زانیاریەکی راستی کەم یا زۆر لەبارەی سەرهەڵدانی (سەید)هەبێ. ئاشکرایە ئەگەر بەو رێگەی پێویستە سەیداتی بڵاو نەبوبیتەوە، دیارە بە رێگەیەکی سەختە و سەختەکاری بڵاوبویتەوە.

لە بیرمە دەیانگوت لە کوردستان جەردەو رێگر گەلێ زۆر بوون، هەر کەسێ سەید با و پشتێندەکەی کەسك با روتیان نەدەکرد، لەو ترسە زۆر کەس هەبوون کە بەناو رێگەوبانی نێو چیاکانی کوردستان تێدەپەڕین لە ترسی جەردەو رێگران پشتێندی سەوزیان دەبەست و جەردەکان نەدەوێران روتیان کەن لە ترسی ئەوەی کە ئەوان نەوەی پێغەمبەرن، نەوەك بیانئەنگون و دم و لچیان خوار کەن هەر وەك چۆن لە شێخەکانی تەریقەت دەترسان. ئەو بیرو بۆچوونەش تا رادەیەکی زۆر رێیتێدەچێ.

پوختەکەی ئەوەیە سەید و سەیدایەتی لە نێو هیچ جۆرە گەلێکی موسڵمان نیە تەنها لەنێو عەرەبی نیمچە دوورگەی عەرەب نەبێ و بە رەگەز بگەرێنەوە سەر هاشیمەکان کە پێغەمبەر و بنەماڵەکەی.

من هیچ گلەیەکم نیە لەو رەش و روت و نەزانانەی سەیدایەتیان لە باو باپیران بۆ ماوەتەوە لەنێو جەرگەی کوردستان کە تاکە عەرەبێکیشی لەناو نەبووە لە کاتی خۆی، بەڵکوو لەو بە ناو سەیدەم هەیە کە ناوی لەخۆ ناوە مەلای دوانزە عیلم و وتاربێژ و سەرنووسەرەو بەبێ بەڵگە ناوی لەخۆ ناوە سەید (نەوەی پێغەمبەر)، لەبەر ئەوە داوای لێدەکەم کە بەڵگەی مێژوویی تەواو

رەچەڵەکی خۆیمان بۆ بباتەوە سەر پێغەمبەر - (علیه الصلاة و السّلام) — وە بە ئاشکرا بڵێ من سەیدێکی عەرەبم و بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان هاتوومەتە کوردستان، با چیتر پشتێندی دەمەتری کەسك (سەوز) بە درۆ نەبەستی.

من وادەزانم لە هەموو کات و شوێنێ بە درێژایی مێژوو (دین) دەسکەلا بووە — بە زاراوەی ئیستا — جۆکەر بووە — کەسانی زمان لوس و مونافیق و زۆرزان بە هاسانی سوود و قازانجی دونیەویان لێوەرگرتووە، لە کاتی ترس خۆیان پێ رزگار کردووە لەو ترسە، لە کاتی هەژاری خۆیان پێ لە هەژاری ئازاد کردووە، لە کاتی خۆ فەرز کردن و لوت بەرزی خۆیان بەسەر خەڵك فەرز کردووە و کەشخەیان پێوە لێداوە. لە کاتی دەسەڵات خۆیان بەو دینەوە بە دەسەڵات کردووە، وە وادەزانم ئەم حاڵەتانە لە کوردستانی ئێمە زۆر بەرچاو بووە. ئەی عەجەبا ئەمرۆ کەوا سوك و ریسواو دواکەوت و سەرشۆر بوە، ئایا لە رێگەی ئیمانەوە و بەهۆی ئیمان دوچاری گرفتاری ئەو هەموو دەردە کوشندانە بوە؟ وە لە هەمان کات جیهانی کوفر و ئیلحاد لە رێگەی کوفر و ئیلحادەکەی وا بەم شێوە سەرسوڕهێنەرە پێشکەوتووە؟ نەخێر هەرگیزاو هەرگیز ئەمە راست نیە، راستی تەواو ئەوەیە جیهانی ئیمان بەم شێوەیەی پێویستە ئیمانەکەی بەرێوە نابێ و ئەو ئیمانەی کە تا دوێنی پێشی خست ئەو ئیمانەی نەما، کەواتە شتێکی حەتمیە دەبێ کوفر و ئیلحاد بە ناخی زەویان باتە خوار تا جارێکی تر راست نەبێتەوە کە نەڕە شێرێك خۆی هەڵدێراندو هەر چوار پەلی وردوخاش بوو ئایا حەقیرترین گیانلەبەر بە گۆشتەکەی خەنی نابێ؟

## ( تاوان  و گوناهی دووەم  پارت و پەرتوکی بە ناوی ئیسلام )

بەراستی زۆر پێویستە ئەو گوناە و تاوان ە بە گوێرەی قورئان و سونەت روون بکرێتەوە بۆ هەمووو موسڵمانێکی خاوەن ئیمان و عەقیدەی ئیسلام کە ئەو پارت و پارتۆکیە بە ناوی ئیسلام گوناە و تاوانی گەورەن چونکە خەڵکانێکی یەکجار زۆر لە موسڵمانان ئەو راستیە نازانن لەبەر ئەوە تا قوڕ قوڕاگەیان  لەو گوناە و تاوانە گەورە تێوەر چوون و نقووم بوون ، بەڵکو بە یارمەتی خوای گەورە رزگاریان ببێ و بێنە سەر رێگەی هیدایەت و پشت لەو گوناە و تاوانە بکەن بەڵکو چیتر موسڵمانان واتێنەگەن کە ئەندامەتی لە نێو ئەو خیزبە بە ناو ئیسلامیانە لە رێزی خوا پەرستیە و بۆیان بە خواپەرستی دەژمێردری و جیهادە.

زۆرم سەیر بەو موسڵمانانە دێ لە کاتی موجادەلە دەڵێ وەرە بۆم ئیسپات کە کە پارت و پارتۆکی بە ناوی ئیسلام حەرامە و بە توندی نەهی لێکراوە و لە دەقی ئایەت و حەدیس !

نە گومانی تێداو نە شتێکی شاراوەیە کە پارت و پارتۆکی چ بە ناوی دین و بە ناوی عەلمانیەت بە دەقی دەیان ئایەت و حەدیس پیرۆز حەرام کراوە نەهی لێکراوە، وەك دوای کەمێکی تر بۆت بە دیار دەکەوێ . بەڵام من بەر لە هەندێ قسەیەکی خۆم  هەیە . ئاینی ئیسلامی پیرۆز کە ڕاستیەکی رەهایە  ـ حق مطلق  ـ چۆنکارێ یا شتێ حەڕام ناکاو زۆر بە توندی نەهی لێناکا کە هەر لەسەرەتای دروست بوونی لەسەر ئەم ئەرزە بە درێژایی مێژوو هۆکارە هەری گەورەی نانەوەی شەڕ و فیتنەو خوێن رێژی و وێران کردنی شارو لادێ و هەندێ جاریش هۆکاری هەرە گەورەی  لەدەستدانی گەل و وڵاتە وەك جیزبی بە نازی  بە سەرۆکایەتی (فۆهر ئەدۆلف هیتلەر ) دەوڵەتی ئەڵمانی دۆراند ئەو دەوڵەتی کە بسمارك دروستی کردبوو لەساڵی (١٨٧٠) ئەو بسمارکەی کە گاڵتەی بە پارت و پارتۆکێ دەهات ، هەروەها (مۆسۆلۆنی) سەرۆکی پارتی (فاشی) لە ئیتالیا ئەمیش حالی حالی هیتلەرو بەیەکەوە لە جەنگی جیهانی دووەم ولاتەکەیان دۆراند . دوای دەیان سال ئەوسا ئەو دوو دەوڵەتە خۆیان گرتەوە.

هەروەها هۆكاری هەرە گەورەیە لە جەنگی خۆخۆری و نانەوەی بوغزو رق و كینە و لە ناوبردنی برایەتی و هەموو پەیوەندیە كۆمەلایەتیەكانی كە ئاینی ئیسلام بە درێژایی سەدان ساڵ لە نێو گەلانی موسڵمان دروستی كردبوو سەیر ئەوەیە كەس نیە ئەو راستیانە نەزانێ بەڵام زۆر كەس لەو راستیانە لادەدا و خۆی لێدەشێرێتەوە و لێی هەڵدێ لە رێگەی جۆرەها پەرت و بیانگە و دۆزینەوەی جۆرەها ماناو راڤە تەئویلی رەشۆكی بۆ ئایەت و حەدیس لە پێناو پیرۆكردنی پارت و پارتۆكێ بە ناوی ئیسلام ، ئەوەچیە بەرژەوەندی حۆی تێدایە . لێرەدا دەپرسین چۆن خوای گەورە كارێ یان شتێ حەلاڵ دەكا كە بە درێژایی مێژوو سەرچاوەی هەرە گەورەی حیقد و بوغز و كینەو خوێن رێژی و ماڵوێرانی و نانەوەی دوبەرەكی و و دوبەرەكی و دواكەوتنە لە هەموو بوارەكانی ژیان. ئاینی ئیسلامی پیرۆز رێگە بە دوو كەسان نادات پەیوەندی خۆیان بپچكرێنن و ئەو پچكراندنە نابی لە سێ رۆژ  پتر دەوام بكا ، ئەی كەواتە چۆن رێگە دەدا لە نێو موسڵمانان دوو حیزبی لە یەك جیا دروست بێ و لە پێناو بەرژەوەندیی دونیایی یەكتر ببڕێنەوە و ئایین و گەل و نیشتمان لە ناوبەرن ؟

ئێمەی موسڵمانی كورد ئەمرۆ پێویستە لەسەرمان ئەو راستیە كوشندەو تفت و تاڵە بزانین كە حیزب و حیزبانێ بەسەر ئێمەی هێناوە . والله هیچ گەلێك نیە لە دونیادا بە درێژایی مێژوو بە قەد دەیەكی كورد بە دەست حیزب و حیزبانێوە ماڵ و وێران و نیشتمان دۆڕاو ئیرادە دۆڕابێ ، بە تایبەتی لەسەرەتای سەدەی بیست و یەك ئیتر بابەس بێ چەكی حیزب و حیزبایەتی فرێدەین و روكەینە ئاینەكەی خوای گەورە بەدڵ و بە گیان، بۆ ئەوەی رزگارمان بێ لەو بەڵاو موسیبەتەی حیزب حیبانی بە هەر ناوێك هەبێ ، كەوا خەریكە لە ناومان دەبات ، پارت و پارتۆكی لە نێو ئێمەی موسڵمانی كورد هەر هەموو رازنیازو ئامانج و مەبەستە پیرۆزەكانی كوردی لەناوبرد، والله تا پارت و پارتۆكێ لە ناومان مابێ جارێكی تر خێر لەخۆمان نابینین و هەموو رازو نیازو ئاوات ئامانجە پیرۆزەكانمان دەبێتە خەون و خەیاڵ و خەبەركانە.

## (ئیسلامەتی بە توندی پارت و پارتۆکێ رەتدەکاتەوە:)

برای موسڵمانی حیزبی : تۆ پەیمانت لە گەڵ خوای گەورە ـ جل جلالە بەستوە کە هەمیشە دەست بە ئاینەکەی خوای گەورەوە بگری هەموو نەهیەکانی ئەو ئاینە بەرپەرچ بدەیەوە و لێی دوورکەویەوە ، ئاشکرایە حیزب حیزبانی یەك لەو کارانەیە کە بە توندی خوای گەورە ـ جل جلالەـ وە پێغەمبەرەکەی نەهیان لێکردیە، کەچی تۆ ئەو نەهیەت پێشێل کردووە، کەواتە کوا ئەو پەیمانەی کە بە خوای گەورەت داوە و گوتوتە ( سَمِعْنا و أطَعْنا) واتا: بەڵێ خوای گەورە گوێم لێت بوو و مل کەچت بووم کەچی لەو لایەنە وەك جولەکەکانت کرد کە گوتیان ( سَمِعْنا و عَصَيْنا) گوێمان لێت بوو بەلام قسەشت دەشکێنین!

فەرموون ئەو ئایەتە پیرۆزانە بخوێنەوە و تێبگەن کە یەکجار بە توندی نەهی لە حیزب و حیزبانێ دەکا بە هەر ناوێك بێ، لە ژێر هەر دروشمێکی بریقەدار بێ و لە هەر کات و شوێنی بێ : ـ

١- ولا تَكونوا كا الّذين تَفرَّقوا و اْخْتلفُوا مِنْ بَعِد ما جاءَهُم البيِّناتُ اوليك لهمُ عَذَاب عَظيم) . ال عمران (١٠٥).

بە کورتی : نەکەن وەك ئەو گەلانە بن کە خۆیان پەرتەوازەو پەرت و بڵاو کردو جۆرەها بیرو باوەری لەیەك جیایان بە خۆ گرت دوای ئەوەی کە کیتابە رۆشەن و رۆشنکەرەکەی خوای گەورەیان بۆ هات.

٢- إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ). الانعام (١٥٩).

بە کورتی ئەو کەسانەی کە ئاینەکەی خۆیان ـ ئاینی ئیسلام ـ پارچە پارچە کرد و بە هۆی بەرژەوەندی حیزبایەتی و لە پێناو کورسی و پارەو پۆڵ ، ئەی پێغەمبەر تۆ لە ئەوان بەرئیی ، تۆ

**لەوان نیت ، ئەوانیش لە تۆ بەرین ، لەوانەگەرێ بۆ خوای گەورە ، هەر خوای گەورە خۆی دەزانی چیان بەسەر دەهێنی.**

**ئایا بە چ رێگەیێ ئاینی ئیسلام لەیەك پارچەیی دەكری بە چەندان پارچەی لەیەك جیا بێگومان لە رێگەی حیزب حیزبانیێ.**

٣- ﴿فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُم بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ **المومنون (٥٣)** ﴿فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ حَتَّى حِينٍ﴾ **المومنون٥٤**

٤- ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ(٣٢) ﴾ االروم (٣١، ٣٢).

**٥/ بە كورتی ئەو پەتە توندو تۆڵەی كە دەستیان پێوە گرتبوو ـ یەعنی ئاینی ئیسلام لە نێو خۆیان پارچە پارچەیان كرد ئەوانە كی بون ؟ جولەكەو دیانەكان موسڵمانان ئێوەش نەكەن وەك ئەوانە بكەن ئەوسا كەوایان كرد واتا: بوون بە جۆرەها حیزبی لە یەك جیا هەریەكەیان پارچەیەكی لەو پەتە بۆخۆی فراندو بەركەوت ئیتر هەریەكەیان بەپارچەكەی خۆی هەڵدەگووت كوردی گۆتەنی هەریەك بە یاری خۆی هەڵدەگووت و مەدحو ستایشی دەكرد و خۆی پی راست بوو ئەوانی دیكەشی پێ هەڵەو دوژمن بوون. ئەمە سیفەت و سروشتی هەری گەورەی حیزب و حیزبانیێیە. كەواتە موستەحیلە سەد جاریش موستەحیلە دووحیزب ـ لە هەر چەشنێ بن رۆژی لە رۆژان بگەنە یەك ببن بە برای یەك . تەنها ئەوانە نەبن ـ الا من رحم ربی )كە بە توندی دەست بە قورئان و سونەتە پیرۆزەكەی ( محمد)دوەعلیە الصلاە و السّلام ـ دەگرن و لە پێناو هیچ جۆرە بەرژەوەندیەكی مادی و مەعنەوی دەستی لێ بەرنادەن و خۆیان بە پەك پارچەیی دەهێڵنەوە و خوای گەورە بە دڵسۆزی دەپەرستن ، وەك خوای گەورە دەفەرمێ:**

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة(٧١)

**٦/ به كورتی نه‌ك وه‌ك ئه‌و موشریكانه بن كه ئاینه‌كه‌ی خۆیان ـ ئاینی ئیسلام په‌رته‌وازه كرد له یه‌كتاپه‌رستی لایاندا بۆ هاوبه‌شی په‌یدا كردن بۆ خوای گه‌وره سبحانه و تعالى ـ دابه‌ش بوون بۆ سه‌ر چه‌ندان حیزبی له‌یه‌ك جیاو دوژمن به‌یه‌ك ، ئه‌مانیش هه‌ریه‌كه‌یان به یاری خۆی هه‌ڵگوت . وه‌ك ئه‌و گه‌له موسڵمانانه‌ی ئه‌مرۆ كه به ده‌یان جیزبیان لێكه‌وتۆته‌وه.**

**٧/ پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستمان ـ صلى الله عليه و سلم ـ كه رابه‌رو سه‌روه‌ری پێغه‌مبه‌ران ـعليه الصلاه و السّلام ـ سه‌روه‌رو كۆڵه‌گه‌ی یه‌كتاپه‌رستی و یه‌كپارچه‌یی موسڵمانانه ده‌فه‌رمێ :** ﴿افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، وافترقتِ النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة، قيل: من هي يا رسول الله؟ قال: من كان على مثل ما أنا عليه وأصحابي﴾ رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه والحاكم، وقال :صحيح على شرط مسلم

**ئه‌و حه‌دیسه راست و پیرۆزه یه‌ك له موعجیزه‌كانی پێغه‌مبه‌رعليه الصلاه و السّلام موسڵمانانی ئیمان و عه‌قیده ته‌واو هه‌رگیز نه‌ده‌بایه روو له حیزب و حیزبانی كه‌ن كه مادام ئه‌و حه‌دیسه بزانن و ئاگاداری ماناكه‌ی بن . ئه‌وه‌تا ده‌فه‌رموێ جوله‌كه‌كان بوون به حه‌فتاو یه‌ك حیزب ، وه دیانه‌كانیش بوون به حه‌فتاو دوو حیزب ، ئومه‌تی منیش به‌م زوانه ده‌بێته حه‌فتاو سی حیزب . هه‌موویان دۆزه‌خین ، ته‌نها یه‌كیان نه‌بێ . گوتیان یا رسول الله ـ صلى الله عليه وسلمـ ئه‌وانه كێن ؟ فه‌رموی. ئه‌وانه كه وه‌ك من و ئه‌صحابه‌كانم ده‌ست به قورئان و سونه‌ته‌وه ده‌گرن ده‌ستی لێ به‌رناده‌ن و ره‌دو ئه‌و حیزبانه ناكه‌ون و به توندی نه‌هی لێده‌كه‌ن و هه‌میشه ده‌ڵێن :**

﴿إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ﴾ **الانبياء ٩٢.**

**سه‌یری ئه‌مرۆ حیزبه به ناو ئیسلامه‌كان چ به خۆیان و موسڵمانان ده‌كه‌ن ، له به‌رامبه‌ر ئه‌و حه‌دیسه راست و پیرۆزه ؟ دیانه‌وی به هه‌موو شێوه‌یه‌ك ، به هه‌موو رێگه‌یه‌كی شه‌یتانی و ناڕه‌وا ئه‌و حه‌دیسه به ناوبانگه به درۆخه‌نه‌وه، له پێناو بیرو باوه‌ری ناره‌وایی حیزبایه‌تیان . بی گومان**

**سەرکردەکانیان و رابەرە زمان لووسەکانیان بەو گوناهە گەورەیە هەڵدەستن تا گشت موسڵمانانی نەزان و ساویلکەیی و بی خەبەری پی لە خشتە بەرن و رایانکێشنە نێو حیزبەکانیان.**

**٧/ (**مالي أراكُمْ عِزيناً**) حديث الصحيح رواة ابوداود و النسائي و أبن حبان عن جابرين سَمُرة ـ رضى اللهُ عنه. ( من كتاب فيض القدير / المجلد الخامس / صحيفة ٥٩٢ رقم الحديث (٧٩٧٥) للشيخ محمد بن عبد الرووف المناوي).**

**بە کورتی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ دەفەرموێ : ئایالەبەر چی دەتان بینم بوون بە چەندەها پارچەو پووچی لەیەك جیا؟ ئەمەش یەکێك لە موعجیزەکانی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم ـ هەروەك بڵێی وا ئێستا لە ناومان دەژی و ئێمە دەبینی کە قورمان بەسەر خۆمان کردووە و خۆمان دابەش کردووە بۆ چەندەها حیزبی دوژمن بەیەك.**

**باشە حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان دوای ئەو چەند بەڵگە یەکجار روون بەهێزە کە کە بۆم باس کردن بۆخۆتان لە من چاکتر دەیانزانن ـ بۆ چەکی حیزب حیزبانی فرێنادەن ، بۆ واز لە بیرو باوەڕی حیزب حیزبانی ناهێنن، ئایا ئاینی ئیسلام بۆ ئەوە نەهاتووە گەلانی سەر ئەرز بکات بەیەك پارچە؟ ئایا سەروەختی پێغەمبەر ـعلیه الصلاه و السّلام ـ ئەوەی کە دەستی پیراگەیشت نەیکردن بە یەك پارچە؟ ئایا ئێوە بۆ لەیەکتان جیا کردەوە چ شتی پاڵی پێوە نان ئەو گوناە و تاوانە ئەنجام بدەن بۆ من مەلێن بۆ خوا بڵێن توخوا یەکپارچەیی لە دوو پارچەیی چاکتر نیە نەك لە سی پارچەیی یان زیاتر وەڵام دەنەوە باشە ئێمەی موسڵمان خاوەنی یەك خواو یەك قورئان و یەك پێغەمبەر نین بێ شك دەبی بڵێین بەڵێ. ئەی کەواتە ئەو هەموو حیزبە بە ناو ئیسلامانە بۆ چیە . ئەگەر هەر سورن لەسەر حیزبایەتی دیارە خۆتان بە خاوەنی یەك خواو یەك قورئان و یەك پێغەمبەر نازانن.**

**ئایا خوای گەورە ـ جل جلالە ـ لەو ئایەتە پیرۆزانەی کە بە ئەو پەڕی رۆنی نەهی لە حیزب حیزبانێ دەکا دەتانەوی چ جۆرە ئایەتێکتان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی وازبێنن لەبری وشەی (**أعْتَصِموا**) (** ولاتفرَّقوا**) دەتانەوێ دەتانەوی چ ئەمرو نەهیەکی تر بەکار بهێنی؟ ئەگەر (**أعْتَصِموا**) بەمانای یەك**

**پارچەیی نێیەت، وە (** ولاتفرَّقوا) **بە مانای نەهی کردن لە حیزب حیزبانێ نێیەت، ئەی کام وشە بەلای ئێوە ئەو مانایە دەبەخشێت ؟ ئەگەر نەهی کردن لە ( تەفرەقە : ناکۆکی نانەوە ) بە مانای نەهی کردن لە حیزبایەتی نێیەت بەلای ئێوە کام وشە لە کام زمان ( لغە) بەو مانایە دێت؟**

## (بەلگەیان لەسەر بە حیزبایەتیکردنی موسڵمانان چیە؟)

**لە بیرتان نەچێ ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە هەر گەلی دەستی بگاتی لەسەر وشەی ( لا اِلهَ اِلَّا الله) یەکپارچەیی لە نێو دروست دەکا، هەموو هۆکارەکانی دووبەرەکی و ناکۆکی و دوژمنایەتی لە ناودەبات لە رێگەی ئەو ووشە پیرۆزە باشە مانای چیە ئەو موسڵمانانەی ئەمرۆ گەورەترین هۆکاری فیتنیەو ئاشوب و خوێن رێژی دەگەرێنێتەوە نێو موسڵمانمان ؟ بیانو بەلگەیان چیە لەسەر بە حیزبیکردنی موسڵمانان؟**

**بۆ ئەنجامدانی ئەو گوناە و تاوانە گەورە پەنا دەبەنەبەر حەدیسێکی بە درۆ کە بە بوهتان لەسەر زاری پێغەمبەر هەڵبەستراوە ، کە دەڵێ (**أَختلافٌ أُمتي رَحمةُ**) کە بێ شك ئەمە حەدیس نیەو حاشا پێغەمبەر -علیە الصلاە و السّلام - حەدیسی وای فەرمووبێ . شێخ محمد عوثیمین رەحمەتی خوای لێبێت لە بارەی ئەو حەدیسەوە دەفەرموێ (** أِذا كان الأختلافْ رَحمة أِذنْ فالأتِّفاق غَضبٌ) **ئەگەر نانەوەی جیاوجیاکاری رەحمەت بی ئەوە رێکەوتن و برایەتی غەزەبە واتا غەزەبی خوای گەورە - سبحانە و تعالی.**

**هەروەها سەرانی ئەو حیزبە بە ناوی ئیسلامیانە لە پێناو پێرۆکردنی حیزبایەتیان پەنادەبەنە ئەو خیلافە بچوکانەی کە لە میانی صەحابەکانی پێغەمبەر - رض الله عنهم - رووی داوە !! وەك ئەو جارەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم - چەند صحابەیەکی - رضی الله عنهم - بۆ بەنی نەزیر - ینو النضیر) نارد پێی فەرموون نوێژی ( عصر) لەوێ بکەن ، کاتی لە رێگا کە زانیان نوێژەکەیان دەچێ هەندێکیان نوێژەکەیان کرد، لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەفەرموێ (**.... انَّ الصلاة كانت على المومنين كتاباٌ موقوتا) **یا لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەفەرموێ:** ( أفضلُ الاعمالِ الصلاةُ في وَقتِها) **ئەمانە**

**گوتیان کەواتە نابی نوێژەکەی (عصر) بە دواخەین ، ئەوانی تر گوتیان ئێمە لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر ــ** علیة الصلاة والسلام **تا نەگەینە ( بەنو نەزیر) نوێژی عەسر ناکەین لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەفەرموێ(** فَمَن يُطح الرَّسول فَقَدْ اَطاعَ اللة...) **. هەر کەسێ مل کەچی پێغەمبەر بێ** علیة الصلاة والسلام) **ملکەچی خوای گەورەیە . کەواتە هەردولایان بە گوێرەی کیتاب و سوننە هەڵسی و کەوتیان کرد کاتی کە گەرانەوە مەسەلەکەیان بۆ پێغەمبەر** (علیة الصلاة والسلام) **گێرایەوە نکوڵی لە هیچ کامیان نەکرد، چونکە هەردولایان بە پێی دەقی کیتاب و سونە ئەرکی خۆیان جێ بەجی کرد. باشە لێرەدا دەڵێین و پرسیار دەکەین ئایا ئەو بیرو بۆچوونە جیایەی صەحابان** ـرضی اللة عنهم **ــ رێخۆشکەرە بۆ ئەوەی برایانی موسڵمانانی ئەمرۆو دوێنێ ئەو هەموو حیزبە بە ناو ئیسلامیە دامەزرێنن کە هۆکاری هەرە گەورەی هەموو فیتنەو ناخۆشیەکە؟سەرانی حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان ئێوە چ دەقێکتان لە کیتاب و سوونە بە دەستەوەیە تا بیکەن بە بەڵگە ( دلیل) لەسەر دامەزراندنی ئەو هەموو حیزبە دوژمن بە یەکە ؟ ئایائیسلام بۆ ئەوە هاتووە دوژمنایەتی بنێتەوە لە نێو موسڵمانان یاخود تەبایی و برایەتی و یەکگرتن و خۆشەویستی ؟ نەخێر هیچ دەقێکیان بە دەستەوە نیە و تەنها کۆمەڵێك لە بیانو و فرت و فێل کە هەر هەموویان لە ناخی هەواو هەوەس هەڵقولاوە ، شوێنکەوتوی هەواو هەوەسن و زیاتر نا ، شوێنکەوتنی هەواو هەوەس زۆر زەحمەتە لە رێگە بە مرۆڤ بدا رێگەی هیدایەت و سەرفیرازی بگرێتە بەر ، خوای گەورە دەفەرموێ:** ﴿فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾ **القصص(٥٠).**

**نەیانتوانی بەسەر هەواو هوەسی خۆیاندا زال بن تا ئەو کارەیان بە خۆیان کردو موسڵمانانیان پەرتەوازە کرد دوای ئەوەی زانینی تەواویان لە لای خوای گەورە ــجل جلالە ــ بۆ هات:** ﴿وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ إِلَىٰ أَجَلٍ مُسَمًّى لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِنْ بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مُرِيبٍ﴾ الشورى (١٤).

ئەگەر بیرو بۆچوونی جیا بەشێکە لە ئیمان و عەقیدەتان و ناتوانن وازی لێبێنن دە کەواتە هەر حیزبێك لە ئێوە دابەش بوو بەسەر خۆی و حیزبێکی دیکەی لێکەوتەوە ، با جیزبی ( دایك) ئاهەنگی بۆ بگێرێ لەبری ئەوەی بەسەدان عەیبو عاری یەکتر ئاشکرا کەن هەروەك چۆن دایك و باوك دڵخۆش دەبن بە یەکەم منالْیان .

لەو بەلگە پوچانەی کە هانایان بردۆتە بەر بۆ بە حیزب کردنی ئیسلام و موسڵمانان :دەڵێن ئێمەین جەماعەتی ئیسلامی ( الفرقه الناجیه یوم القیامه)، باشە جەماعەی ئیسلام یەکەو نابێ بە دوو ، کەچی ئێوە چەندان حیزبتان بە ناوی ئیسلام دامەزراندووە و هەریەکەیان دەڵێن: ئێمەین جەماعەتی ئیسلامی ، باشەکامتان هەون؟ و کامتان هەونیە؟

## (کورتە باسێکی بیرو بۆچوونی جیا:-)

سیفەتی بیرو بۆچوونی جیا لە نێو کۆمەڵگای مرۆڤ شتێکی سروشتیە دەبی هەر هەبێ و هەر هەبووە، بەلام ئەوەی کە پێویستە بیزانین ئەوەیە: ـ دەبی ئێمەی موسڵمانان هەمیشە بەسەر بیروبۆچوونی جیای خۆماندا زالبین لە پێناوی (حەق) واتا راستی هەرگیز نابێ بە قوربانی بیروبۆچوونی جیاو جیاکاری خۆمان کەین ، چونکە زال بوون بەسەر بیروبۆچوونی جیا لە پێناوی حەق کارێکی یەکجار هاسانە وەك زال بوون بەسەر لایەنی ( زایەنی) جنس و برسیەتی و تینوەتی نیە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ.

موسڵمان هەرکاتێ توانی زالْ بێ بەسەر حەسودی و لوت بەرزی و بە فیزی و بەرژەوەندی ماددی و مەعنەوی خۆی لێت مسۆگەر بێ بە هاسان زالْ دەبێ بەسەر بیرو بۆچوونی جیاو جیاکاری کە هیچ نرخ و ماناو کێشێکی نیە لەبەرامبەر سەرخستنی راستی ( حق).

ئەم زال نەبوونەیە کە بوویتە هۆکارێ لە هۆکارە هەرە گەورەکانی دروست بوونی جۆرەها حیزب بە ناوی ئیسلام یا بە ناوێکی ترو رێگرە لەبەردەم رێکەوتن و برایەتی و تەبایی و نانەوەی ئاشتی و ئاسایش و هەموو هۆکارەکانی پێشکەوتن لە هەموو لایەنەکانی ژیان.

له بیرتان نەچێ لە نێو هەموو ئایەتەکانی قورئامی پیرۆز ئایەتی یا وشەێ نادۆزیەوە مەتح و ستایشی خیلاف بکا ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە چەندان ئایەتمان هەنە کە لە دژی خیلافە ئەگەر چی کە بەشێکە لە سیفەتی مرۆڤ (... ولايزالون مُختلفينَ اِلآ مَن رحِمَ رَبُّكَ...). هەرکاتێ علیم تەقوا هیدایەتی خوای گەورە لە گەڵ یەك کۆبونەوە لە نێو دڵو دەرونی هەر کەسێك گومانت نەبێ توخون خیلافێ ناکەوێ کە لە راستی دا تێدا بزربوونی و پێشێل بکرێ و هەرگیز پێدا ناگرێ لەسەر نانەوەی جیاو جیاکاری و ململانێ لە پێناو بەرژەوەندیەکانی ژیانی دونیا . زانایان دەڵێن : ( كُلما زادَ عِلمُكم قَل الأنكار).

## (هەندی لە گێژاوەکانی ئەو حیزبانە)

بە یارمەتی خوای گەورە من تەنها هەندێ لەو گێژاوانەتان ئاگادار دەکەمەوە ، ئەوانیتر بۆ برایانی موسڵمان جێدێڵم:

١/ یەك لە هۆکارە هەرە گەورەکانی کە خوای گەورە ـ جل جلاله ـ پێغەمبەرانی علية الصلاة والسلام.. لە پێناو ناردوە لە گەڵ پەیامەکانیان بەیەك پارچەکردنی ئەو گەلانەیە کە ئیمانیان پێدەهێنن، ئەو راستیە لە هەموو موسڵمانێك رۆن و ئاشکرایە جێگەی گومان لێکردون و ( دەمەو دەم)نیە ( الممارات و المجادلات) ، کەچی سەرانی بە ناو حیزبە ئیسلامیەکان ئەو راستیەیان تەواو پێشێل کردووە و دوبارە دوبەرەکی و سی بەرەکی و دەبەرەکیان گەراندەوەنێو موسڵمانان و ریزەکانیان تێکدان و بەقوربانی بەرژەوەندی و هەواو هەوەسی خۆیان کرد. دەبی ئێمە موسڵمانان زۆر چاك بزانین کە ئەو کارە گوناە و تاوانێکی یەکجار گەورەیە لە ژێر هەر پەردەیەك و هەر بیانویەك و هەر دروشمێکی بریقەداربێ و لەژێر گوشارێکی دەرەکی یا ناوەکی، چونکە هەمومان دەزانین خوای گەورە جل و جلاله ـ یەکەو نابێ بە دوو ، کەواتە دەیەوێ موسڵمانانیش یەك بن و نەبن بە دوو.

لەپەرت و بیانوە هەرێ گەورەکانیان بۆ پیرۆکردنی جیزبایەتی ئەو گوتەیە کە دەڵێ:( الضرواتُ تبيحُ المحضروات) واتا : ناچاری هەندێ شتی حەرام حەلال دەکا وەك ئەو کەسەی لە چۆلەوانیەك

**خەریكدەبێت لە برسان بمرێ ، ئەو كەسە بۆی هەیە كەلە كەلاكێكی مردار بخوا بەو برەیەی كەلە مردنەكەی بپارێزێ ، كەچی ئەو حیزبانە بۆ حەلال كردنی چەندان حەرام پەنا دەبەنە بەر ئەو گوتەیە بێ ئەوەی پێویست بێ، یەك لە وان دروستكردنی حیزب بە ناوی ئیسلام ، هەروەها لەم بیانوانەی بە كاری دەهێنن بۆ ئەو مەبەستە ئەوەیە: دەڵێن بە حیزبیكردنی ئیسلام و موسڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەر** (علیة الصلاة والسلام) **پێویست نەبوو، بەڵام ئەمرۆ پێویستە ، چونكە ئیسلام پێویستی بە گەشەپێكردن هەیەـ پەنا بە خوای گەورە ـ لەو گوناهە گەورەی كە دەیخەنە پاڵ دەیان گوناهی گەورەیان ـ من هەر ئەوەندە دەڵێم : هەرچەندە دونیای مرۆژ گەشە بكا هێشتان ئاینی ئیسلام گەلاّ گەشەدارترە، ئەگەر وانەبا نەدەبوو خوای گەورە پێمان بفەرمووێ كە موسڵمانان پەیامەكەتان دوا پەیامی منە لەسەر زەوی و بفەرموێ** ( أليومَ اكملْت لكم دينكم....) **وە پێغەمبەرەكەشتان ـ** علية الصلاة والسلام **ـ دوا پێغەمبەری ـ** ( ما كان محمدُ أَبا أَحدِ مِنْ رِجالِكُم و لكنْ رَسولَ و خَاتَمَ النبينَ و كان اللهُ بِكل شيِ عليماَ) **. الاحزاب (٤٠) برایانی موسڵمان بۆ خۆتان چاك بیر لەو پێناوە پۆچ و بێ كەڵكە بكەنەوەو راستیەكانی بۆ خۆتان بدۆزنەوە ، چونكە هەر ئەوەندە نیە من نوسیوەتم.**

**٢/شكاندنی فەرمانی خوای گەورە بە یەكگرتن و پارێزگاری كردن لەو یەك پارچەیە ئەو یەك پارچەیی و یەك ریزیەی كە خوای گەورە لە چەندان ئایەت لە قورئانی پیرۆز ئەمرمان پێدەكات وەك ئەم ئایەتە :** (وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ **الانفال﴾ خوای گەورە سبحانە و تعالی ـ لەو ئایەتە بە توندی نەهیمان لێ دەكا لە تێكدانی یەكپارچەیی موسڵمانان لە رێگەی حیزب حیزبانی بێ یا لەهەر رێگەیەكی دیكەوە دوای ئەوەی ئەمرمان پێدەكا كە مل كەچی خوای گەورە و _ جل جلالە_ پێغەمبەرەكەی بین لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی حیزب و حیزبانێ سەرچاوەی كەوتن و لە ناوچوونە و سەرچاوەی هەموو ململانەكانە.**

**٣/ لە پێناو پیرۆكردنی حیزب حیزبایەتی پەنا دەبەنەبەر بەلارێدابردنی ماناو راڤەی ئایەت و حەدیس و پەنا دەبەنەبەر حەدیسی لاوازو هەڵبەستراو وەك ( اختلاف امتي رحمة). ئەو گوناهە گەورەش موسڵمانێكی زۆری پێهەڵدەخەڵەتێ و ماڵ وێران دەكا.**

**٤/ له گێژاوەكانی ئەوان حیزبانە ئەوەیە خیلافە بچوكەكانی نێوان صەحابان و زانایانی ئیسلام دەكەنە بنەمایەكی زلی پیرۆكردنی حیزبەكانیان و بە حیزبیكردنی كردنی موسڵمانان.**

**٥/ وەك هەموو حیزبێكی عەلمانی پەنا دەبەنەبەر ( میگافلیەت كە دەڵێ:(** الغايةُ تبررُ الوسيلة اَو الواسطة**) واتا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەكانت چی دەكەی بیكە تۆ گوناهبارو تاوانبار نابێت بە كورتی هەموو فرت و فێڵ و تەلەكەبازیەك بەكار بهێنە كە مادام بە ئاواتیخۆت دەگەیەنی و دەگەیە مەبەستەكانت.**

**٦/ لە گێژاوەكانی ئەو حیزبانە : بارگرانیەكی یەكجار قورس دروست دەكەن لەسەر ئابووری ولات و حكومەت و دەبنە مۆڵگەیەكی یەكجار بەرفرفوان بۆ سەدان هەزار مشەخۆر و لاپرە سەن و تەمەڵ و تەوەزلان كە بێگومان هیچ بەرهەمێكی ئابووری و زانستیان نیە و نابێ و بەرهەمێكی كشتوكاڵی و پیشەیان نیە.**

**٧/ ئاینی ئیسلام بەبەرچاوی هێزەكانی كوفر و ئیلحاد سووك و ریسوا دەكەن پێمان دەڵێن ئەگەر ئایتی ئیسلام یەك لە بنچینەكانی یەك پارچەییە ئەی كوا ئەو یەكپارچەییەی خوای گەورە داواتان لێدەكات ؟**

**٨/ سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندن بۆ خزانی ملیۆنەها بیدعەباز لە هەموو جۆرەكانی بیدعەبازان بە ناوی ئیسلام ، جگە لەبەخۆ گۆتنی هەزاران مونافیق و دوژمنانی ئیسلام ، لەوانەی كە دەیانەوێ لە رێگەی ئەو حیزبە ئیسلامیانە اسلام بن كۆڵ كەن یاخود پەناگەیەكی یەكجار بەرفراوانەبۆ توندرەوان و تەكفیریەكان ئەوانەی كەلەسەر یەك بچوكترین هەڵە موسڵمانان و كافر دەكەن.**

**٩/ ئایەتی(** اَن اكرمَكم عِند الله أَتقاكُمْ اَنَّ الله عليمٌ خبيرٌ**) لە نێوانیان بزر دەبێ و فەرامۆش دەكرێ ، واتا : خۆشەویسترین و بەریزترین موسڵمان لە لای خوای گەورە ـ جل جلالە ـ ئەو موسڵمانەیە كە زیاتر لە هەموو موسڵمانێك خۆی دەپارێزێ لە گوناە و تاوان لە ترسی دۆزەخەكەی خوای گەورە و وەدەست هێنانی بە هەشتەكەی كەچی (اكرم) ترین كەس لە لای ئەو حیزبانە ئەو كەسەیە كە زیاتر**

خزمەت بەو حیزبانە دەگەیەنێ با ئەو کەسە لە گەورەترین گوناهباران بێ . ( اَن اکرمَکم عندنا اَکثرُکم خدمة لحزبة المنتمي اِلية ). (اَن اکرمکم عَندنا اکثرکم خدمة لحزبنا) ئەمە لە گەورەترین دروشمیانە .

١٠/ ئەو کەسەی ئەمرۆ خزمەتیان دەکا و لە نێو حیزبەکەیان ئەندامە ئەوە پیاوی چاك و تێکۆشەرە کەسەی حیزبەکەی خۆی گۆری دەبێ بە خائین و خۆفرۆش یاخود بە پێچەوانەوە.

١١/ فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە بە لایانەوە هەر هێندە پێویستە کە خزمەتی حیزبایەتی پێبکەن ، ئاشکرایە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە ( الامر بالمعروف و النهی عن المنکر) یەکێکە لە بنەما هەرە گەورەکانی ئیسلام و موسڵمانان خوای گەورە جل جلالە ـ ئەو ئەرکەی بەسەر موسڵمانانەوە پێویست کردووە ، لەبەر ئەوە لەسەر هەر هەمووومان پێویستە ئەو ئەرکە پیرۆزە ئەنجام بدەین هەریەکەمان لەژێر بازنەی دەسەلات و دەست رۆیشتویی . بی گومان ئەو حیزبە بەناو ئیسلامیانە هەر ئەمر بە چاکەیەك و هەر نەهی لە خراپەیەك کە مادام زەرەرو زیانی بۆیان هەبێ یا دەیشێرنەوە ، یا دەکەونە دژیەوە بەلای کەمەوە پشت گوێی دەخەن.

١٢/ دروست بوونی چەندەها حیزب بە ناوی ئیسلام گەورەترین بەڵگەیە لەسەر جیاوازی ناتەواوی ئیمان و عەقیدەیان ، چونکە موستەحیلە ئەگەر ئێمە ئیمان و عەقیدەمان ئەو ئیمان و عەقیدەیە بێ خوای گەورە ـ جل جلالە ـ بەسەریەوە فەرزکردوین موستەحیلە لەیەك جیا ببنەوە و بەزم و رەزمی حیزبایەتی دروست کەین.

١٣/ یەك لە مەترسیە هەرە گەورەکانی ئەو حیزبە بە ناو ئیسلامیانە لەسەر ئیسلام و موسڵمانان زال بونی لایەنی سیاسی و ئابووری و عەسکەری بەسەر هەموو هەڵس و کەوتەکانیان ، ئەو زاڵ بوونە وای لێکردوون کە هەموو لایەنە پیرۆزەکانی ئیسلام فەرامۆش بکەن بە تایبەت عیبادەتەکان کە کۆڵەگەی هەرە گەورەی ئیسلامن. وەك شەهادەو یەکتاپەرستی و نوێژ و زەکات و رۆژ

**و حەج کەلە هەموو شتێك پێویسترە  موسڵمانان لە و پێنج کۆڵەگەیە بگەن و تاوەکو خواپەرستیەکەیان تەواو بێ و مایە پوچ نەبن لە دونیا و قیامەت.**

**ئێمەی موسڵمان هەمووومان دەزانین کە ئەمرۆ ژمارەی خەڵکانی سەر رووی زەوی لە حەوت هەزار ملیۆن کەس زیاترە بە گوێرەی دەقی دەیان ئایەت و حەدیس ئەگەر ئەو ژمارەیە بە تەنها شەهادە بهێنێ و نوێژەکانیان بۆ خوای گەورە ئەنجام دەن خوای گەورە لە هەر هەموویان خۆش دەبێت و جێگەیان بەهەشتەە، بەلام ئەگەر ئەو حەوت ملیارە زانین و زانیاری هەموو گۆی زەوی هیوان  بن، تێکرایان زانای پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و پزیشکی و گەردونی و ئابووری عەسکەری بن، بەڵام خۆیان لە دوو روکنە گەورە بێ بەش کەن روکنی شەهادە هێنان و پێنج نوێژەکە ـ ئەوە خوای گەورە هەر هەموویان فرێدەداتە نێو ئاگری دۆزەخ چونکە فەرمویەتی (** وما خَلقْتُ الجِنَّ و الانسَ اِلآ ليعبدُني) الذرايات **٥٦.**

**ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئیسلام رێز لە عیلم ناگرێ ، بەڵکو دەبی زۆر چاك بزانین کە عیلم بە شێکە لەئاینی ئیسلام کەواتە دەبی هەموو موسڵمانێك زانا بێ نابێ جاهیل بێ، بەڵام یەکتاپەرستی لەهەموو شتێك گەورەترە بە لای خوای گەورە ـ سبحانە و تعالی ـ کە ئەم حیزبانە تەواو فەرامۆشیان کردیە، تەنها عیلمە وا لەمرۆڤ دەکات کە بروای تەواوی بە خوای گەورە هەبێت و دەفەرموێ:(** اَنّما يخشى اللهَ مِنْ عبادة العلماءُ ...) (فاطر) **بەڵی تەنها زانایانن لە خوا دەترسن.**

**١٤/ لەمەترسیە گەورەکان و گێژەلولەکانی ئەو حیزبانە کە تێدا نقوم بوون بە فیڕۆدانی سامانی گشتی موسڵمانانە هەمووومان بەچاوی خۆمان دەبینین کە چ پارەو پوڵێك خەرج دەکەن لە کرینی فیلمە بیانیەکان و مۆسیقاو گۆرانی بۆکەناڵ و وێستگەکانیان بیستومە یەك فیلمیان کڕیوە بە هەژدە دەفتەر دۆلار وەك لەموناسبەکانی وەك مولودی پێغەمبەر** علية الصلاة والسلام **و هەڵبژاردنەکان (الانتخابات سەدان هەزار دۆلار خەرج دەکەن لەچاپکردنی دروشمەکانیان ـ کە زۆربەیان (لاالەالا اللە) یان لێنوسراوە لە هەموو شەقام و کۆلانەکانی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە، دواتر ڕەشەبا دەیانباو**

**ناحەزانی ئیسلام پچڕ پچڕیان دەکەن دەیانکەنە پێخوست. لەلایەك ئەو سامانە جوانە بە فیڕۆ دەدەن، لە لایەکیش سوکایەت بە ( لا الە الا اللە) دەکەن. گریمان ئەو فیلمانەیان بە خۆرایی دەست کەوت ئایا لە گوناهێکی گەورە رزگاریان دەبێت؟ ئەویش ئەوەیە کە خودی فیلم لێدان بۆ ماوەی چەندان حەفتە حەرامەو کات بە فیڕۆدانە . لەو لانەوە لە حیزبە عیلمانیەکان گوناهبارترن، مرۆڤ چی دەست دەکەوی لە فیلمی بیانی یا خۆماڵی؟ تەنها درۆی یەکجار گەورەو فێر بوونی فەن و فنونەکانی تاوان کردن و بە فیڕۆدانی کات و دابران لە یادی خوای گەورە ....هتد؟ لە بیریان چووە کە خوای گەورە فەرموویەتی** (ولا تبذر تبذيرا إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا) **الاسراء (٢٥، ٢٦).**

**١٥/ ئەمانەش حالیان حالی عەلمانیەکان لەو لایەنە دانەبڕاون کە موسڵمانان لە ڕێگەی تەماح و بەخشین ڕاکێشنە نێو داوی حیزبەکانیان ، نەك لە ڕێگەی بانگەوازی و ئامۆژگاری ، ئەو بانگەوازەیە و ئامۆژگاریەی کە خوای گەورە ـ جل جلالە ـ بۆی داناوین و ڕۆنیکردۆتەوە و پێغەمبەر ـ** علية الصلاة والسلام**ـ پەیرەوەی کردووە.ئاشکرایەموسڵمانیەتیەك لە ڕێگەی تەماح و پارەو پوڵ دروست کرابێ هەر دەروخێ ، کورد گوتەنی ( یاری ناوسێ هەر زیزە) بەڵگە لەسەر ئەو ڕاستیە ئەوەیە زۆربەی ئەندامەکانیان ئیمان و عەقیدەی ڕاست نازانن چیە، شتێکی ئەوتۆ لە ئاینەکەیان نازانن، جگە لەوەی کوڕ یا کچ بە دوا باوکی کەوتوە، باوك لە کام حیزب بێت ئەمانیش لە ناو هەمان حیزب دان، یاخود بە عەکسەوە، یا ئەندامانی هۆز بە دوای سەرۆك هۆزەکەیان کەوتونەوە و هیچ ڕاستی و زانینێك لە حیزبایەتیەکەیان دا نیە. بەو شێوەیە حەق بە جارێ لە نێو ریزەکانیان بزرە هەروەك ئەوان کەسانەیان لێهاتویەوە کە خوای گەورە پێناسەیان دەکا و دەفەرموێ: [وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ﴾ البقرە (١٧).**

**١٦/ لە مەترسیە هەرە گەورەکانی حیزب حیزبانێ بە ناوی ئیسلام ـ یا بەهەر ناوێ ئەوەتی حیزب حیزبانی سەریهەڵداوە لە مێژووـ مراندنی بیرو هۆش و بیرکرنەوەیە لە کاروباری دین و دونیا بە شێوەیەك لە گوێیان کە زیان دەکەن لە زوبان لاڵیان دەکەن لە ژێری پەکیان دەخەن. ئیسلامەتی بەلای ئەندامەکانیانەوە هەر هێندەیە حیزبەکانیان کاری پێدەکەن وە وا لە ئەندامەکانیان**

**دەگەیەنێنن کە ئیسلامەتی هەر هێندەیە کە سەرۆك و سەرکردەکانیان دەیزانن ئیتر دەبێ وەك پێغەمبەران و بە دویان کەون و خۆیان بە زانین و زانست و ئوسوڵەکانی ئیسلام خەریك نەکەن و گەر پێیان بڵێن ماست رەشە ناڵێن نەخێر . وە زۆر جاران ئەندامی قۆر بەسەر فەرمانی حیزبەکەی یان فەرمانی سەرۆکەکەی بەرێوە دەبا و ئەنجام دەدا  لە کاتی کە بە ئاشکرا ئەو فەرمانە پێچەوانەی فەرمانی خوای گەورە و جل و جلالە  پێغەمبەرە** (علية الصلاة والسلام) **بە کورتی ئەندامەکانیان دەکەنە ئامێرێکی ئەلیکترۆنی و کۆنترۆلەکەی لەدەست ئاغا و سەرکردەکانیەتی ، تا وایان لێدەکەن لە توتی ـ بیغا)توتیتر بن بێگومان ئەو حالەتە ترسێنەرە لە کوشەندەترین هۆکارەکانی موسڵمانانە لە هەموو بوارو لایەنەکانی ژیان . ئاشکرایە بەرژەوەندی و قازانج و سودی سەرکردەکان لەوەدایە کە ئەندامەکانیان کەرو کۆڵ لاڵ بن لە ئاستیان نەکا سەرۆکایەتیەکەیان لە کیس چێ. ئەوەی ئەو حیزبانە لە ئەندامەکانیان داوا دەکەن خۆبەخت کردنە بە مال و گیان لە پێناو ئەو حیزبانە سەرکردەکانیان و هیچی تر نا ، دەیان سال خۆیان بۆ بەخت کەو بە دڵسۆزی کاریان بۆ بکە هەر کاتێ وازت لێهێنا  ئیتر پشتت تێدەکەن لە برسان بمری لەتە نانێکت نادەنێ و جارێکی دیکە ناتناسن.**

**بەم شێوەیە ئەندامەکانیان لە گەورەترین هۆکاری ئیمان و عەقیدەی ئیسلام وزانین و زانست و شارەزابوون لە بەرنامە پیرۆزە بەرفراوانەکەی ئیسلام ـ کە هەمووشتی دەگرێتەوە و رۆشەنکەرەوەیە بۆ هەموو شتی بێ بەش دەکەن وەك خوای گەورە دەفەرموی :** ((وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ )) **النحل) (٨٩).**

**نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لە ئوسوڵە هەرە گەورەکانی ئاینی ئیسلام بیرکردنەوەو زانین و تێگەیشتن و ڕامانە لەهەموو داهێنرەکانی خوای گەورە سبحانەو تعالی وە بیرکردنەوەیە لە هەموو کێشەو مەسەلەیەك کە لە ژیانی مرۆڤ بەبەردەوامی رودەدا لە پێناو چارەسەرکردنی بە رێگەیەکی راست دیسانەوە لە ئوسوڵە گەورەکانی ئایینی ئیسلام ئەوەیە مرۆڤی موسڵمان هەر هەنگاوێ بهاوێ بەرەو پێشەوە دەبێ بزانن ئەو هەنگاوە رێکە لەگەڵ کیتاب و سوننە یا بەپێچەوانەی کیتاب و سوننەیە، ئەگەر زانی بە پێچەوانەی کیتاب و سوننەیە یەکسەر بەرەو دواوە دەگەرێتەوە، ئەگەر نا**

لەسەری بەردەوام دەبێ کە بێگومان حیزب حیزبانێ یەکێکە لەو هەنگاوانەی کە مرۆڤی موسڵمان دەبێ لێی بکشێنەوە.

هەموو کەس دەتوانی لە قورئانی پیرۆز بەدەیان ئایەت بخوێنێتەوە کە کۆتایان بەم شێوەیە هاتووە: (انَّ فِي ذلك لآيان لقوم يتفكرون) (أن فِي ذلك لايّات لقوم يعلمون) (قد بيّنا الأيّات لقومٍ يوقنون) أو (لقوم يتفكرون)(قدبينا الابان لعلهم يفقهون)... هەموو ئەو ئایەتانە مرۆڤ تیژ دەکا و هاندەدا بۆ بیرکردنەوە .

بەکورتی تەسکردنەوەی بیرو بیرکردنەوەو هۆش و ژیری لەنێو ئەو حیزبانە گەورەترین بنچینەیانە هەروەك چۆن سۆفیەکان دەروێش و موریدەکانیان و یارانیان لە هەموو هۆکارەکانی مرۆڤایەتی و ژیانی مرۆڤایەتی دەشۆرێنن. (و السلام على من اتبع الهدى) ( وخَشِىَ الرحمنَ بالغيب).

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچی زۆر کەس لەو حیزبانە مێشکی خۆیان بۆگەن کردووە  بە قسەو بیروبۆچوونێکی بۆگەن کە لەسەرچاوەیەکی بۆگەنەوە هاتووە لە پێناو بەرژەوەندی ماددی یا مەعنەوی. وەك دێموکراتیەت و ئیشتراکیەت و هەول و کۆششیان لە پێناو تێکەڵ کردن و گونجاندیان بە بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام یاخود گونجاندنی ئەو بەرنامە پیرۆزە لە گەل ئەو دوو بەرنامە بۆگەنە کە سەرچاوەی هەموو وێرانکاریەکن لەم رۆژگارەی ئەمرۆمان و دارێژەرانی ئەو دوو بەرنامەیە فێڵبازترو درِ ندەترین مرۆڤی سەر زەوین بەدریژایی مێژوو مرۆڤ دور دەخەنەوە لەهەموو هۆکارەکانی مرۆڤایەت و ڕوحم و بەزەیی و ڕەوشت پاکی بە پلەی سەرەکی.

## (هەندێ ڕاستی دیکە لە واقیعی ئەو حیزبانە)

بە پێویستی دەزانم هەندێ لەو ڕاستیانە بنوسم کە سروشت و سیفەتی ئەو حیزبە بە ناو ئیسلامیانە: ـ

١/ خوای گەورە ـ جل جلالە ـ وەك هەموومان دەزانین یەك ناوی لە ئاینەکەی خۆی ناوە کە ئەمیش ئیسلامە ـ هەر لە ئادەم تا محمد ـ علیها الصلاە و السلام ـ ئەم ناوە نەگۆڕاوە کە ئەمیش ئیسلامە (إن الدّینَ عنداللهِ الاسلامُ ) کەچی ئەوان حیزبانە جۆرەها ناوی جیایان هەڵگرتوە بێ گومان بۆ ئەوەی خۆیان لەیەك جیاکەنەوە ـت ئایا ئەمە کارێکی شەرعیە؟ خوای گەورە پێی رازیە؟ ئایا لە رۆژی دوایی ئەو ناوە لەیەك جیایانە دەچێتە نێو تەرازووی خێرەوە هەروەك هەموو عیبادەتێکی ئەمرپێکراو لە لایەن خوای گەورە ـ سبحانەو تعالی ـ ئایا ئەو کارە هیچ پیشتوانیەکی هەیە لە قورئان و حەدیس ؟ بێ گومان وەلامی ئەو پرسیارانە هەمووی یەك وشەیە ئەویش ( نەخێر).

٢/ هەموو ئەو حیزبانە پێناسیەی ئیسلامیان گۆڕیوە و هەریەکەیان پێناسەی تایبەتی خۆی بە ئەندامەکانی داوە . پێناسەی موسڵمان یەکەو نابێ بە دوو هەر لە ئادەمەوە تا محمد علیهم الصلاە و السلام ـ کە ئەمیش ( أَشْهَدُ أَنّ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا الله وأَشْهَدُ ان محمداً رسول الله).

٣/ هەریەکەیان خاوەنی رابەری تایبەتی خۆیانن کە ئەمیش خیلافی فەرمانی خوای گەورەیە موسڵمانان دەبی یەك ئەمیری رابەریان هەبێ . و أن هذة أمنكم أمةً واحدة و اَنا رَبكم ُ فاعبدونی). بێ گومان ئەو رابەرانە هەموویان لە رق بە رقیی یەکتر کار دەکەن بە دژی و بەئاشکرا، مەگەر لەبەر لۆمەی لۆمەکاران جار جارە مەرحەبایی لەیەك بکەن لەبەر بەرژەوەندی حیزبایەتی.

٤/ هەریەکەیان مێژووی دامەزراندنی لەوی تر جیایە ، ئەمەش بەڵگەیە هیچ کامیان بەوی تر رازی نەبووە و بە پێویستی زانیە کە بۆ خۆی حیزبێکی تر راست ئەکاتەوە لە دژی ئەوانی تر.

٥/ هەریەکەیان خاوەنی مەکتەب سیاسی و عەسکەری و ئەندامانی قیادی خۆیانن و بای یەك زەرە ئاوری خێر لە یەك نادەنەوە و هەمیشە لە دژایەتی یەکدان و هەر کامیان تا قورِ قوراگەیان لە قۆر بچەقێن ئەویتر نەك بە هانایەوە نایەن بەڵکو زیاتر بە قوریدا دەباتە خوارەوە لەهەموو شارەکانیش بارەگای لە یەك جیای خۆیان هەیە، کە خەرجیەکی زۆریان لێداوا دەکا لە پێناو بەرێوەچوونیان.

٦/ هەریەکەیان خاوەنی کەناڵی تەلەفزیونیو وێستگە و رۆژنامەو گۆڤاری خۆیەتی و بە خۆی هەڵدەڵێ و لەدژی ئەویتر دەدوێ بە راستەوخۆ لە کاتی ناخۆشی کەوتنەوە لە نێوانیان وە بەراناستەخۆ لە کاتی شێنەیی کە بێگومان ئەم ئەمەش کارەساتە لەبەئەوەی سامان و دارایی وڵات بەفێر دەدات و بارگرانیەکی یەکجار قورس دروست دەکا لەسەر شانی دەوڵەت و گەل. وە لە گەورەترین هۆکارەکانی نانەوەی ئاشوب و فیتنە و شەری خۆکوژیە.

٧/ هەر هەموویان دورن لەوەی ببنە جەماعەی ئیسلامی، چونکە جەماعەی ئیسلامی یەکەو نابێ بەدوو ، لەبەر ئەوە هەر هەموویان لە دژی جەماعەی ئیسلامی دەوەستن و بە جۆرەها رێگەی شەیطانی دوژمنایەتی دەکەن. ئیتر کە خۆیان لە جەماعەی ئیسلامی نەبن هەڵبەت دوژمنی راستەقینەی ئەوجەماعەتەن.

٨/ بۆیان بروا ژنیش نادەن بە یەك و نوێژیش لە مزگەوتەکانی یەکتر ناکەن و ئیمامەتی یەکتریشیان قەبوڵ نیە.

٩/ هەر هەموویان پەناگەیەکی بەرفراوانی بیدعە باران و سۆفیە گومراکان و هەزاران توندەروان و تەکفیرەکانن . چونکە لە سروشتی ئەو حیزبانە هەموو کەس بە خۆیان دەگرن و شەرەفی ئەندامەتی بە هەموو کەس دەدەن وە حەقیان بەسەرەوە نیە چۆن موسڵمانێکە کورد گۆتەنی : ( زۆر بێ و بۆر بێ).

١٠/ هەریەکە مێژووی لەدایك بوونی لەوی تر جیایە، هەریەکەیان لە جۆرەساڵ و مانگ و رۆژێك لەدایك بووە لەنەخۆشخانەی لە دایکبوونی حیزبایەتی وە هیچ کامیشیان ئاهەنگی نەگێراوە بە بۆنەی لە دایك بوونی هاورێکەی ، بەڵکو پرسەن داگرتوە . دەزانن بۆ؟ بۆ خۆتان وڵامی دەنەوە.

١١/ لەهەموو کات و سات حیزبی بۆی هەیە بەسەر خۆیدا دابەشبێتەوە و شایەکی تر هەلێنێ و شانەیەکی تر بۆخۆی دروست ئەکا، ئەمە کاتێ ڕوودەدا کە ئەندامێکی سەرکردایەتیان یان چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی سێبەری خۆی لەبەرخۆر چاو پێکەوت وە یاخود ڕابەرەکەیان بە دڵ نەبوویان لەبەر چاویان کۆن و ئێکسپایەر بوو، یا لەبەر هەر هۆکارێکی دونیەوی لەم حاڵەتانە یەکسەر ئەم حیزبانە ئاوس دەبن و دەزێن و دوژمنێك و ناحەزێکیان بۆ پەیدا دەبێ.

١٢/ باهەموویان چاك بزانین کە ئاینی ئیسلام لە رێگەی حیزب حیزبانێ ناپارێزرێ و بەردەوامی نابێ وە هەرگیز رێگەیەك نین بۆ مانەوەو بەردەوامی ئەم ئاینە پیرۆزە با حیزب حیزبانی نەکەنە پاساو پاکانە بۆ پارێزگاری لە ئیسلام وبوەژانەوەی ئیسلام ، وە هەزارو چوارسەدساڵ پتر بەسەر دابەزینی ئاینی ئیسلام تێپەری لەو ماوە دورو درێژەدا هیچ حیزبێك بە ناوی ئیسلام دروست نەبوو و ئیدعای پاراستن و بوژانەوەی ئیسلام بکا ، کەچی ئاینی ئیسلام هەر لە مانەوەی خۆی بەردەوامە بە یارمەتی خوای گەورە ، خوای گەورە بە تەنها خۆی ئەو ئاینەـ تا رۆژی هەڵکێشانەوە لەسەر زەوی ـ دەپارێزێ و بەبەردەوامی پێدەدا لە رێگەی ملیونەها کەس لە ئەهلی سوننە و جەماعە. ئایا گەر ئەو حیزبانەی ئێوە ـ ئەمرۆ ـ نەبوایە ئایا بە بیروبۆچوونی ئێوە ـ ئیسلام و موسڵمانان لە ناو دەچوون؟ بی گومان لە ناو دەچوون هەر بەردەوام دەبوون، باشە چ شتێك و چ هۆکارێك بەردەوامی پێدەدا؟وەڵامەکەی خوای گەورە دەفەرموێت (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)

لەو رۆژە کە حیزب حیزبانی بە ناوی ئیسلام سەریهەڵداوە تاوکو ئەمرۆ لە زەرەرو زیان و لاوازکردنی ئیسلام و موسڵمانان هیچی تریان لی پاشەکەوت نەبوو چونکە ئەمەیە سیفەت و سروشتی حیزب و حیزبانێ لە مێژووی مرۆڤ . نابی هەرگیز .

**ئەوە لەبیرکەین کە (داعش ) (دوله الاسلام فى العراق و الشام) بەرهەمی هەرە پڕ مەترسی و خوانەناسی و خوێن ڕێژی حیزب حیزبانی یە کە جیهانی ئیسلامی و لەنێو گەلانی ئیسلام.**

## (یەك خوا و یەك ئایین:-)

**ساڵانێکی دورو درێژە هەمووومان گوێمان لەو زاراوەیە دەبێ زاراوەی ئاینە ئاسمانیەکان کە بەراستی بوختانێکی گەورەیە بە خوا و بە ئیسلام دەکرێ مەبەست لە پشتیەوە تەنها ئیسلامەو چیتر نابە کارهێنانی ئەو زاراوەیە بەراستی هەڵەیەکی ئاشکراو روونە لەبەر ئەوەی خوای گەورە یەکەو ئاینەکەشی کە ئیسلامە یەك ئایینە چۆن دەبی خوای گەورە یەك بێ جۆرە ئاینیش دابەزێنی ، دەفەرموێ** ﴿إِنَّ الدِّين عِنْد اللَّه الْإِسْلَام وَمَا اِخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَاب إِلَّا مِنْ بَعْد مَا جَاءَهُمْ الْعِلْم بَغْيًا بَيْنهمْ وَمَنْ يَكْفُر بِآيَاتِ اللَّه فَإِنَّ اللَّه سَرِيع الْحِسَاب﴾ **ال عمران).**

**بەڵی خوای گەورە یەکەو ئاینەکەشی یەکە کە ئیسلامە. ئاینی ئادەم علیه الصلاه و السّلام تا دەگاتە محمد علیه الصلاه و السّلام هەر هەموویان ئیسلامن و هەر هەموو پێغەمبەران ـ هەر لە ئادەم تا محمدعلیه الصلاه و السّلام هەر هەموویان موسڵمان بوونە، هەر کەشێك لەسەر دەستیان موسڵمان بووە وەك من تۆ شەهادەیان هێناوە . بەم شێوەیە** (أَشْهَدُ أَنّ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا الله وأَشْهَدُ ان محمداً رسول الله). **هەر هەموویان ئیمان و عەقیدەیان یەك بووەو بنیات نراوە لەسەر یەکتاپەرستی راگرتنی خوای گەورە بە پاکی و بێ هاوبەشی ئەوسا بروا هێنان بە رۆژی دوایی فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی و کیتابەکانی و قەدەری خوا . وە هەر هەمووومان بە خۆیان و گەلەکانیان خوای گەورە ناوی ناون ( مسلم) واتا تەسلیم بوون بۆ بەرنامەکەی خوای گەورە بە بێ چەندو چوون . فەرمون بزانن ( نوح)علیه الصلاه و السّلام ـ چی فەرموە :** (فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى اللَّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِين ) **یونس ٧٢) وە فەرمووی بزانن موسی چی فەرموە :** (وَقَالَ مُوسَىٰ ياقَوْمِ إِن كُنتُمْ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ) **یونس ٨٤. هەروەها (ابراهیم)علیه الصلاه و السّلام خوای گەورە پێی فەرموو (** أَسْلِمْ قالَ اَسلَمْتُ لِربِّ العالمينَ **) البقره ١٣١. . ئەوەی کە جیاوازە لە میانی ئەو پێغەمبەرانە( تەها تەشریعە )**

**تەشریعی هەر یەکەیان بە گوێرەی کات و پێویست و بەرژەوەندی مرۆڤی سەردەمی خۆی هاتۆتە خوار ، وەك دەفەرموێ : (** وكذلك جَعَلْنا لِكُل أُمةِ شِرعةً و منهاجاً).

**بناغەو بنچینەو نەخشەی هەر هەموویان وەك یەکە ، وەك چۆن چەند کەسانێك چەند خانویەکی وەك یەك دروست دەکەن بەڵام لە دواتر دا کە تەواویان کرد هەر یەکەیان بە پێی پێداویستی خۆی چێشتی نێو ماڵ دەکرێ . لەو حاڵەتەش دەبینین زۆر کەل و پەلی ماڵەکانیان پێکدەچن . بە کورتی خوایەکەو ئایین یەکەو مەبەستیش یەکە بێ کەم و زیادە بەڵگە لەسەر ئەو راستیە (**وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ...**) آلعراف (٨١)**

## (گوناه و تاوانی سێیەم / بیدعە نانەوە بە گشتی)

بەلای منەوە ڕۆن کردنەوەی ڕاستیەکان ئەو گوناه و تاوانە لەگەورەترین پێداویستیەکانی موسڵمانانە تا دونیا دەبرێتەوە. بەراستی ژەهرێکی یەکجار کوشندەیە و بە هەنگوین فرۆشراوە. چونکە وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان دەفەرموێ: قَالَ رَسُولُ اللهِ: إِنِّي لَا أَتَخَوَّفُ عَلَى أُمَّتِي مُؤْمِنًا وَلَا مشركاً فَأُمَّا المؤَمِّنِ فَيحُجْزهُ إِيمَانُهُ وَأُمَّا المشرك فَيَقْمَعُهُ كُفْرُهُ وَلَكِنْ أَتَخَوَّفُ عَلَيْكُمْ مُنَافِقًا عليمَ اللِّسَانِ يَقُولُ مَا تَعْرِفُونَ وَيَعْمَلُ مَا تُنْكِرُونَ. رَوَاهُ الطبراني فِي الصَّغِيرِ وَالأَوْسَطَ ،ثقة ابن حبان ،من كتاب الزواجرعن اقتراف الكبائر الأبن حجر الهيتمي /جزء الاول صحفة (٨٧) . ( من ناترسم ئومەتەکەم خودان باوەرێکی راستەقینە گومڕای کا چونکە موشریك هەمو کەس دەزانی موشیرکە و هەر قسەیەکی لە دژی ئیسلام بکا درۆیە ، بەلام من دەترسم مونافیقێکی دووڕی زمان لوس هەرە پاس گومراتان کا، کە بە رواڵەت خۆی بە موسڵمانێکی ڕاست نیشاندندا ، بەڵام لە ڕاستیدا مونافیقە ئەمر بە چاکە دەکا و بەڵام خۆی لێی بێبەشە ـ واتا دوژمنی چاکەیە ، وە نەهی لە خراپە دەکا لە راستیدا خۆی یارو مامۆستای ئەو خراپەیە.

گومانی تێدانیە ئەمە حالی هەموو سەرانی بیدعەبازانە تا دونیا دەبرێتەوە ، تەنها ئەوانە نەبن کە بە دوو دڵ تەوبەدەکەن.

ئەوەی کە زۆر پێویستە بیزانین ئەوەیە: بیدعە باز لە موشریك پیسترە چونکە کەسێکی یەکجار زۆزان و زمان لوسە ، وادەبێ دانەری چەندان کیتابە بە ناوی شیسلام ، وتار بێژی سەر مینبەرکانی مزگەوتەکانە، بە جورئەت و قسە زانە ، شەیتان شەرم لە سەرو میزەری دەکا، ناوی رۆیوە بە ( مەلای دوانزدە) علیم و واریسی شەرعی پێغەمبەر (علیه الصلاه و السّلام )لە ناو خەڵك بە ناوبانگ و رێز لێگیراو قسە رۆیشتو وا دەبێ لە نێو دام و دەسگاکانی میریش قسەی دەروا ، لە هەمووی مەترسی دارترە ئەوەیە باوەرپێکراووە لە لایەن زۆربەی توێژەکانی گەل .

بێ گومان ئەو جۆرە کەسە زۆر بە هاسانی لە پەنا ئیسلام دەتوانی بە ملیۆنەها موسڵمان لە خشتەبەری و گومرایان کا، چونکە وا دەزانن ئەو کەسە هەرچی دەیکا و هەرچی دەیڵێ ئەمە بەشێکە لە کیتاب و سوننەو چۆن بە هەمو زۆر زانیەوە لە خۆوە قسە دەکاو هەڵسو کەوت دەکا، وا دەزانن هەموو گۆتەکانی و کاروکردەوەکانی لەقورئان و حەدیس وەرگرتوە.

**ئەم جۆرە مونافیقە زۆر بە هاسانی دەتوانی موسڵمانان گومراکا و سەر لێشێواو و چەواشەکا بە ناوی ئیسلام لەبەر ئەوە گەورەترین ترس و مەترسیان هەیە لەسەر ئیسلام و موسڵمانان ، چونکە بە هیچ شێوەیەك نالویٚ هەمو ەموسڵمانێك ببیٚ بە ئیمامی شافیعی سوننەت و بیدعەت لە یەك جیا کاتەوە یا بە دوا راستیدا بگەریٚ تا سەرچاوەکەی دەدۆزرێتەوە ، تا ئەو جۆرە مونافیقانە بناسیٚ .**

**شایانی باسە نابیٚ ئەو راستیە لەبیر بکەین کە لەسەردەم ورۆژگاری هەموو گەلانی موسڵمانان رویداوە بە درێژایی مێژوو ئەو راستیەش ئەوەی لە هەموو کات و شوێنی زانایانی ئایینی هەر کاتی پشتیان لە ئاینەکەیان رەق بووە، ئیمان و عەقیدەی خۆیان گەچراند یەکەمین کەسانێك بوون لە تێکدانی ئاین وە پێشڕەو بوونە لە گومراکردنی خەڵك . ئەو ڕاستیەش قورئانی پیرۆزمان پشت راستی دەکاتەوە و دەفەرمویٚ:** (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ و يصدّون عنْ سبيلِ اللهِ)**. التوبه ٣٤.**

## (بیدعە مانای چیە:-)

**بەلای منەوە لە هەموو شتێك گرنگتر لەمەسەلەی بیدعە ، زانینی ماناکەیەتی ولله من بروام وایە هەر کەسیٚ لە مانای بیدعە تێبگا و راستیەکەی بزانی موسڵمانێکی تەواو بیٚ یەکسەر لە بیدعە و بیدعەبازان دوور دەکەوێتەوە ، هەروەك چۆن لە زینا و قەتل و ریبا و دزی و بوهتان دوردەکەوێتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانان لە مانای بیدعە نەگەیشتون.**

**چاکترین پێناسەی بیدعە ئەو پێناسەیە کە پێغەمبەر (علیە الصلاە و السلام) پێناسەی کردوە فەرموویەتی:(مَنْ أحدَاثَ مِنْ اَمرِنَا هذا ما لَیسَ مِنهُ فهُو رَد و عن عائیشة أم المومنین ـ رض الله عنها. رواهُ البُخاری فِي کتاب البیوعات / بابُ النجشِ). واتا/ هەر کەشیٚ کاری یا عیبادەتی بە ناوی ئیسلام بنێتەوە و هیچ جۆرە پشتوانیەکی لە قورئان و سوونەت بە بیٚ و نە ئایەتی لەسەر بیٚ و نەحەدیس ئەوە بیدعەیە. دەبی بە هەموو شێوەیەك بەربەرەکانیٚبکریٚ و دژایەتی بکریٚتاکو بنبڕ دەکریٚ و**

دوایی دێت بە یارمەتی  خوای گەورە  ـ سبحانە  یا دەفەرموێ لە پێناسەکیەکی تر  ـعلیە الصلاە و السّلام  ـ ( مَنْ عَمِل عَملاً لَیْس عَلیةِ اَمْرنا فهُوردً). هەمان مانای حەدیسە کەتر دەبەخشێ

چەند پێناسەی دیکەشم لە بەر دەست دایە وەك: ( هيَ الامر المحدثُ الذی لم یکن علیة الصحابة و التابعون و لم یکن مِمَا اقتضاة الدلیلُ الشرعي )( من کتاب التعرفات الصوفیة ) للشیخ ( علي بن محمد الجرجانی) الصحیفة(٢٠) المطبوع سنة ١٣٠٨ هجری في مطبعة ( اختر) الکائن في أستانه في خان والده علی ذمه شرکة ایرانیة في شهرذی الحِجَة)

ئەم پێناسەیەبە لای منەوە پێناسەیەکی جوانی بیدعە چونکە تا رادەیەکی زۆر راڤەیحەدجیسەکانی پێغەمبەر  ـعلیە الصلاە و السّلام  ـ لە بارەی  بیدعە و بیدعەبازی . پێناسەیەکی تر زۆرم بەلاوە جوانە چونکە لە (قەشەیەکی لوبنانی بە ناوی لویس معلوفا) وە دەرچووە لە مانای وشەی بیدعە دەڵێ( عقیدة أحدِثت تخالف الآیمان) الصحیفە (٢٧) المگبوع سنە (١٩٤٣)سەیری چۆن قەشەیەك راستی بیدعە بڵاو دەکاتەوە لەکاتی بیدعەبازەکانی ئیسلام لە موسڵمانانی دەشارنەوە ، بۆ بەرژەوەندی کێ؟

وە لە کیتابی الصَحاح) محمد بن ابی بکر عبدالقادر الرازی ١٤٠٣ـ ١٩٨٣ ماناو واتای ووشەی ( البدعە) بەم شێوەیە هاتووە: ( الحدثُ في الدین بعدَ الآکمال) الصحیفە ٤٤. قەشە ( معلوف) دانەری ( المنجد) دەڵێ: مانای بیدعە ئەوەیە :ـ بەرپاکردنی جۆرە عەقیدەیەکە کە بە پێچەوانەی ئیمان بە خوای گەورەیە. بەراستی پێناسەیەکی جوانەچونکە بیدعە بەر لە هەموو شتێ ئییمان و عەقیدەمان تێك و پێك دەدا و وە شێخ محمد بن ابوبکر دەڵێ: بیدعە مانای بەرپاکردنی جۆرەها گۆتەو هەڵسو کەوتە لە نێو خودی ئایین کە لە ئاکاما دینەکەمان تێك و پێکدەدا دوای ئەوەی کە خوای گەورە بە تەواوی بۆی ناردووین و دەفەرموی ( الیومَ اکمَلْتُ لَکمُ دینکُم و اَتممْت عَلَیکُم نِعْمتی و رضیتُ لکم الآسلام دِیناً ). المائدة(٣) بە هەر حال پێناسەکەی پێغەمبەرـ علیە الصلاو و السلام ـ پڕ نرخترین و ڕاسترین پێناسەیە تا دونیا دەبرێتەوە.

که مادام بیدعەو بیدعەبازی لە گوناه تاوانە گەورەکانە لە نێو بەرنامەی ئیسلام، پێغەمبەرمان علیه الصلاو و السلام ـ بە حەدیسێکی یەکجار راست و ترسێنەر باسی دوارۆژی بیدعەبازان دەکاو دەفەرموێ: (أهل البدعةِ كلآبُ اهل النارِ في النارِ) . رواهُ ابو أمامة ـ رضى الله عنه ـمن كتاب ( فيض القدير) للشيخ محمد رؤؤف المناوى لاپەرە ٦٧٥ رقم الحديث (١٠٨٠) . وە هەمان حەدیس بە هەمان شێوە لە کیتابەکەی ( ابن حجر الهبتمى ) بة ناوی ( الزواجر عن الاقتراب الكبائر) لاپەرە (٢١) بەشی یەکەم چاپی ساڵی (١٣٧٠) ـ ١٩٥١ . کەلە ساڵی (٩٥٨هـ) داییناوە / القاهره).

مەبەستمان لە بیدعە بازان تەنها ئەو کەسانەیە کە شێوەو سیفەتەکانمان باس کرد، نەك ئەو موسڵمانە نەزانەی کە بێخەبەرە لە زانینی ئەو راستیانە. من لە ئاستی خۆمەوە  بە چەندان برای موسڵمانم گووتووە کاکی خۆم هەر جۆرە عیبادەتێك و کردەوەیەکی عیبادیت دیت بە ناوی ئیسلام ئەنجام درا تۆ یەکسەر پێویستە لە خاوەنەکەی بپرسی کە ئەو کارو عیبادەتەت لە کوێ هێناوە، ئایا پشتوانیت لە  قورئان و حەدیس هەیە؟ فەرموو پشتوانیەکەتم بۆ باس بکە.

## (ئایا بیدعە حەسەنەو سەیئە لە ئیسلام هەیە؟)

دەڵێین نەخێر نیە و نابێ. بیدعەی چاك و خراپ تەنها لە رێبازی بۆگەنی بیدعە بازانە و هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نیە.

گومانتان نەبێ بە هیچ شێوەیەك ئەو کەسەی یاسای ( البدعه الحسنه و البدعه السيئه) دانایە یا نەزانە یا کافرو مونافیقە. ئەم یاسا بۆگەنە هەرگیز نە فەرمودەی پێغەمبەرەـ علیه الصلاو و السلامـ وە نەفەرمودەی چوار خەلیفەکەیە وە نەفەرمودەی صەحابەکانە ـ علیهم رضوان الله جمیعاً ـ وە نە فەرمودەی ( تابعیینە) بەڵکو وەك گوتم هەرەپاسێکی خوا نەناس ئەو ناماقوڵیەی کردووە.

ئەگەر ئەو گوتەیە ( البدعه الحسنه و البدعه السئه )فەرمودەی پێغەمبەر ـ علیه الصلاو و السلام ـ یا خود هی چوار خەلیفەکە  ـ ئیمامە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی  ـ رضى الله عنهم ـ ئەوە کارمان پێدەکرد و دەمانگووت سَمعْنا و اَطَعْمنا ، بەڵام مادام فەرمودەی هیچ کام لە وانە نیە ئێمەی

موسڵمان دەبی بە هەموو هێز و توانای خۆمان بەرپەرچی دەینەوە و بە چرو چاوی خاوەنەکەی دادەینەوە، یا بە چڕو چاوی ئەو کەسانەی کە بەو ئەوپەری خوا نەناسی کاری پێدەکەن یا بە ئەوپەری نەزانی کاری پێدەکەن.

نابی هەرگیزلە بیرمان چێ کە پێغەمبەر خۆشەویستمان ـ علیه الصلاو و السلام ـ بە دەیان حەدیسی راست و بە ناوبانگ لە دژی بیدعە و بیدعەبازان فەرموە، لە هەموویان بە ناوبانگ تر کە بە درێژایی ژیانی لە هەموو وتارەکانی هەینی و بۆنەکان دوبارەی کردۆتەوە ئەو حەدیسەیە : اَیها الناسُ اِنَّ خَیر الکلام هُو کلام اللهُ خیر الهدیٰ هَدیٰ مُحمد وَشرٌ الامور مُحْدَ ثاتها ، و کل مٌحدثة بدعة و کل بدعة ضَلالةٌ وفي روایة ( وکلل ضلالة في النار). رواة ابن مسعود ـ رضی الله عنه ( من کتاب فیض القدیر/ الجز الثالث/ لاپەرە حەوت / ژمارە (٢٦٠٦).

والله زانایانی ئیسلام پیویستە ئەو حەدیسە پیرۆزە بەیەك بەرگە کیتابی تەوا رۆن کە نەوەتا هەموو موسڵمانێك لە بۆگەنیاوی بیدعەو هەڵدێرەکانی خەبەرداربێت. بە داخەوە من ناتوانم ئەو کارە پیرۆزە ئەنجام دەم، نەدەستم دەرواو نە تەمەنیشم بەبەرەوەی ماوە ولله اعلم.

من تەنها لەو یەك دوو وشەیە موسڵمانان ئاگادار دەکەمەوە بە یارمەتی خوای گەورە کە ئەمیش ئەوەیە: ( وکل بدعة ضلالە) واتا: هەموو بیدعەیەك گومراییە و بزرکردن و لە دەست دانی ئیمان و عەقیدەی تەواوە.

وشەی (کلُ) هەموو جۆرە بیدعەیەك سەرەو نقوم دەکاتەوە ، چونکە لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە ( کل) هەمیشە بە کاردێ بۆ ( تاکید مطلق) جەخت کردنی رەها . واتا لە دوای ئەم وشەیە ئەبەدەن ( بەلاوەنان ـ استثناء) نایەت و نابێ بێ، بەڵگە لەسەر سەپاندنی تەواوی ئەو راستیە چەندان فەرمودەکانی خوای گەورەیە ، وەك:

**١/ كُلُ نفس ذائقةُ الموتِ . هەموو کەس دەبی مردن بچێژێ . وەرن ئێوە ئەم ئایەتە بگۆرن و بلێین ( كلُ نفس ژائقه الموت الانفساً واحده) اعوذ باللة لەو کوفرە. ئایا تا دونیا دونیا کەس هەیە بتوانێ ئەو کوفرە بکا؟**

**٢/ اَن الله على كلاً شئَ قديرُ) ـ شيئاً واحداً) اعوذ بالله لەم کوفرە واتا خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە تەنها یەك شت نەبی ـ پەنام بە خوا ئایا کەس هەیە بتوانی ئەو کوفرە گەورەیە هەلگرێ؟ ئەوە تەنها دوو ئایەتە لە نێو دەیان ئایەتە پیرۆزەکان.**

**کەواتە وشەی ( كلُ ـ هەموو ) ئایا تەئکیدی موتلەقە یان نا؟ بێ گومان جەختێکی رەهایەو بەلاوەنانی لە دوا نایەت واتا : بە عەرەبی استثناء ( الا)**

**لەوانەیە هەندێ کەس بلێ ئەدی ئەوە نیە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە ( فسَجَد الملائكةُ كلهم اجمعون).** (إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَىٰ أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ ) **الحجر (٣٠ ـ٣١) برای بەرێز وەلامی ئەو پرسیارە زۆر هاسانە ، خوای گەورە لە ئایەتی (٣٠) دووجار جەخت دەکاتەوە لە سەر سوجدە بوونی تێکرایی فریشتەکانی سوجدەی رێز لێنانـ بۆ ئادەم ـ علیه الصلاه و السّلام ـ جارێك بە وشەی ( كلُ) و جارێکیش بە وشەی ( أجمعونَ) بۆ ئەوەی هەموومان بزانین ئەو فریشتانە هە رهەموویان سوجدەیان بۆ ئادەم بردووە و هیچ کامیان لەو فەرمانەی خوای گەورە دەرنەچوونە ـ چونکە فریشتەکانی خوای گەورە هەرگیزاز هەرگیز نازانن فەرمان شکاندن چیە ، تەنها بۆ خواپەرستی و ئەنجام دانی فەرمانەکانی خوای گەورە دروست کراوون وەك مرۆڤ نین.**

**بەلام کاتی کە خوای گەورە ( ئیبلیس) بەلادەنی لەو سوجدە بردنە. لەبەر ئەوەی فەرمانەکەی خوا دەشکێنی ـ لەبەر ئەوەیە کە ئیبلیس لە رەگەزی ( جنۆکەیە) لە رەگەزی فریشتان نیە، بەلگە لەسەر ( جنۆکایەتی) شەیتان ئەو ئایتە پیرۆزەی سورەتی ( الکهف) ه کە دەفەرموێ** (وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ أُسْجُدُوا لِآدَم فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيس كَانَ مِنْ الْجِنّ فَفَسقَ عنْ اَمرِ رَبِّهِ... **ئایەتی ژمارە ٥).**

کەوانە پێی ناویَ بلێین وووشەی ( کلُ) بۆ تەئکیدی موتلەق نیە، ئەو لە ریزی فریشتەکان نیە تەنها ئەوە نەبی قەزاو قەدەری خوای گەورە لەسەر ئەوە بوە کە لەو کاتەی ئەو فەرمان بە ئەوان دەکا شەیتان لەویَ مەوجود بووە دیارە مادام فەرمانەکە ئەویشی گرتۆتەوە ( والله اعلم).

لێرەدا خالێکی زۆر گرنگ هەیە دەبی رۆنی کەمەوە بە یارمەتی خوای گەورە ـ جل جلالە ـ زۆر زانا هەنە ـ گوتویانە ( ابلیس) فریشتەیە، وە بە هەندیش نەوەستاون گوتویانە ( ابلیس) سەرۆکی فریشتانە!! بە راستی هەڵەیەکی گەورەیە ، خوای گەورە ـ سبحانەو تعالی ـ خودی خۆی بفەرمویَ ( ابلیس) جنۆکەیە تۆ بلێی ( نەء) فریشتەیەو سەرۆکی فریشتانیشە و یەك بەڵگەشت لە کیتاب و سوننە بە دەستەوە نەبیَ!! ئایا قسەکردن و بریاردان بە پێچەوانەی فەرمودەو بڕیاری خوای گەورە مانای چیە بۆ ئەو کەسەی ئەو جۆرە سەرپێچیانە دەکا.

کەواتە بە هیچ شێوەیەك ، پێی ناویَ ئێمە بلێین وەك هەموو بیدعە بازێك ـ کە بیدعە دوجۆرە : ١/ ( البدعة الحسنە. ٢/ و البدعة السیيۂ) نەخێر هەموو بیدعەیەك ـ با ملیونەها موسڵمانیش لە پشتەوە بیَ هەر شەرە و داگیرسێنەری ئاگری ئەو شەرەش بیدعەبازانن و کەسی ترنا.

شایانی باسە ( عبدالله ابن عباس) رضی الله عنها دەفەرمویَ: ( کلُ بدعة سیئة ولو راها الناسُ حَسَنَة) واتا هەموو بیدعەیەك بۆگەن و پیسە،با خەڵکانێکی زۆر وابزانن چاکە . ئیتر ئیبن عەباس ـ رضی الله عنها ـ وا بفەرموی توخوا حەیف نیە ، ستەم نیە ، تاوان نیە سەد سال دوای ئەو بیدعەبازێك پەیدا بیَ ـ کە تێکدەری ئیسلامە، بلیَ نەخێر بیدعە چاك و خراپی هەیە، فەرموودەی پێغەمبەر علیە الصلاە و السّلام ـ و ئبین عەباس ـ رەتکاتەوە کە پێغەمبەرعلیة الصلاة و السّلام ـ دوعای بۆ کردووە کە ببیَ بە دەریای زانستە ئیسلامیەکان؟

## (پاکانەی بیدعەبازان لە بیدعە بازی چیە؟ )

**بیدعەبازان لە نێو یەکی لە حەدیسەکانی پێغەمبەر علیه الصلاه و السّلام ـ پێدزیلەکەیان کردووە بۆ ناو شەوە زەنگ و بۆگەنیاوی بیدعەبازیان ، ئەمیش ئەو حەدیسە پیرۆزەیە** من سنّ في الإسلام سنة حسنة كان له اجرها وأجر من عمل بها من بعده من غير ان ينتقص من أجورهم شيء ومن سن في الإسلام سنة سّيئةً كان عليه وزرها ووزر من عَمِلَ بِها من بعده من غير ان يَنقص من أوزارهم شيء **ـ اخرجهُ مسلم عن جرير- رضى الله عنة. بەڵی ئەو حەدیسەیان کردووە به پشتگیری بیدعەو بیدعەبازیان بۆ ئەوەی خۆیان لەنیو بۆگەناوی بیدعە بازی غەرق کەن . دڵنیاتان دەکەمەوە کە یەکجار بەسەهوونە لەبەر چەند هۆکارێکی گرنگ و ڕون: ـ**

**١/ با چاك بزانین لە زمانی عەرەبی ئەبەدەن هیچ پەیوەندیەکم نیە لە میانی وشەی ( سُنە و بدعە) لە هیچ بۆنەیەك لە مانا زاراوە یەکتر ناگرنەوە ، بیدعە مانای شتێکە ( سُنە ) ش مانای شتێکی تر ئەو دومانایە نێوان ئەرز و ئاسمان لەیەك دوورن، بەڵگە:- دەڵێین ئەو شتە یا ئەو کارە یا ئەو عیبادەتە سوننەتی خوای گەورەیە، یەعنی خوای گەورە وەك یاسایەك و وەك دەستورێك جێگیری کردووە لە قورئانە پیرۆزەکەی یا لە نێو گەردونەکەی یا لە ناو هەمووگیان لەبەران و ئەم سوننەتە ناگۆرێ. کەچی بە هیچ جۆر ئەوە مانای ( بیدعە)نیە، ئەگەر باوەڕ ناکەن فەرموو ئەو دوو ئایەتە بخوێنەوە و دواتر لە جێی وشەی ( السُنە) وشەی البدعە ) دابنێین و بزانن ئایەتەکان چیان لێ بەسەر دێ(** وَلنْ تجد لُسنّة اللّة تَبديلاً وَلنْ تجد لَسّنة اللة تحويلاً**) دە وەرن ئێوە لە شوێنی** (سنةّ اللةِ ( بِدعةُ اللة **) دابنین ، ئایا دەتوانن؟ یا هیچ کەس هەیە ئەم کارە بکا؟ ئێوەی بیدعە باز ناڵێن** (سنةّ و بِدعةُ) **یەك ماناو یەك شتن ، یەك زاراوەن دەباشە مادام ئەو کارە هاسانە ئەنجام دەن و لە شوێن وشەی** (السنةّ ) (بِدعةُ) **دانێین، ئەوسا دەزانن چۆن دەبنە گاڵتەجاری هەموو موسڵمانانی دونیا .**

**یاخود لە جێگەی** (سنّة اللّة) **لە ئایەتی ژمارە (٨٥) لە سورەتی.( غافر) وشەی ( بدعە) دابنێن و تا ئایەتەکەی بەم شێوەیە ی لێی سەربێ: (بدعە الله التی قد خلت فی عبادە...) لە بری فەرمودە**

**ڕاستیەکەی خوای گەورە کە دەفەرمویَ ( سُنتَ اللە التي قد خلَتْ فِي عبادة و خَسَرَ هُنالك الكافرون)غافر (٨٥)؟ دەبا بزانم کەس هەیە بوێری ئەو تاوانە ئەنجامداو بە خۆی بلیَ موسڵمانم؟ باوەڕ ناکەم کەس هەبیَ.**

**هەر کەس دەیهەویَ بە تەواوی لە ماناو هۆکاری (حەدیسەکە مَنْ سَنّ سنةً) ئاگادار بێتەوە و هۆی گوتنی ئەو فەرمودەیە لە لایەن پێغەمبەر ـ علیە الصلاه و السّلام چیە با بگەڕێتەوە کیتابەکەی ( ابن حجر الهیتمی) الزواجر عن الاقتراب الکبائر / الجزو الاول ، لاپەرە (٩٠) چاپی ساڵی ١٣٧٠ ھ ١٩٥١ م کە کیتابێکی بە ناوبانگە.**

**نابی لە بیری بکەین بە پێی کیتاب و سوونە بیدعە هەمووی شەڕە بەلاّم بەلام دوو شەڕن :**

**١/ ئەو بیدعانەی کە بە ئەنجامدانیان موسڵمان کافر دەبی ( البدعة المکفّرة) وەك ئەو بیدعانەی ڕاستەوخۆ لە ئیمان و عەقیدەی موسڵمانان دەداو دەیکا بە موشریك وەك هاوارکردن و پارانەوە لە غەیری خوای گەورە، قوربانی کردن بۆ غەیری خوای گەورە ، پەنابردن بۆ گۆڕی پێغەمبەران و پیاو چاکان لە کاتی خۆشی و ناخۆشی ، قاوە گرتنەوە و هتد.. .**

**٢/ ئەو بیدعانەی کە موسڵمانان پیی کافر نابیَ بەلاّم زۆر گوناهبار دەبیَ واتا : (البدعة المفسّقة) ئەو بیدعانەی فەرمانی خواو پێغەمبەر دەشکێنیَ وەك بیدعە ( مولودی پێغەمبەر) کەئەبەدەن وجودی نیە لە کیتاب و سوننە، وەکو دەنگ بلّند کردن لە کاتی یادی خواو پارانەوە لە خوای گەورە بە دەنگ چونکە خوای گەورە ـ جلا جلالە ـ دەفەرموی (** وادعُ رَبَكَ تَضَرُّعا و خُفيةً و لا تَعَتدوا ، ان اللة لا يُحُبٌّ المعتدينَ)**(الاعراف٥٥) کەواتە ئاشکرایە دوعا کردن دەبی بە دل و دەنگی نزم بێت و تاك تاکیش بی نەك بە کۆمەل و بە ئاشکرا لە ئایەتەکەدا رونکراوەتەوە .هەروەها یادی خوا هەم دەبی بە دەنگی نزم بیَ و تەنها خۆت گوێت لە دەنگی خۆت بێت و دەفەرمویَ : (** و اذكر رَبَك تَضُّرعاً و خِفَيةً و دونَ الجهرِ مِنَ القول بالغدوُّ و الآصال و لا تَكُنْ مِنَ الغافلين**). الاعراف (٥٤، ٢٠٣). نابیَ وەك**

**صۆفیەکان و موریدەکانیان و کۆلکە مەلاکان لە تەکی مزگەوتەکان پڕ بەردەم هاوار دەکەن بە ناوی یادی خوای گەورە ، بەراستی کارێکی ناڕەواو نا بە جێیە.**

## (ئەو پرسیارانەی دەبێ ئاراستەی بیدعەباز بکرێ:)

**١/ ئایا ئەو هەزاران بیدعەی ئێوە دروستی دەکەن بۆچی پێغەمبەر** (علیة الصلاة و السّلام **- بۆی نەکردینە بە عیبادەت و شەرع.**

**٢/ ئایا لەبەر ئەوە بووە نەیزانیون و ئێوە لە ئەو زیرەکترو زاناترو بە تەقواتر بوونە ؟ لە کاتی دەفەرموی :** (ومامن معروف الِا أمرتکم به و مامنْ مُنکر الانهیتکم عنهُ) **دەفەرموێ** : تَرَکْتُکم علی مَحبةٍ بیَضاء لَیلها کَنَارِهم لا یَزیغُ عَنْها الاّ هالكُ ؟

**٣/ ئایا ئەوان بیدعانەی ئێوە بە هەواو هەوەس داتان ناوە پێغەمبەر** علیة الصلاة و السّلام **لە بیری چوون ؟ پەنام بە خوا لە هەڵەو گوناهە گەورەیە ؟ پێغەمبەر هیچی لە بیر نەچووە کە بۆ موسڵمانان پێویست بی و لە قورئانە پیرۆزەکەیدا باس کرابێ و ئایەتی لە سەر هاتبێتە خوار، خوای گەورە لە سورەتی (** سَبَّح) **پێمان دەفەرموی پێغەمبەر** علیة الصلاة و السّلام **هەرگیز هیچ شتێکی لە قورئان و سونە لە بیر نەچووە و دەفەرموی (** سَنقرْءُكَ فلا تنسیٰ) **ئەو (لامە) لامی نەفی موتڵەقە لە زمانی عەرەبی بە بۆچوونی هەموو عەرەبە زانەکانی سەر زەوی. واتا بۆمان خوێندیەوە هەرگیز لە بیرت ناچێتەوە . کەوتە ئەم ( لامە) لامی نەهی نیە چونکە ئەگەر لامی نەهی بە سەدا سەد ماناو مەبەست لە ئایەتەکە دەگۆڕا ئەو ( الألف المقصورە) فرێدەدراو دەبووە ( الفتحە) لە سەر حەرفی سین ) ماناکەی دەبووە ( بۆت دەخوێنێتەوەو لە بیرت نەچێ).**

**٤ / ئایا پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام - ئەو هەموو هەزاران بیدعانەی لێشاردینەوە - پەنام بە خوای گەروە - لەوەی کە پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام - بچوکترین چاکەی لە ئێمە شاربێتەوە کە کەمترین سودی تێدا بێ بۆ موسڵمانمان.**

**٥/ یا دەبی بەو پەری دڵنیایەوە بڵێین ئەوان هەزاران بیدعانە پوچن و هەرهەموویان زیان بەخشن و هەرگیز بە عیبادەت و کاری چاك ناشێن؟**

**٦/ ئەگەر بیدعەو بیدعەبازی بە گوێرەی کیتاب و سوننە بە خوا پەرستی شیابان باشە کی دەتوانێ لە رۆژی دوایی ببێ بەشەفاعەتکاری ئەو سەدان ملیون موسڵمانانەی کەبەر لە دروست بوونی ئەو بیدعانە مردون و بەشیان لە ئەنجام دانی ئەو بیدعانەدا نەبووەو نەچویتە نێو تەرازووی خێریانەوە ؟**

**٧/ئایا ئاینی ئیسلام بە گوێرەی کیتاب و سوننە بە تەواوی خوای گەورە بۆمانی ناردووە یا نەء ؟ ئەگەر تەواوە ئێوەی بیدعەباز بۆ لێی زیاد دەکەن فەرمانی ئەو زیاد کردنەتان لە کی وەرگرتووە لە خوای گەورە سبحانەو تعالی یا لە پێغەمبەرەکەی ـ علیه الصلاه و السلام ـ یا خود لە هەواو هەوەسی خۆتان؟ مەگەر خوای گەورە نەیفەرمووە ( الیوم اکملْتُ لکم دینکم و اتممْتُ علیکم نعمتی و رضیت لکُمُ الاسلام دیناً)؟**

**٨/ بۆ لە نێو هەموو موسڵمانان بە درێژایی مێژوو ئەو ئاینە بۆ بە تەنها بیدعەو بیدعەبازی کێشە بەرو ململانێ لە سەرە ، ئەی بۆ هیچ کێشەو ململانێیەك لەسەر ئەو عیبادەتانە نیە کە لە کیتاب و سوننە جێگیر کراوە ؟**

**٩/ ئەگەر بیدعەو بیدعە بازی پایەو پلەتان لە لای خوای گەرە ـ سبحانەو تعالی ـ بەرزکاتەوە کەواتە دەبێ دوژمنانی بیدعەو بیدعەبازان هەر هەموویان بە شیان ئاگری دۆزەخ بێت، ئایا وانیە؟**

**١٠/ کی گوناهبارو تاوانبارە لەبەرامبەر خوای گەورەدوژمنانی بیدعە بیدعەبازان ، یا خود ماموٚستایان و دارێژەرانی بیدعە؟** وانَّا أَو اِیّاکم لَعلی هُدیً اَو فی ضَلالٍ مُبین)**( سبأ ٢٤) بی شك لایەکمان گوناهبارو تاوانبارین ، وانیە؟**

**١١/ ئیمان و عەقیدەی تەواو لە گەل بیدعەو بیدعەبازان کۆنابێتەوە ـ هەروەك چۆن لە گەل هیچ گوناە و تاوانێك کۆنابێتەوە، کەواتە ئەگەر ئێوە ئیمان و عەقیدەتان تەواوە چۆن کۆیان**

**دەکەنەوە ؟ بەڵگەتان لە کیتاب و سوننە لەسەر ئەو کۆکردنەوەیە چیە؟ هەرگیزاو هەرگیز سوننەتی خواو پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام لە گەڵ کاری هەواو هەوەس کۆنابێتەوە**

لوکانَ قضاءُ اللهِ فِي البِدعة عبادةً

لانْهارَ الآسلامُ مِنهاجاً و شَريعةً

**١٢/ ئایا ئەگەر بیدعە دانان بەشێك بایە لە ئاینەکەمان ئایا ئەمرۆ ژمارەی بیدعەکان دەگەیشتە چەند؟ ئەوسا کی هەبوو بتوانی لە نێو ئەو هەمووە بیدعە بێ ئەژمارانە سونەتەکانی پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام جیا کاتەوە؟ لە بیرتان نەچی پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام دەفەرموێ:** ( ما ابتدعَ قَومُ بِدعةَ الا نزع من سُنَّتِهِمْ مْثلَها) اَخرجَة الدارمی باسْنادِ صحیح؟ **وە دەفەرموێ** ( لایومنُ اَحَدُكُم حتی تكونَ هَواه تبَعًا لما جِئْتُ بِهِ) **( رواه البغوی و الحسن بن سفیان و ابن عساكر. واتا هەموو بیدعەیەك جێگەی سونەتێك ڕەش دەکاتەوە. وە چاکبزانن ئیمانی نابەن تا لە پێناو سونەتەکان هەواو هەوەستان ژێر پێ نەخەن.**

**١٣/ باشە خوای گەورە // سبحانەو تعالی ـ دەفەرموێ من ئایەتەکانم بە تەواوی بۆ ناردوون ، هەروەها پێغەمبەرەکەشی ئەو ڕاستیەی ڕوون کردۆتەوە، ئایا ئێوەی بیدعەباز رو لە خوای گەورە ناکەن پێی بلێن نەخێر درۆت کرد وا ئێمە بە بیدعەکانمان بۆت تەواو دەکەین؟ ئایا کام لەو کوفرە گەورەتر ؟ لە دوای شرك؟ ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێ:** ( الیوم اكملْتُ لكم دینَكم و اتمْمت عَلیَكم نِعمتی و رَضیتُ لكمُ الاسلام دیناً...) **المائده (٣) یا دەفەرموی** ( ماكانَ حَدیثاً یُفتری ولكنْ تصدیق الّذي بَیَن یَدیة وَ تفصْیل كُلَّ شَی وَهُدیً و رحمة لقَوم یُومنونَ) **یوسف (١١٠) وا دیارە ئێوە هیچ گرنگیەکتان بە وشەی** (اكملْتُ) و (تفصْیل كُلَّ شَی) **نەداوە یا لە بیرتان چووە ، یابە عەمدەن فەراموشتان کردووە و لە بیرخۆتان بردۆتەوە ، ئایا دەتوانن ( کل شی) بژمێرن.؟**

**یا دەفەرموی** ( ... ونَزَّلنا اِلیكَ الكتابَ تِبیاناً لكلّ شَیً وَ هُدیً و رَحمَةً و بُشری للمسلمین) **( النحل٨٩) ئایا جاری لە جاران بیرتان لە مانای ئەو ئایەتە کردۆتەوە؟ لە خۆتان نەپرسیوە بۆ ووشەی** (نَزَّلنا ) (انزَّلنا )

**نەبووە؟ رۆژێ لە رۆژان بیرتان لە** (تِبياناً لكلِّ شَيً ) **نەکردۆتەوە؟ ئایا ئەو** (تِبياناً لكلِّ شَيً ) **نەهی کردن لە بیدعە دەگرێتەوە یا ئەمر کردن بە بیدعە ؟ ئەگەر ئەمرکردن بە بیدعەبازی دەگرێتەوە فەرموون ئەو ئایەتانە بخوێنەوە:** (فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ) . النور (٦٣) (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ وَلَوْلَا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ )(الشورى٢١)

**ئیتر ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسەر ئەو چەند ئایەتە پیرۆزە تەنها چەند ئایەتێکن لە نێوان دەیان ئایەت کەبە توندی نەهی لە بیدعە بیدعەبازی دەکا.**

**هەروەها پێغەمبەری خۆشەویستمان علیه الصلاه و السلام دەفەرموی: (** ما تركتُ فيكم شياً يُقرَّبكم الىٰ اللة الآ اَمرْتكُم بهِ وما ترَكْتُ شَيئاً يبُاعدِكُم عن الله و يُقرَّبكم الى النَّار الا نَهيْتكم عَنَهُ ( صحيح ، محمد ناصر الآلباني) رحمه الله.

**ئایا رۆژی لە رۆژان بیرتان لەو وشەیەی خوای گەروە کردۆتەوە وەك وشەی** ( اكملْتُ) **تەواوم کرد ئایا نابێ بزانین کە تەواو کردنی خوای گەورە وەك تەواو کردنی تێکرای بەندەکانی نیە ئەوەتی خوای گەورە خەڵقی کردووە . تەواوکردنی خوای گەورە موتڵەق و بی دواییە ، تەواو کردنی هەموو مرۆڤ هەرگیز ناتەواوە و چونکە بەردەوام ناتەواوی بە دواوە دێ ؟ ئێمە دەبی یەکجار ئاگادار و وریابین لەو وشانەی خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەی بەکاریهێناون ، هەرگیز بە کارهێنانی ئەو وشانە لە لایەن خوای گەورە وەك بەکارهێنانی ئێمە نین، هەموو دونیا تۆی خۆش بوی ناکا بالی پێشولەیەك لەبەرامبەر ووشەی خۆشەویستی خوای گەورە بۆ تۆ یان هەر موسڵمانێ گەورەیی و هیچ کار و کردەوە و سیفەتێکی خوای گەورە هەرگیزاو هەرگیز وەك هی ئێمەی مرۆڤ نیە، هی ئێمە هەمووی سنوورداره و بەرکورتە بەلام وشەکانی خوا هەمووی بی سنورە هەڵبەت کە خوای گەورە خاوەنی هێزو دەسەڵات و تواناو زانایەکی موتلەقە کەواتە دەبی وشەکانیشی لەڕاستی و بەرفراوانی موتڵەق بن. لەبەر ئەوە دەبێ هەمیشە دڵمان بێتە لەرزین لە ئاستی وشەی (اکملت یا تبیاناً) کەلەو**

**دوو ئایەتە بەکاری هێناوە یاخود وشەی (تفضل كلّ شی) ئایا دەزانن ئەو وشانە چ موعجزەیەکی قورئانی پیرۆزمان نیشان دەدا؟ لە گەورەترین بەڵگەن کە قورئانی پیرۆز لە لای خوای گەورە دابەزیوە.**

**١٤/جەنابی بیدعە بازان ئایا نەتان زانیوە کە بیدعە نانەوەی هیچ نرخ و رێزێك و پلەو پایەك بۆ سرووش (وەحي) و پێغەمبەر ناهێڵی و هەر کەس بۆخۆی دەبێتە خواو پێغەمبەری خۆی و بەفەرمانی هەواو هەوەسی ؟ هەواو هەوەس خوای هەر کەسێکە شوێنکەوتوی بی و لە بەرنامەو پیرۆزەکەی خوای گەورە بە یەکجاری دابڕێ وەك دەفەرموی : (** أرايْتَ مَنْ اتخذَ الهةٌ هَواهُ افأنت تكونُ عَليةِ وَكيلاً**). الفرقان ٤٢.**

**١٥/ ئێوە دەزانن ئەمرۆ ژمارەی موسڵمانان لە هەزارو پێنج سەد ملیۆن موسڵمان پترە، باشە ئەگەر لەو ژمارە زۆرە تەنها سالانە یەك ملیون موسڵمان هەریەکەیان یەك بیدعە دروست کا ئایا ئاینی ئیسلامی پیرۆزی کە دوژمنی بیدعەیە چی لێ بەسەر دی ؟ وەلامی دەنەوە.**

**١٦/ بیدعە نانەوە ـ زۆر یاکەم ـ ئایا باری موسڵمانان سوك دەکا یان گران ؟ بی گومان دەبێت بڵێین بەڵی گرانی دەکا ، باشە بارگرانیکردنی موسڵمانان بە دەیان یا سەدان بیدعە سونەتی خوای گەورە و سبحانەو تعالی پێغەمبەرەکەیەتی ـ علیه الصلاه و السلام ؟ ئایا لە قورئانی پیرۆز نەتان خوێندۆتەوە کە دەفەرموی : (** يُريدُ اللهُ بِكمُ اليُسْرَ ولايريدُ بكمُ العُسْر ...**)البقره ١٨٥) وە پێغەمبەری خۆشەویستمان علیه الصلاه و السلام دەفەرموێ: (** لا تُشدَّدوا فيُشدَّدَ اللهُ عَليكُم**) ئایا بیدعەو بیدعە بازی ( تشدد) یا ( تیَسیر)؟ یا دەفەرموی ـ علیه الصلاه و السلام ـ** اِنَّ الدّيَن يُسر فأوغِلوا فيه بِرفقٍ لا يُشادَّ اَحدٌ هذا الدَّين الاّ غَلَبَةُ**).**

**باشە ئەگەر باگرانکردنی موسڵمانان بە هەزاران بیدعە تەشدید و توندرەوی نەبی ئەی کام کارو کردەوە تەندرەوین کە مادام لە کیتاب و سوننە هیچ جۆرە پشتوانیەکیان نەبێ؟**

**١٧/ ئێمەی ئەهلی سوننەو جەماعە حەمد و ستایشی خوای گەورە دەکەین کە خوای گەورە هیدایەتی داوین بە تەوندی دوژمنایەتی بیدعە و بیدعەبازان بکەین و لەو کارە پیرۆزە خوای**

گەورەمان لەگەڵ پێغەمبەر و علیه الصلاه و السلام ـ زیاتر له سەدو بیست هەزار صەحابە ـ رضوان الله علیهم ـ له گەل ژمارەیەکی یەکجار زۆر له زانایانی تابعیین، به دەقی کیتاب و سوننە، باشه ئێوە کێتان له گەڵدایه؟ ئەمەش له فەزل و هیدایەتی خوای گەوریە جل جلاله.

١٨/ ئایا بیدعە و بیدعەبازی له گەورەترین سەرچاوەی نانەوەی دوبەرەکی و خیلاف و دوبەرەکی و فیتنە نانەوەیە یان ؟ ئایا گەرەلاوژە دروست ناکا له نێو دین و دونیامان؟

١٩/ چۆن کیتاب و سوننە کە راستی رەهان ـ حق موتلەق ـ کۆ دەکەنەوە له گەل بیدعەکانیان کە گونای و هەڵەی رەهان ـ ذنوب و اخطاء مطلقة ـ ئایا کاری ئاوا کەی رویداوە؟ ( لَنْ يجتمُع حقٌّ مطلقٌ مَع هوى الشياطين اَبداً )

چاکترین و پیرۆزترین و پێویسترین ئەرك بۆ رێگەگرتن له بیدعەو بیدعەبازو هەموو گوناه و تاوانێك ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورەیە و سبحانە و تعالی ـ وە شوێنکەوتنی پێغەمبەرەکەیەتی ـ علیه الصلاه و السلام ـ وەك دەفەرموی (وَأَنِيبُوا إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ) الزّمر (٥٤). یا دەفەرموێ : (وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ) النوره (٥٥). دوای نوێژو زەکات ملکەچی فەرمانەکانمی پێغەمبەر بن ـ علیه الصلاه و السلام ـ چونکه ( مَنْ يُطع الرسولَ فَقَدْ اَطاعَ اللهَ ومَنْ تولّى فَمَا أرسَلْناكَ عَليهم حَفيظاً ) النساً(٨٠).

## (کەسایەتی بیدعەباز:-)

زۆر به پێویستی دەزانم کە هەریەکەمان هەندێ زانیاری راستمان هەبێ له بەرامبەر کەسایەتی و سیفەت و هەڵسو کەوتی بیدعەبازان، کە هەر هەمووی هەڵەیه و بەو ئاراستەیه دانارا کە مرۆڤی موسڵمان پێویسته بیزانێ ، بی گومان شارەزا بوون له کەسایەتی بیدعەباز هۆکارێکی پێویسته کە مرۆڤی موسڵمان له بیدعەبازان دوردەخاتەوە ، چونکه دەزانی کە خۆیان ناراستن هەڵبەت بیدعەکانیان گەلێ له خۆیان زیاتر ناراسترو خوارو خێچ ترە و پێچەوانەی بەرنامە پیرۆزەکەی خوای گەورە جل جلاله ـ کەسایەتی بیدعەبازان وەك کەسایەتی هەموو ئیمان و عەقیدە شلۆقێك

کەسایەتیەکی هەڵگێرو وەرگێر (متقلب) هەرگیزلەسەر یەك پێ ڕاناوەستی بە پێی ڕۆژگارو کەسایەتی و ماددی دەگۆڕێ هەمیشە بە کەیفی ئەو کاربەدەستە دەدوی کە دەسەلاتی بەسەر دا هەیە و بەرژەوەندیەکانی دەپارێزی.

تا بڵێی کەسێکی حەسودەو بوغز لە سکە لەبەرامبەر هەر موسڵمانێك کە لە خۆی زاناترو زیرەکترە بە تەقواترە و هەرگیز ئامادە نیە ڕاستی بۆ بسەلمێنی ئامادەیە ئایەتێکی قورئان بە هەڵە بخوێنێتەوە کە مادام بەرامبەرەکەی بەراستی دەخوێندتەوە. من ئەو حاڵەتەم نەك بە چاوی خۆم دیوە ، بەڵکو دوچاری بوومە . مەلا محمدی جەلی زادە لە تەفسیرەکەی ـ لە سەرەتی البقرە ـ چاپی ساڵی ١٩٦٨ دەڵی: مامۆستایەکم بینی قورئانی دەخوێند و هەڵەی کرد فەقێیەکەی ویستی هەڵەکەی بۆ ڕاست بکاتەوە کەچی جەنابی مامۆستا لێی تورە بوو گوتی: هەتیوە وسکت بە جیق و فیقکەی هەر خوێندنەوەکەی من ڕاستە.

کەسایەتیەکی تابڵێی حەسودە ، چاوی کوێرە دەبێ کەسێکی لەخۆی زیرەکترو زاناتر دەبینێ، یا لە لای باس دەکرێ. تەنها بەرژەوەندی مادی و دونیەوی پاڵی پێوەناوە خۆی  لە پەنا ئیسلام بشارێتەوە بە ناوی ئیسلام قسان بکا . هەموو کات و سات ئامادەیە بەرگی ئیسلامی داکەنی  هەر کاتی دیتی بەرژەوەندیەکی ماددی چاکتری دەست دەکەوێ لەو بەرژەوەندی  کەلە پەنا ئیسلام دەستی کەوتووە ، هەمووومان دەزانین لە ساڵی ١٩٥٩ کاتی عبدالکریم قاسم فەرمانێکی جەمهوری دەرینا، بە گوێرەی ئەو فەرمانە هەموو مامۆستایەکی مزگەوت کە تەمەنی لە سیی و پێنج ساڵ زیاتر نەبی دەتوانی ببی بە مامۆستای قوتابخانە ، ئیتر زۆربەی هەرە زۆری ئەو مامۆستایانەی کە ئەو بریارە دەیگرێتەوە وازیان لەمزگەوتەکان هێناو بەرگی مەلایەتیان فرێداو مزگەوتەکانیان گۆریەوە بە نادی (نادی الموظفین).بێ گومان ئەو کارەیان بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئیمان و عەقیدە شلۆقی کاری بیدعەبازی.

وه هەر ئەمانە بوون لە دوای شکست خواردنی شۆڕشەکەی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لە ساڵی ١٩٧٥ زۆر بە گەرمیەوە باوەشیان بۆ بەعسیایەتی کردەوە چوونە ریزی (حزب البعث العربی الاشتراکی) نە شەرمیان لە خوا کردو نەشەرمیان لە کەسایەتی و کۆمەڵگای کوردەواری کرد.

وە هەر لە دێر زەمانەوەش لە پێناو پارووی چەورو یاریدەدەری یەکەمی ئاغا زۆر دارەکانی کوردستان بوون لەدژی جوتیارو وەرزێری قوربەسەرو هەژار. وە کاتی عبدالكريم قاسم رژێمی پاشایەتی ڕووخاند لە ١٤/٧/ ١٩٥٨دوو حیزبی بە ناوبانگ لەکوردستان سەریهەڵدا ( پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق) کە پێشتر بە نهێنی لەنێو کۆمەڵانی خەڵك لە عێراق و کوردستان کاریان دەکرد، بە چاوی خۆمان دیتمان ئەوان بیدعەبازانە زۆر بە گەرمیەوە دابەش بوونە سەر ئەو دوو حیزبەو پشتیان لە بەرنامەکەی خوای گەورە کرد، تەنانەت هەندێکیان هۆکاری چالاك بوون لەو خوێن ڕێژیەو فیتنەیەی کە لە میانی ئاغاو فەلاحەکان ڕویدا لە کوردستان.

هەمیشە بیدعەبازان خێراترین کەسانێکن لەبەزاندنی سنورەکانی خوای گەورە و ئەمرەکانی بە چاکەو نەهیەکان لە خراپەو بەلارێدابردنی، واتا و ماناو تەفسیری ئایەتەکانی قورئان یا فەرمودەکانی پێغەمبەر کە مادام سودو قازانجی کەسایەتی خۆیان و ئەو حیزبانەی تێدا بی کە خۆیان تێدا ئەندامن و حەسودی و فیزو خۆبەگەورە زان لە نێو دەمارەکانی خوێنیان لە گەڵ دوا هەناسەیان ـ الاّ مَنْ رَحَم رَبّي.

لە خێراترین ئەو کەسانە بوون کە بڕوایان بە دێموقراتی و ئیشتراکی هێناو تێکەل بە ئاینە پیرۆزەکەیان کردین و خەڵکانێکی یەکجار زۆر لە نێو موسڵمانان پێیان هەڵخەلەتاندن. بە زۆر بە گەرم و گوڕی دەیانگوت ئاینی ئیسلام دژی دێموقراتی و ئیشتراکیەت ـ سۆسیالیستی ـ مارکسی ـ نیە ، بەڵکو ئیسلام و موسڵمانان. وەك گەلانی ئەوروپی و ئەمریکی پێویستیان بە دوو رێبازە هەیەکە هەر هەموو تاوان و ستەمە لە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی وە بە ئاشکرا دەیان گووت دێموکراتیەت و ئیشتراکیەت کەمو کوڕی بەرنامەی پیرۆزو تەواوەکەی ئیسلام تەواو دەکات. هەروەك بڵێی خوای گەورە نەیزانیوە یا لە بیری چووە خودی خۆی ـ سبحانەو تعالی دیموکراتیەت و ئیشتراکیەتمان بۆ بکا

بەبەشێك لە ئاینەكەمان ئەو دوو بەرنامەی كە ئەمرۆ ڕووباری خوێنیان دروست كردوە لە هەموو جیهانی موسڵمانان روونكردنەوەو ئاشكرا كردنی ئەو بەرنامەیە دیموكراتی و ئیشتراكی پێویستی بە كیتابێكە كە لە هەزار لاپەرە كەمتر نەبێت، ئەمەش بە داخەوە كاری من نیە من هەر ئەوەندە دەلێم مانای راستەقینە و واقیعی دیموكراتیەت ئەوەیە كە مرۆڤ خاوەنی ئازادی ڕەها بێتـ وە هەر شتی هەوەسی لێیەتی با بیكاو كەس بەرهەڵستی نەكا وەك زینا كردن لە گەڵ دایك و خوشك وە نێربازی و هەموو جۆرە بەد ڕەوشتیەك : تەنها یەك شت لە مرۆڤ حەرام دەكا كە ئەمیش بە كڕداچوونەوەی تاغوتەكانە. وە ئیشتراكیش تەنهایەك مانای هەیەیەك ئەركی گەورە دەبینی ئەویش دەست بەسەر داگرتنی هەموو مال و سامانی سروشتی ولاتە لە لایەن تاغوتەكان لە پەنا دابەشكردنی ئەو مال و سامانە بەسەر هەژارانی وڵات بە یەكسانی . ئیشتراكی و كۆمەنەستەكانی ئەوروپای رۆژهەڵات لە ژێر هەزاران بەڵگەی زەق و ئاشكرا بە درێژایی پتر لە حەفتا ساڵ واتا لە ساڵی ١٩١٧-١٩٩١ ئیسپاتیان كردكە ئیشتراكیەت تەنها تاوان و قەتل و عام و زمان بڕین و تۆقاندنە بۆیە سوپاس بۆخوا لە ساڵی (١٩٩٠) وەك كەڵەكە بەردی منداڵان رووخا و رما و خزانە نێو زبڵدانی مێژوو، لەگەل ئەوەشدا ئەوەی كە زۆر جێگەی داخە و كارێكی نارەواو ترسێنەر و سامناكە ئەمرۆ برایانی بیدعە باز لە شەهادە بەرزەكان بەوپەری بی چاوەرویی و ترس لە خودا دەڵێن هیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان ئەو دوو شتە ئەفساناویە( دیموكراتی و ئیشتراكی ) ولا حول ولا قوە الا باللە .

لە گەورەترین دیاردەی بیدعە بازی بە درێژایی مێژوو ( زۆرینەیە) ، زۆرینەی موسڵمانان لە گەل بیدعە و بیدعەبازانن و گومڕا سەر لێشێواو كراون لە لایەن ئوستادانی بیدعەباز ، شایانی باسە زۆرینە لەبەرامبەر (ڕاستی ـ حق) هیچ نرخێكی نیە، نەك هیچ نرخێكی نیە بەڵكو خوای گەورە لە زیاتر لە سەد ئایەت بە نەزان و كافرو، گومڕاو سەر لێشێواو ناویان دەباو زیاتر لە سەد ئایەت لە قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە كۆتایان هاتووە: ( اكثرهم لا یعلقون) (اكثرهم كافرون) ( اكثرهم ضالون)) وما اكثر النّاس و لو حَرصتَ بمومِنینَ)، لەبەر ئەوە ئێمەی ئەهلی سوننە و جەماعە هەرگیز نابێ

زۆرینه لەخشتەمان بەری و کاریگەری لەسەر ئیمان و عەقیدەمان هەبێ، ئەبەدەن پشت بە زۆرینه نەبەستن و تەنها بەخوا بەستن.

له بیرتان نەچێ زۆرینه بناغەی گەورەترین بەرنامەو ڕێبازی ئاشوب و فەسادە کە ئەمیش دیموکراتیەتە ئەو دیموکراتیەتەی کە ئەوەتی سەری هەڵداوە دەیان ملیۆن مرۆڤی تەفرو تونا کردووە ، دایکی دیموکراتیەت ( ئەمریکایە) ئەو ئەمریکایەی کە بکوژی ملیونەها بی تاوانە له سەر گۆی زەوی تەنها بە دوو بۆمبە ئوتومیەکەی بۆ سەر شاری ( هێرۆشیما و نەگەزاکی ) له ماوەی تەنها یەك سعات زیاترە لە دووسەد و پەنجا هەزار یابانی کوشت کە لەسەدا نەوەتیان ژن و منال پیرو پەکەوتەبوون. لە کاتی لە هەموو کەس چاکتر دەیزانی ئەو دوو شارە گەورە لە ژن و منالْ و پیر زیاتر هیچ کەسی تێدا نەماوە ، ئەوەی بە کەڵکی شەڕ دێت وا لەبەرەکانی شەڕە وە لە سالانی (١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٥ زیاتر لە چوار ملیۆن مرۆڤی کوشت لە ڤیتنام و لاوس و کەمبودیا ئەمرۆش یەك تاکە گوللە لە هەر شوێنی لە لولەی تفەنگ دەرچێ و بێ تاوانێك دەکوژێ لە کارگەکانی دێموکراتیەت دروست کراوە. ئا ئەمەیە دێموکراتیەت ( دەنگی زۆرینه کە هەموو گەندەل و خوێن ڕێژ و نەزان و دڵ رقی تێدا کۆبوویتەوە.

هەڵپەرستیەت گرنگترین خوو ڕەوشتی بیدعەبازانە، هەمیشە لایەنگری تێکشاوان نین با لەسەدا سەدیش لەسەر حەق بن، ئەمرۆ کام حیزب لە باوەو کام تاغوت بەهێزە و لەهەرستە پشتی ئەو دەگرن و ڕەدوئەو دەکەون هەمیشە لایەتی دونیەویان زاڵە بەسەر لایەنی قیامەتی وەك خوای گەورە دەفەرموی : ( لاوازی ئیمان و عەقیدە وایلێ کردون کە بەردەوام سنورەکانی شەرع بشکێنن و حەرام حەلال کەن وەك حەلال کردنی ڕێبا بە جۆرەها فرت و فێل وە مارەکردنی ئافرەت بە جاش کە ئەوپەری سوکایەتی کردنە بە ئافرەت ، وە چاکردنەوەی تەلاقی یەکجارەکی ( الطلاق البائن) لەبەرامبەر چەند پۆلێکی حەرام - یا نوێژ کردن بە پارە بۆ ئەو مردوانەی کە نوێژیان چواندووە کەلە زاراوەی ئەوان پێیدەگوترێ( اسقاط الصلاه) کە بەراستی گوناهێکی گەورەیە ، لەبەر ئەوەی نوێژ

وەك هیچ عیبادەتێك نیە هەر موسڵمانە دەبی پێنج فەرزە نوێژەكانی خۆی بكا لە ژێر هەر بارێكی نایاسایی بی نابێ نوێژەكانی بچوێنێ، تەنانەت ئەولادیش ناتوانن نوێژ بۆ باوك و دایكیان بگێرنەوە.

ئەو دیاردە ناشیرین و نالەبارەی لە هەمووومانەوە دیارە لە نێو ماڵ و خێزانی بیدعەبازان كە زۆر جێگەی داخە بە دەگمەنیش رۆڵەیەكی صالیحی خواپەرستیان نیە، زۆر جاران دیومانە و دەبینین كە ئافرەتەكانیان سفورن با كورەكانیان قورمارچی ومەیخۆرەوەن ، كاتی گەر رووبەروو لۆمەیان دەكەی لەبەرامبەر لۆمەكردنەكەت دەڵێن جا ئێمە چی بكەین كۆری پێغەمبەر نوحیش ـ علیه الصلاه و السلام ـ كافر بوو لە بیریان چویتەوە یا هەر لەبنەرەتا نازانن كە شەرعی نوح علیه الصلاة و السلام بۆ ئێمە دەستنادا و ئێمەی موسڵمان خوای گەورە ئاگاداری كردوینەوە و هۆشداری داوین كە دایك و باوك لەسەر خراپی رۆڵەكانیان سزا دەدرێن و دەفەرموی : ( یا أَیُّها الذین امنوا قُوا اَنفسَكم و اَهلیكم ناراً وَقودُها النّاسُ و الحجارةُ ، علیها ملائكةٌ غِلاظٌ شدادٌ لا یعَصُونَ اللّة ما اَمَرَهُم و یَفعلوُنَ مایُؤمرون **(التحریم (٦)**

هەروەها لەو بێشەرعیانەی كە لە ناویان باو بوو جاران مێینەی كۆرپەیان لەسەر پشتی لانگ ـ بێشكە ـ مارەدەكرد كە ئەمەش خیلافی شەرعە چونكە مارەكردنی كچ لە كور دامەزراوە لەسەر ئەو بناغەیە كە دەفەرموی ( البكرُ تستأذنُ و الثیبُ تستأمَرُ) واتا كچ دەبی پرسی پێبكری و ئیزنی لێوەربگیرێ و رازی بی وە بێوەژنیش دەبی بۆ خۆی فەرمان بە میردكردنەوەی خۆی بدا و نابێ كەس زۆری لێبكا.

هەروەها سونەتەكانی پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام ـ فەرامۆش دەكەن و كاریان پێناكەین بە بیانوەی كە سوننەتن و رۆژی دوایی حیسابیان لەسەر نیە، ئەگەر حیسابیشیان لەسەر بێ سزایان بە دوا دانایی ، شتێكی سروشتیە هەركەسی كار بە سونەتەكانی پێغەمبەر نەكا علیه الصلاه السلام دیارە درێغی و دەست شلی لە فەرزەكانیش دەكاو هەروەها پشتگوێخستنی سونەتەكان یەكێكە لە گوناهەكان كە پێویستی بە تەوبەكردن هەیە وەكو هەموو گوناه و تاوانێك. ئەنجامدانی سونەتەكان لە گەورەترین هۆكارە بۆ بەرزبوونەوەی پلەو پایەو موسڵمان لەبەهەشت.هەندێ جاریش هەندی بیدعە سەریان كێشاوە بۆ سوكایەتی كردن بەموسڵمانان كە گەورەترین و خۆشەویسترین گەلانی سەر زەوینە

له لای خوای گەورەئەوەتا سەدان ساڵە بیدعەی ( تەڵقینی مردوانیان داهێناوە، دوای ئەوەی کەسێکی موسڵمان دەمری و لەنێو گۆڕەکەی دەشێردرێتەوە ، جەنابی بیدعەبازی دی تەڵقینی دەدا و بەر لەهەموو شتی شك و گومان دەباتە سەری و بە ناوی دایکی بانگی دەکانەوەك کوڕی باوکی خۆی نەبێ و تەنها دایکی دەزانێ ئەو ڕۆڵەی لە چ پیاوێکە کەواتە گومانی بیژویی بۆ دروست دەکا بەبەرچاوی

سەدان ئامادەبووان ئاینی ئیسلام پیرۆز گەورەترین پایەو پلەو ڕێزی لە مرۆڤ ناوە، چۆن دەبی لە دوا قۆناغی دونیای شك و گومانی بێژویی بۆ دروست بکرێ؟

چۆن خوای گەورە یا پێغەمبەرەکەی ڕێگەمان پێدەدەن ئەو سوکایەتیە بۆ خۆمان دروست دەکەین؟ لە کام ئایەت و حەدیس سوکایەتی بە مرۆڤی موسڵمان کراوە بەم شێوەیە؟ ئێوەی بیدعەباز کامەتان پێتان خۆشە و رازینە گومانی بیژوەتی لێ بکرێ لەو کاتە ناسکە ، یا بە درێژایی ژیانتان؟

کاری ناڕەوای بیدعەبازان لێرە راوەستاوە و چەقیوە کە ناتوانن دەسکاری ئایەت و سورەتەکانی قۆرئانی پیرۆز بکەن لە پێناو بەرژەوەندی ماددی و مەعنەوی خۆیان ، بی گومان ئەو کارە ناڕەوایە موستەحیلە کەس بتوانی نزیکی کەوتەوە ئەگەرنا ئەوەشیان دەکرد، بەلام هەر دەبێ خوای گەورە هەموو حوکمەکانی خۆی باتە سەر ئەگەر دانیشتوانی گۆی زەوی هەر هەموو لە دژیان بجەنگن و دەفەرموی : وکان امر الله مفعولا . مانەوەی قورئان هەتا هەتایە حەکمی خوای گەورەیە و کەس هیچی لەبەرامبەر پێناکری . دەفەرموی : ( اِنّا نحن نزَّلْنا الذّکرَ و اِنّا لَهُ لحَافِفظونَ) **الحجر (٩).**

لە ڕێگەی بیدعە و بیدعەبازی خۆیان لە دەریای نەفامی و نەزانی و عینادی نقوم کردوە شەوەزەنگیان بەسەر خۆیان هێناوە و هەر لەبەر ئەوەیە بونەتە گەورەترین دوژمنانی زانایانی ئیسلام لەوانەی ئەمرۆکە بە هەموو بە هەموو هێزی زانابیان بە کیتاب و سوننە دژی بیدعە بیدعەبازی دەجەنگین و بە کیتاب و سوونە دەمکوتیان دەکەن پێیان ئەستەم و سوکایەتیە گوێڕایەڵی ئەوان زانایانە بن و راستی ئیسلامیان لێوەربگرن بە جۆرەها شێوە دەیانەوێ ناوبەدیان کەن، بەلام شوکر بۆ خوای گەورە ـ سبحانە و تعالی ـ کەبەری خۆر بە بیژەنگ و سەرەد ناگیری.

## (هەندێ جار هەندی نوێژیش بیدعەیە)؛

ئەوە قسەی من نیە  قسەی ئیمامەکانیش نیە ، قسەی صحابەکانیش نیە، بەڵکو فەرمودەی ئیمامی عەلیە ـ رضی الله عنه کە لە گەورەترین شوێنکەوتوانی پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام فەرمون لە گەڵ ئەو راستیەی: لە کیتابی ( درةُ الواعظین) دا لە لاپەرە (٤٣) دانەرەکەی ( عثمان بن حسن احمد الشاکری الخبری) کەلەسەدەی نۆیەمی کۆچی داینا وە، لە قاهیرە چاپکراوەتەوە، ئێستا وا لە لامە بەلام زۆر کۆن و پەرپوتە  لە نێو لاپەرە (٤٣)ی ئەو راستیە دەخوێنینەوە: ( قال صاحبُ مَجمع البَحريْن في شرحهِ اَنَّ رَجلاً يَومَ العيد في الجَبانَة ارادَ انْ يُصلّيَ قَبْلَ العيدِ فنهاهُ عليٌّ كرّمَ اللهُ وَجْهة ، فقالَ الرّجلُ يا امير المومنين اِني اَعلمْ انَّ الله لا يُعذّب على الصّلاة ، فَقال عَليٌّ واِنيَّ اَعلم اَن الله تعالى لا يثُيبْ على فعل حَتّى يفعَلَةُ رسولُ الله و يَحثُّ عليهِ فتكونُ صَلاتكَ عَبثَاً و العبثُ حَرام فلَعَلهُ تعالي يُعذبُكَ بهِ لِمخالفَتكَ لِرَسُولهِ خُذْ ما حرَّرتُه ولا تكنْ مِنْ المشتبهينَ ) من مجالس الرومی ملخصا).

ئیمامی عە لی رض الله عنه وەك لەو نوسینە بۆمان رۆنکراوەتەوە ـ زۆر بە توندی نەهی لە پیاوی دەکالە لە نوێژی جەژن لە (الجبانه) دیارە ناوی شوێنێکە کە نەکا دو رەکعات نوێژی سوننەت بکا لەبەر ئەوەی پێغەمبەر رێگەی بەو جۆرە سوننەتە نەداوە کەلە پێش نوێژی جەژن بکرێ یا لە دوای نوێژەکە کاتی کە نوێژی جەژن لە دەرەوەی مزگەوتەکان دەکرێ چونکە سوننەتی  پێغەمبەرە ـ نابێ ئامادەبوان نوێژی سوننەت بکەن نەلە پێش نوێژەکەی جەژن وە نەلە دوای نوێژەکە. بەلام ئەمرۆ کە نوێژی جەژن لەمزگەوتەکان دەکرێ موسڵمان بۆی هەیە سوننەتە دورەکعات نوێژی ( تحیه المسجد) بکا شایانی باسە سوننەتی پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام کە نوێژی جەژن و نوێژەبارانە لە دەشت بکرێ نەك لە مزگەوتەکان لەبەرئەوەی نوێژەکەی جەژن و نوێژە بارانە لە دەشت بکرێ نەك لە مزگەوتەکان لەبەر ئەوە لە نوێژەکەی جەژن یا نوێژە بارانەکە زیاتر نابی بکرێ.

وە لە هەمان لاپەرەی هەمان کیتاب دەڵی: ( قال الماوردى في الاقناع يُستَحَبُ صوم رجب و شعبان ، واما الصلاة فلم  يثبت فية صلاه مخصوصة تختصُ به فعلي هذا ينبغى ممن له ديانه و اذعان اَن لا يلتِفِتْ الى ما

انكب علية الناس في هذا الزمان ولا يغتر بشيوعية في دار السلام و كثرة وقوعة في البلاد العظام من صلاة الرغائب في ليلة الجمعة الاولى منه اى من شهر رجب ) لمازوي عنه علية الصلاة والسلام :- اياكم و محدثات الامور فان كل محدثة بدعة و كل بدعة ضلالة و كل ضلالة في النار و كل من هذينِ الحديثين يدل على كون تلك الصلاة في هذا الليلة بدعة و ضلالة لكونها من محدثات الامور لعدم وقوعها في عصر الصحابة و التابعين ولا في عهد الائمة المجتهدين بل حدثت بعد المائة الرابعة من الهجرة النبوية وقد ذَمهّا العلماء من اعيان المتاخرين وصرحوا بأَنها بِدعةٌ قبيحة مشتملة على المنكرات فاترك واعتصم بالطاعات.

**وابزانم عەرەبیەکەی زۆر هاسانەو پێویست ناکات وەریگێرمە سەر زمانی کوردی راستیەکە بە کوردی و پوختی ئەوەیە :- هیچ کارو کردەوەو عیبادەتێك نابێتە عیبادەت و لە خوای گەورەت نزیك ناکاتەوە تا پشتوانی تەواوی دیاری نەکرێ لە قورئان و لە حەدیس با ئەو کارو کردەوە و عیبادەتە لە دە ملیار زانای وەك ئیمامە بەرێزەکانەوە داکەوتبێ لەبەر ئەوەی ئێمەی موسڵمان خوای گەورە ئەمری پێنەکردوین ملکەچ و شوێنکەوتووی ئەوان ئیمامانە بین با هەموویان وەك ئیمامی شافعیی و احمد و مالیکی حەنەفی بن ، ئەوانە هیچ کامیان ئەگەر هەزار هێندەی دیکەش زانابن نابنە پێغەمبەری ئێمەی موسڵمان پێغەمبەری ئێمە تەنها محمد علیه الصلاه و السلام ، خوای گەورە ـ جل جلاله ـ تەنها ئەوی تایبەت مەند کردوە کە ملکەچی فەرمان و سونەتەکانی ببن و شوێنی بکەوین.**

**کە باسی کارو کردەوە دەکەین ، مەبەستمان ئەو کارو کردەوانەیە کە بە خواپەرستی دەژمێردرێ ئەوسا ئەو کارو کردەوە کە لە دینەکەمان دا نەبی ئەوە کارێکی بیدعەیەو دەبی نەهی لێبکەین ، بێ گومان ئەو کارانە وەك کاری پیشەسازی و تەکنەلۆجی و بامیە فرۆشی و نیسك فرۆشی و هیچ کارێکی لەم جۆرانە ناگرێتەوە وەك برایانی بیدعەباز بوهتانمان پێدەکەن و دەڵێن ئەمانە کارەباشیان بە لاوە بیدعەیە وە لە پێناو سووربونیان لەسەر بیدعەبازی و سەرپێچی قورئان و حەدیس.**

**نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە کەسایەتی بیدعەباز کەسایەتیەکی درۆزنە، بە ئاشکرا بە موسڵمان دەڵێ ئەو کارە بیدعەی حەسەنەیە و فەرامۆش مەکە بەڵام فڵان کار یا عیبادەت سونەتە نەشیکەی حیسابی لەسەر نیە ، کە خۆی لە سوننەتەکانی پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام بی بەش دەکا**

موسڵمانانیش بێ بەش دەکا کەلە گەورەترین عیبادەتەکانە ئاشکرایە تەرکی سوننە لە گوناهە گەورەکانە لە هەمان کاتدا چۆن خۆی لە بۆگەنیاوی بیدعە وەردەدا موسڵمانانیش هەر بەم شێوەیە تێوەردەدا ، ئیتر کێ لە بیدعە باز درۆزن ترە؟

## (بیدعەی مولود:)

بۆیە بە کورتی و تایبەتی باسی ئەو بیدعە بۆگەنە دەکەم لەبەر ئەوەی بیدعەیەکی زۆر بی شەرعیە و زۆریش لە بارە لە نێو هەموو بیدعەبازەکان و حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان من لە ئاستی خۆمەوە گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە کارێکی ژێدە حەرامە دەبی فەتوای هەموو زانایانی ئیسلامی ئەهلی سوننەو جاماعە لەسەر ئەوە بێ کە بە کجارەکی حەرام بکری لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە:

١/ بیدعەی یادی مەولودی پێغەمبەرعلیە الصلاە و السلام تەنها ئاهەنگی دونیەویە و پەیوەندی بە هیچ جۆرە عیبادەتێکەوە نیە و نێرو مێی تێدا تێکەل دەبن و گۆرانی و هەڵپەرکێی تێدا دەکرێ و من لە هەولێر ئەو حاڵەتەم بە چاوی خۆم بینیوە . سەد جاریش موستەحیلە کارێکی وا بە عیبادەت بشی کە هەر لە یەکەم چرکە تا دوا چرکە پڕە لە کاری نابەجێی و گوناهی گەورە . من بە چاوی خۆم دیومە لە شاری هەولێر کەوا دەزانم لە هەموو شارەکانی کوردستان زیاتر ئەو گوناهەی مەولودی تێدا ئەنجام دەدرێ دوای کۆتایی مەولودە کە مێزەکانیان بە ئارەق و مەزە ڕازاندۆتەوە.

٢/ ئەوانەی کە سالانە مەولود دەکەن ئەوانە بە تەمای نیسك لە ئیمان گەراون یادی پێغەمبەریان علیە الصلاە و السلام کردوە بە کارێکی سالانە سالانە تەنها لەیەك شەو بۆ ماوەی چەند سەعاتێك بە درۆ و بە بوهتان یادی پێغەمبەر دەکەنەوە ئەوسا بۆ ماوەی سێسەدو شەست وچوار ڕۆژ یادی پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام فەرامۆش دەکەن بەو بیانوەی وەك لە یادەکەدا هاتوە کە ئەو یادکردنەوەی مەولود گوناهی پێش و پاشی ساڵ دەبا.

٣/ زۆربەی ئەو کەسانەی بەو یادە هەڵدەستن نوێژنەکەرو ریباخۆرو ئافرەت سفورن و گاڵتەیان بە ئاینی ئیسلامی پیرۆز دێ تەنها بۆ ناوێ ئەو گوناهە ئەنجام دەدەن.

٤/ پارەو پوڵێکی زۆری لێ خەرج دەکرێ و چێشت و خواردنێکی یەکجار زۆری بۆ ئامادە دەکرێ و یەك هەژاریش پارۆیەکی لێناخوا تەنها برادەرانی دەوڵەمەندو هاوبیروباوەڕ لەزەتی لێدەکەن.

٥/ لە هەمووی گرنگتر لەو یادە بە درۆیە ئەوەیە کە نەخوای گەورە فەرمانی بە ئەنجامدانی کردووە سبحانە تعالی ـ ونە پێغەمبەرەکەی علیە الصلا و السلام ـ وە نە چوار خەلیفەکەی پێغەمبەر ( ابوبکر و عمر و عوسمان و عەلی ڕەزای خوایان لەسەر بێ) وە نا زیاتر لە سەدو بیست هەزار صەحابە رضوان اللە علیهم وە نە هیچ تابیعیەك رحمهم اللە ـ تەنها کاری هەواو هەوەسە و لە شەیتانەوە.

مێژوو بۆمان دەگێرێتەوە کە رافیزە فاتمیەکان لە میسر ئەو یادەیان بە درۆو بوهتان دروست کرد بۆ ئەوەی خۆیان لە لای موسڵمانان شیرینکەنەوە. لێرەدا پرسیار دەکەین و دەڵێین ئایا جەنابی بیدعەبازان ئێوە لە خوای گەورە پتر پێغەمبەرتان خۆش دەوێ کە ئەو بۆمان نەکا بە عیبادەت ئێوە چۆن ئەو مافە بە خۆتان دەدەن ئەو مەولودە دەکەن بە عیبادەت کە نەخوای گەوەرە نە خودی پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام نەیان کردوە بە خواپەرستی وە ئایا ئێوە لە پێغەمبەرو صەحابەکان و تابعین زیاتر پێغەمبەرتان خۆشدەوی تا مەولودی بۆ بکەن؟ لە کاتی کە نوێژەکانتان بە جەماعەت ناکەن یاخود گەلی جار نوێژیش دەچوێنن و لە زۆر لایەنە شەرعیەکانی بێ فەرمانی خوا دەکەن؟

یادی پێغەمبەر ( علیە الصلاە و السلام ) لە مەولود دانیە و مەولود کردن هەرگیز بە یادی پێغەمبەر ناشێ بەڵکو یادی پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام لە شوێنکەوتنی دایە لە ملکەچی فەرمانەکانی دایە. لە سەلەوات لێدان لەسەری دایە بەبەردەوامی رۆژانە لە دوای هەموو دوعا کردن و پارانەوەیەك لە خوای گەورە یادی پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام دەبێ لە گەل تەمەن بێ.

**خوای گەورە سبحانە ـ لە چەندان ئایەتی قورئانی پیرۆز فەرمانمان پێدەکا کە شوێنکەوتوی پێغەمبەرین و لێی دانەبڕێین و مل کەچی فەرمانەکان و ئامۆژگارییەکانی بین.**

١/ وَمَا آَتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا.

٢/ ولَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا.

٣/ مَنْ يُطِعْ الرَّسُول فَقَدْ أَطَاعَ اللَّه.

٤/ إِنَّ اللَّهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا.

**٥/ و خودی پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام دەفەرموێ:** لایومْن أحدكُم حتى تَكونَ هَواه تَبعاً لِما جِئْتُ بِه.

**٦/ لە کۆنە گۆڤارێکی ( الجامع الازهر ) دا هاتووە کە ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر علیە الصلاة و السلام ـ نۆی ربیع الاول نەك دوانزە ئەمەش دەقی عەرەبیەکەیە:** (فَقدَ وُلدَ . علية الصلاة و السلام في صبيحة يوم الاثنين التاسع من شهر ربيع الأول، عام الفيل، ولأربعين سنة خلت من ملك كسرى أنوشروان، ويوافق ذلك العشرين أو الثاني والعشرين من شهر أبريل سنة اِحدى و سَبعين و خمسمائة من ميلاد المسيح علية السلام . ص٣٩٧.

**من محاضرةِ القاها ( الشیخ محمد عبدالطیف دراز ) مدیر الازهر و المعاهِد الدینیة ئەو ڕاستیەش ئەو درۆیە ڕەتدەکاتەوە کە پێغەمبەر ـ علیە الصلاە و السلام کە لە دوانزەی ڕەبیعی یەکەم لە دایك بووبێ هەروەها شێخ ( محمد عموثمین ) رَحِمَهُ اللهُ بۆخۆم گوێم لێبوو فەرمووی کە پێغەمبەر علیە الصلاە و السلام لە نۆی مانگی ناوبراو لە دایك بووە نەك لە دوانزدە وە بەرێگەیەکی عیلمی ئەمرۆ ئەو راستیە چەسپ کراوە وەك شێخ عوسێمین فەرموی.**

**٧/ لە لایەن دەستێکی پیسەوە لە میسر ئەو یادە دروستکرا لە سەدەی سییەمی کۆچی لە لایەن رافیزەکانی فاتیمی ـ واتا ئەوانەی کە خۆیان بە نەوەی ( فاتیمەی کچی پێغەمبەر) علیە الصلاە و**

**السلام دەزانی بۆ گەیشتن بە چەند مرامێکی بۆگەنی خۆیان کە ئەمیش درێژە پێدان بوو وەك مێژوو باس دەکا بە حوکمرانیان لە ولاتی میسر، کەواتە وەك ئیمامی مالیك ـ رەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێ: (** ما لَمْ يَكنْ ديناً يَومَ كانَ رَسولُ اللهُ حيٌ يُرزقُ لَنْ يكونَ ديناً بَعَدة**) ئەوەی کە لە رۆژگاری پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام بە فەرمانی خواو پێغەمبەر نەبوەبەبەشێك لە ئاینەکەمان لە دوای پێغەمبەریش علیه الصلاه و السلام نابی ببی بەبەشێك لەو ئاینە ئیتر چۆن یادی مولود دەبی بکرێ بە بەشێك لە بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام لە دوای پتر لە دووسەد ساڵ تێپەربوون بەسەر کۆچی دوایی ، بە تایبەتی کاری کە چەندان کارێ پیسی لێکەوتبێتەوە؟ چۆن دەبی خوا پەرستی گوناە و تاوانی لێ دروست ببێ؟**

**٨/ حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان بە بۆنەی ئەو یادەوە کە بیدعەیەکی بۆگەنە ساڵانە بەچەندان دەفتەر دۆلار لە کوردستان بە فیڕۆدەدەن و بەو ئاهەنگانەی کەلە مزگەوتەکانی کوردستان دروستی دەکەن لەمەش خراپتر مزگەوتەکان وەك لە شاری کۆیە بینیم وەك سەیارەی بووك و زاوا دەرازێنەوە و دروشمی یەکجار سامناك هەڵدەواسن وەك ئەو سەدان دروشمەی بلاویان کردبۆوە لە مەولودەکەی ٢٠١٤ کە تیا نووسرابوو (** مَرحباً بَمولود **سيدُ** الأكوان**) کە بێگومان.( سید الاکوان ) تەنها خوای گەورەیە سبحانە و تعالی ـ خۆیەتی و ئەو گەورەیەی بە کەس نەدجاوە و نادا . ئەو دروشمە دروشمی جولەکەو دیانەکانە کە دەڵێن : وقالت الیهود عزیرٌ بن الله و قالت النصاری المسیح بن اللهِ...) التوبه ( ٣٠).**

**لەبارەی بیدعەبازان و مەولود بازان فەرمودەیەکی زۆر جوانی پێغەمبەرمان لەبەر دەست دایە کە دەفەرموی : (** تفترق هذة الامة على ثلاث و سبعين فرقةً ، شرُّها مَنْ ينتحلُ حُبنَّا و يُفارقُ اَمرنا**) عن الامام علی رض الله عنة.**

**ئای کە چەند زۆرن کەبەدرۆ دەڵێن پێغەمبەرمان علیه الصلاه و السلام ـ خۆش دەوێ کەچی لە هەموو کاروبارێك و فەرمودەیەك بە پێچەوانەی ئەو هەڵسو کەوت دەکەن و قسان دەکەن.**

توخوا کەسێ نوێژەکانی بچوێنی با هەر نوێژ نەکا ، ریبا بخوا یا هەندێ جاریش حەلالی کا ، یا لە رێگەی حەرام خۆی دەوڵەمەند کار ، یا خێزان و کچەکانی بە سفوری جادەکان بپێون ، و هەرگیز بە لای زەکات دانەوە نەچێ، سورەتی ( الفاتحه و اخلاص ) لەبەر نەبێت ، بە درێژایی ژیانی گوێ لە ئامۆژگاری پیاو چاك و بانگێشتەکانی رێگەی خوای گەورە جل و جلالە رانەگرێ و کەمترین زانیاری بەرامبەر بە ئیسلام نەبێ، و بەردەوام مال بەفیرۆدا لە رێگەی مۆدیل و مۆدیلکاری کوڕەکەی یا کوڕەکانی مەیخۆرەوە بن، گۆڕپەرست و صۆفی پەرست بێ، و لەنێو هەواو هەوەسی خۆی غەرق بووبێ و دایك و باوکی پشت گوێی خستبێ بە دەیان گوناهی دیکەشی هەبی ئایا ئەو کەسە چ خۆشەویستیەکی هەیە لە بەرامبەر پێغەمبەر علیه الصلاه و السلام تا لە شێوەی مەولود ئەو خۆشەویستیە دەربڕێ؟

## (کێ ئاینێکی نوێ هێنا؟)

هەر قسە دێتە قسە بیدعە بازانی لە خوا نە ترس بەروو بوهتان بە ئەهلی سوننە و جەماعە دەکەن بە جۆرەها بەرو بوهتان و ناو بەدیان دەکەن بەوەی کە ئاینێکی نوێیان هێناوە. بێگومان هیچ درۆ و بوهتانێك لەو درۆ و بوهتانە گەورەتر نیە چونکە بوهتانە بە ملیۆنەها موسڵمان و ئەهلی سونە و جەماعە و شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (علیه الصلاة و سلام ) بە پێچەوانەی ئەهلی بیدعە و گومڕا کە دوژمنی شوێنکەوتنی پێغەمبەرن - (علیة الصلاة و السّلام) — لە راستیدا ئێوە ئاینێکی نوێتان هێناوە کە هەزاران بیدعە و کاری هەواو هەوەستان دارێژتوە و نێوان ئەرزو ئاسمان لە کیتاب و سوننە دوورکەوتوونەتەوە، ئێمە بەردەوام پێتان دەڵێن و داواتان لێدەکەین کە واز لەو بیدعانە بهێنن و بگەڕێنەوە سەر کیتاب و سوننە. وە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ﴾ **الشوری (١٠) یا دەفەرمووی** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ **النساء(٥٩)** دەبا لەسەر ئەو دوو فەرمووده ئاشکراو رۆنە هەمووومان بگەڕێنەوە سەر کیتاب و سوننە بۆ بن بۆ کردنی هەر جۆرە خیلاف و ململانێەك و کێشەو بەرەیەك و چارەسەر

**کردنیان ئێمە چیمان گوتووە؟ بەردەوام دەڵێین با ئاینەکەمان وەك خۆی بە پاکی و بێ گەردی بهێڵینەوە لێنەگرین وە ژێر زبڵدانی بیدعەکانتان بکەوێ و کەچی ئێوە ئەو راستیە ناسەلمێنن و سورن لەسەر چەواشە کردنی موسڵمانان بە بۆگەنیاوی بیدعەکانتان و هەمیشە ئەوەتان بەزاری خۆتان گرتووەو دەڵێین ئەو سەلەفیانە هەموو شتێکیان لێمان کردووە بە بیدعە!. وەك ئێمەی ئەهلی سوننە و جەماعە پیتان ئەستەمە راستی و مانای بیدعە بۆ موسڵمانان رۆنکەنەوە، تەنها لەبەر ئەوەی دەتانەوێ سور بن لەسەر نانەوەی بیدعە و کار کردن بە بیدعە. بیدعەو بیدعە بازی ئاین و بەرنامەتانە، بەڵام ئێمە تەنها دەقەکانی کیتاب و سوننە و ئاین و بەرنامەمانە هەر ردێندارێك دەبینین دەڵێین ئەوە سەلەفەیە بێ ئەوەی لەمانای جوان و راستی سەلەفی بگەن، یا ئەگەر بزانیشن مانای چیە ئەوە بە کەسێ ناڵێین تاوەکوو بەردەوام بن بە گالتە کردن بە موسڵمانی ریشدار، خۆتان بێ ئاگاو خەبەر دەکەن لەو راستیە کە هەر کەسێ گاڵتە بە کەمترین هێما و نیشانەی ئیسلامەتی بکاو کە لەلایەن خوای گەورە – سبحانە – فەرمانی پێکراوە کافر دەبێت ئەگەر باوەر ناکەن فەرموون ئەو ئایەتە بخوێنەوە** ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ﴾ **التوبە (٦٥).** ﴿لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُواْ مُجْرِمِينَ﴾ **التوبە (٦٦).**

**یا گاڵتە بەو موسڵمانانە دەکەن کە یەك دوو سانتیمەترشە رواڵەیان لە هی ئێوە کورترە لەسەر ئەو فەرموودەی پێغەمبەر – علیە الصلاة و السّلام – کە دەفەرووێ لە حەجیسیکی راست.**

لا يَدخلُ الجنَّة ثلاث: شَيخٌ زانى، والعاقُ لِوالديه، والمسيلُ اِزارهُ.

**ناچێتە بەهەشتەوە ئەو سێ کەسە: پیرێکی زیناکەر، رۆڵەیەکی خراپ لەگەڵ دایك و باوکی. شەروال درێژێك شەرواڵەکەی لەخوارەوەی گۆزینگی قاچیەتی یا دەفەرمووێ ما اَسفلَ الكعبينَ فَهوَ في النار.روما النجاری/ الزواجرعن اقزاف الكبائر ص١٤٦ ج١.**

**سەیر ئەوەیە بە ئافرەتەکانیان ناڵێن کراسەکانتان درێژکەن پەنتەلونی تەسك لەبەر مەکەن کە لە گوناهە گەورەکانە بە دەقی ئایەت** ﴿ولاتَبَرَّجْنَ تبَرُجَ الجاهلية الأوُلى...﴾ **الاحزاب (٣٣) یا هەر موسڵمانی**

باسی یەکتاپەرستی (التوحید) و شوێنکەوتنی پێغەمبەر بکا دەڵێن ئەوە (وەهابییە). من لە ئاستی خۆمەوە پێیان دەڵێم : کاکە: پێغەمبەر وەهابی بوو؟ نەخێر نەوە الله وەهابیٚ نەبوو دەکەواتە والله منیش و هیچ موسڵمانیٚ کە شوێنکەوتووی پێغەمبەر بیٚ - علیە الصلاة و السّلام – وەهابیٚ نیە و لەسەر ئاینی پێغەمبەرەو چیتر نا. ئێمە لەبەرامبەر پێغەمبەر دەڵێن سَمِعْنا وأطعْنا ئێوە دەڵێن – سَمِعْنا وعَصَيْنا – ئەو (محمد کوری عبدالوەهاب) کێیە؟ کابرایەکی حیجازیە، لەسەر فەرمانی خوای گەورە یەکتاپەرستی پیٚ لەهەموو شتێك گەورەترە کە دەبیٚ گەورەتر بی – چونکە وەك لە پێشتر باسم کرد هەر چەند پێغەمبەران هەنە - علیە الصلاة و السّلام – و لەگەڵ پەیامەکانیان هەر هەموویان لەپێناو یەکتاپەرستی ناردراون و دابەزێنراون.ئەو کابرایەش خۆی بە قوربانی ئەو بیروباوەرِە کردووە و خۆی پەروەردە کردووە لەسەر ئەو ئیمان و عەقیدەیە، دوای ئەوەی خوای گەورە هیدایەتی داوە، وە بە درێژایی ژیانی دوژمنی گۆرپەرستی و بیدعە و بیدعە بازی بووە، وادیارە لەسەر ئەو کردەوە چاکانە رقیان لێدەبێتەوەو دوژمنایەتی دەکەن.

دە والله کاکە منیش هەمان ئیمان و عەقیدەم هەیە بەر لەوەی ناوی ئەو کابرایەم بیستبیٚ بە دەیان ساڵ. من ئەو بیروباوەرٍ و ئیمان و عەقیدەمیەم ئەبەدەن لەو کابرایە وەر نەگرتووە بەڵکوو لە قورئانە پیرۆزەکەی خوام وەرگرتووە کە لە سەدان ئایەت باسی یەکتاپەرستی کردووەو زۆر بە توندی فەرمانی پێکردوین کە دەست بەو یەکتاپەرستیەو بگرن و گیان و لەش و دڵی خۆمانی پیٚ پاراو کەین.

(وقضى ربك ألّا تعبدوا إلَا اياهُ) (واعْبُدُوا الله ولاتُشرِكُوا بهِ شَيئاً) (إنَّ اللهَ رَبِّي و ربُكُم فاعْبُدوهُ هذا صِراطٌ مُستقيمٌ). سەدان ئایەت لە شێوەیە لە قورئانی پیرۆز دەخوێنیەوە، هەر هەمووشی بەشێوەی ئەمر کردن هاتووە بۆ مرۆڤ بێگومان ئەوان ئایەتانەی یەکتاپەرستی (التوحید) ژمارەیان لە هەموو ئایەتەکان پترە لەگەڵ ئەوەشا جەنابی یبدعەبازانی ئەهلی چەواشە و گومرایی دەتانەوەیٚ من و میلیۆنەها موسڵمان ئەو هەموو ئایەتە پیرۆزانەی یەکتاپەرستی هەر هەموو پێشێل کەین هەر لەبەر ئەوەی ئێوە لەخۆ رازیکەین، قورِیە سەر ئەو کەسەی ئەو گوناهە دەکا پێغەمبەری خۆشەویستمان

**دەفەرمووێ - عليه الصلاة و السّلام – (**مَنْ اَسْخَطَ اللّهَ برضا النّاسِ اَوْ كَلَهُ اللّهُ الى النّاسِ، وَ مَنْ اَسْخَطَ النّاسَ بِرضا اللّهِ كَفَاهُ اللّهُ شَرَّ النّاسِ**):**

**یا دەڵێن: ئەوانە – ئەهلی سوننەو جەماعە – توندڕەو – مُتطرف – خوێن ڕێژو توندو تیژن، بۆپەرچدانەوەی ئەو بۆهتانە دەڵێن هیچ موسڵمانێ نیە لە دونیا و نەبووە بەقەد موسڵمانانی ئەهلی سوننە و جەماعە خوێنی مرۆڤی لەلا بەنرخ بێ و هێندەی ئەوان دژی کوشتن و بڕین و توندرەوی و توندتیژبن لەبەر ئەوەی ئاینەکەمان یەکجار بە توندی نەهیمان لێدەکا کە خوێن ڕێژبین و خویتی هیچ کەس بە ناحەق برێژین و تەنانەت خوێنی گیان لەبەرێکیش بە هەوەس برێژین، ئێمەی ئەهلی سوننە و جەماعە بەردەوام ئەو ئایەتەمان لەبەرچاوەو لەبەرە کە دەفەرمووێ:** ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا﴾ **النساء (٩٣).**

**لە هەموو قورئانی پیرۆزدا بگەڕێی لەو هەرەشەیە گەورەتر تێدا نیە کە خوای گەورە بریاری لەسەر داوە لە بەرامبەر بکوژی مرۆڤی موسڵمان تەنها ئەو هەرەشانە نەبێ کە لەبەرامبەر موشریکان رایگەیاندووەو بۆ ئەو کەسەی لەسەر شیرك دەمرێ وە ئەم جارەیان دەفەرمووێ** ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِنْهُمْ بَعْدَ ذَلِكَ فِي الْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ﴾ **المائده (٣٢). ئەو جارەیا لەپاڵ کوشتنی مرۆڤ ئاشوبگێری داوەتە پاڵ کوشتن، کەواتە دەبێ موسڵمان نەك بە تەنها خۆی لە کوشتن بپارێزێ بەڵکوو لە فەساد و فیتنە نانەوەش فەرموویەتی ئەو کەسەی کەسێ بکوژێ یا فەساد بەرپا کا وەك ئەوەیە هەموو کەسی کوشتبێ، چونکە مرۆڤێك دەسەلاتی ئەوەندە بێ تاکە کەسێ بکوژێ دیارە گەر رۆژێ لە رۆژان دەسەڵاتی کەوتە دەست لێیدەوشێتەوە هەموو خەڵك بکوژێ.**

**وە لە هەمان کات دەفەرمووێ کەسێ کەسێك لە مردن و لە خنکان و لە سووتان و لە کوشتن بە ناحەق رزگار بکا وەك ئەوەیە هەموو کەسێ لە نەمان رزگار کردبێ. لە بیرت نەچی خوای گەورە وشەی (نفساً) بەکار هێناوە بۆ ئەوەی هەموو بێ تاوانێك بگرێتەوە، موسڵمان بێ یا کافر. ئەوەیە ئیمان و عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە.**

هەروەها پێغەمبەر - علیه الصلاة و السّلام – لەبارەی نرخی – نەك مرۆڤ – بەڵكوو نرخ و ریزی هەموو گیان لەبەرێك دەفەرمووێ (لَعنَ اللهُ مَنْ أتَّخَذَ شَيئاً فيهِ روحٌ غرضاً).

نەفرەتی خوا لە کەسێ کە هەر بەهەواو هەوەس و کەیفی خۆی، گیان لەبەری دەکاتە نیشانە. ئا ئەمەیە ئیسلام ئا ئەمەیە ئیمان و عەقیدەی ئەهلی سوننە و جەماعە، لەکاتێکدا کە زۆرینەی موسڵمانان چوونەتە ریزی ئەهلی بیدعە و گومڕا پیشان و هەر چەند توندرەوان و تەکفیریەکان هەنە هەر هەموویان لەنێویان کۆبوونەوەو چرکی دەستی خۆیات بە ئەهلی سوننە و جەماعە دەسڕن، لەکاتێ بە ناوی (جیهاد) بە دەیان فیتنە و ئاشوبیان لەنێو جیهانی ئیسلامی ناوەتەوەو خوێنی هەزاران بێ تاوانی تێدا رژاوەو بە فیڕۆ رۆیوە. ئێمە لە کێ و ئێوە لە کێ؟

لەو رۆژگارەی ئەمرۆدا پێویستە هەموو جیهان بزانی کە ئاینی ئیسلام نەك بەرپرسیار نیە لە خوێن رێشتنی یەك تاکە کەس بەڵکوو ئاینی ئیسلام هەرگیزاو هەرگیز بەرپرسیار نیە لەبەرامبەر بچوکترین گوناە و تاوان، لەبەرامبەر بچوکترین پۆت شکاندن و پێخلیسکەیەك لەبەر ئەوە ئەو ئاینە پیرۆزە کە گەورەترین نیعمەتی خوایە لەسەر گۆی زەوی –هەر لە گەورەترین گوناەو تاوان تا دەگاتە بچوکترین گوناە و هەڵە هەر هەمووی ئاشکرا کردوە، رۆنکردۆتە دەستنیشانی کردیە و زۆر بە توندی نەهی لە هەر هەمووان کردیە. وە لە هەمان کات هەموو چاکەیەکی ئاشکرا کردووەو رۆنکردیتەوەو دەستنیشان کردیە و زۆربە گەرم و گوڕی فەرمانی پێکردووە. وەك دیموکراتیەت نێە رێگەی دابێ نێر نێر مارە کاو می لە مێ مارە کاو بەرەڵایەك دروست کا. بە ناوی ئازادی تاك – الحریە الفردیە – کە دونیای ئەمرۆمان سەرەو بن کا. وەك دیموکراتیەت نیە کە سەرۆکەکانیان یا کار بەدەستەکانی وەك (مایکل کۆلبز) لە کیتابەکەی بەناوی (لعبە الامم) لە پێشەکەکەی بەو پەڕی بێ شەرمی و بێ ویژدانی بفەرمووێ(نحنَ الأمريكان لَنْ نَتَرَدَّدَ لَحْظَةً واحِدةً في سَحْقِ أمَّةٍ بأكمَلها مادام ذلك يَخدُمُ مَصلَحةَ اَمريكا). کە واتە کەسانی بیروباوەر دیموکراتی ئەگەر رۆژێ لە رۆژان یەك ملیار کەسیان کوشت یا مرۆڤیان قەلاچۆ کرد لەسەر زەوی هیچ گلەیان لێ مەکەن چونکە دیموکراتیەت فێری کردوون. ئێمەش – ئەهلی سوننە و جەماعە – ئەگەر هاتوو دوژمنی خۆمان لە جەنگدا بە دیل گرت ستایشمان مەکەن چونکە هونەری خۆمان نیە و هونەری ئاینەکەمانە کە فێری کردووین نەیان کوژین، یا رێگەی خەڵك

له بەردو دارو دڕك و كەندولەند پاك كەینەوە كە هەر چەند مبادئ وەزعی هەیە لە دونیا بیری لەو شتە نەكردۆتەوە.

زۆرم پێ حەیفە (ظلمە) لەنێو گەلی كورد موسڵمان ئەمرۆكە بۆیتە باو كە ئاینی ئیسلام — ئەو ئاینە پیرۆزەی كە سەرچاوەی هەموو پێشكەوتنەكانە تا دونیا دەبرێتەوە — دەڵێن گەلی كوردمان ئاینی ئیسلام دوای خستووە لێ نەگەڕاوە ببێ بە دەوڵەت!! ئای لەو بیرو هۆشە بەرتەنگە، بە خوا ستەمە مرۆڤ تا ئەو رادەیە خۆی بەسە هو بباو راستی لە خۆی بزركا. برای كوردم: ئاینی ئیسلام تەمەنی تەنها هەزار و چوار سەد و پەنجا ساڵە بەڵام كورد تەمەنی دە هەزار ساڵە بەلای كەمەوە. باشە داماننا ئەو هەزارو چوار سەد و پەنجا ساڵە لە ئیسلام دوای خست ئەی ئەو هەشت هەزار و پێنج سەد ساڵە كێ یا چ شتێ دوای خست؟ لەو ماوە دوور و درێژە چەندان ئیمپراتۆریەت هەبوون، ئەی كورد بۆ یەكێك نەبوو لەو ئیمپراتۆریەتانە؟ (و السَلام على مَنِ آتَبَعَ الهُدى) بەخوا بە خوا ئەگەر بەم چەشنە بیركردنەوە حاڵمان هەر ئەو حاڵە دەبێ و دوای هەزاران ساڵی تر دەوڵەتی كورد بەچاوی خۆمان نابینین.

بەڵی برای موسڵمان: راستە ئەمرۆ و لەزۆر كاتیش لە مێژوو موسڵمانی توندرەو خوێن رێژو تەكفیری زۆرن، بەڵام ئەوانە لەسەر ئیسلام حیساب مەكەن، چونكە وەك كەمێ پێشتر گوتم ئاینی ئیسلام بە دەقی دەیان ئایەت و جەدیس دوژمنی هەرێ گەورەی خوێن رێژ و توندرەوی و بە كافر كردنی موسڵمانانە ئەوان توندرەوانە بۆ خۆیان كەسانی خراپ و بەد رەوشتن و ئاینی ئیسلام فێری خراپە كاری و بەد رەوشتی نەكردوونە و فێری توندڕەوی نەكردینە.

زۆرم بەلاوە سەیرە و جێگەی سەرسوڕمانە هێزەكانی كوفرو ئیلحاد تەنها لە دوو جەنگەكەی جیهانی — جیهانی یەكەم (١٩١٤ — ١٩١٨ و جیهانی دووەم ١٩٣٩ ١٩٤٥) نزیكەی سەد میلیۆن كەسیان بە كوشتدا بە چەندا شاری گەورەی وەك هێرۆشیماو نەگەزاكیان وێران كرد. وە هەر لە سەدەی شانزەمینی زاینی كاتێ كە شۆرشی پیشە سازی گەشەی كرد بە دەیان وڵاتیان داگیر كردو بە دەیان میلیۆنیان لێ كوشتن و هەموو سەرو سامانیان بە تاڵان بردن و ئەمرۆش یەك چركە ناسرەون لە نانەوەی كوشندەترین جەنگ بە كوشندەترین چەك. هێشتا برایانی موسڵمان — خوا هیدایەتیان بدا

**– دڵیان نایەت پێیان بڵێن توندرەو خوێن ڕێژی و وێران کاری – زۆریان هێندەیان نەماوە وەك خوا بیان پەرستن.** ﴿قَدْ بيّنا الايات لقومٍ يعقلون﴾ **ال عمران.**

**جگە لە کوشتن و بڕینی بێ حیساب کە ڕۆژانە لە هەموو دونیا ئەنجامی دەدەن ڕۆژانە بای میلیۆنەها دۆلار ئارەق بە هەموو شێوەکانی و جغارە بە هەموو جۆرەکانی و هەزاران فیلمی بەد ڕەوشتی و بڵاوکردنەوەیان لە کەناڵکانیان و ڕەوانە کردنی چەندەها تۆن لە ماددەی بەد ڕەوشتی بۆ هەموو بازارەکانی جیهان لەپێناو خۆ دەوڵەمەند کردنی حۆیان و هەژار کردنی ئەو وڵاتانەی بێ وچان بڵاویان دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشا کەم کەس هەیە ناویان ببا بە توندڕەو لە ئیفلاسکردنی گەلانی دواکەوتوو، بەڵام ئەگەر عەرەبێکی فەلەستینی جولەکەیەك بکوژێ کە خانوو ساڵی لێ زەوت کردووە هەموو دونیای کوفر و ئیلحاد و موسڵمانی نەزان ناوی بە تیرۆریست دەبەن. محمد مهدی الجواهیری دەڵێ:**

**(قتلُ آمريً في غَابةٍ جَريمةٌ لاتغتفَر وَ قتلُ شَعْبٍ آمِنٍ مَسألَةٌ فيها نَظر).**

**برایانی بیدعەباز بە پوختی و بە چوستی پێتان دەڵێم ئێوەن کە لە بڕی ئاینی ئیسلام ئاینێکی نوێتان هێناوە بە هەواو هەوەسی لە ڕادە بەرتان دروستان کردووە ئایا ئێمەین هەموو شتێ دەکەینە بیدعە، یاخود ئێوەن هەموو بیدعەتێك دەکەنە ئایین و سونەتەکان پێ لەناو دەبەن وەك پێغەمبەر - علیە الصلاة و السّلام – دەفەرمووێ: (ما أبْتدع قَومٌ بدعةً في دِينهِم اِلّا نَزِع منْ سُنَّتِهم مِثلها؟ اَخرجَهُ الّدار مي ياسنادٍ صَحيح).**

**کاتێ دەتوانن ئێمەی ئەهل و سوننە تاوەنبارکەی بە دروستکردنی ئاینێکی نوێ کە ئێوە لەو جۆرە زانایە بن کە هەموو قورئان و حەدیس و سوننەکانی پێغەمبەرتان – علیە الصلاة و السّلام – لەبەربێ و دەرخ بێ ئەوسا گەر کەسێ هاتوو لەبەردەم ئێوە وشەیەکی زیادی گوت بەناوی ئیسلام ئەم وشەیە لە ئاینەکەمان دانەبوو ئێوە یەکسەر ڕەتی کەنەوەو لێی بپرسن ئەو وشەیەت لە کوێ هێنا؟هەر وەك چۆن فەقێیەك لە مامۆستاکەی قەبوڵ نەکرد کە وشەی (الحطب) لە سورەتی (تبت یدا) بە (الحَصَبِ) بخوێنتەوە کە لە مانا هێندە لە یەك جیاواز نین و دور نین.**

**خوای گەورە – جل جلالە – لە دوو ئایەت زۆر بە توندی نەهی لە موسڵمانان دەکا کە نەکەن توخون توندڕەوی بکەون التطرف – لە سورەتی (النساء ) دەفەرمووێ** ﴿يا اَهلَ الكتاب لا تَغْلُوا في دينكم ...﴾ **(النساء ) (١٧١) یەعنی نەکەی توندرەو توندوتیژین لە بەرامبەر هەموو شتێ. ئەو ئایەتە ئەگەرچی ئاراستەی (اهل الكتاب) کراوە بەڵام بە رێژەی سەدا سەد حوکمەکەی هەموو موسڵمانان دەگرێتەوە لە هەموو رۆژگارو شوێنێ. وە لە سورەتی المائدە ئایەتی (٧٧) دەفەرمووێ** ﴿قُلْ يا اَهلَ الكتابِ لاتَغلوا في دينكم غيرَ الحق ...﴾.

**بێگومان بۆ موسڵمانان دەبێ ئەو دوو ئایەتە بەس بێ کە بە یەکجاری لە هەموو جۆرە توندرەوی و توندوتیژیەکان دوورخاتەوە، ئەگەر نا تا ئەوپەری گوناهبار بوون گوناە بار دەبێ و دووچاری عەزابی خوای گەورە دەبێتەوە چ لە دونیاو چ لەرۆژی قیامەت.**

## (چەند ئایەتێکی دژی بیدعەو بیدعەبازان)

**قورئانی پیرۆز کە راستیەکی رەهایە – حقَ مُطلق – پڕە لەو ئایەتە پیرۆزانەی کە یەکجار بە توندی لە دژی بیدعەوبازی هاتونەتە خوار لەلای خوای گەورە.**

**هەرگیز نابێ ئەوەمان لەبیرچێ کە بیدعەو بیدعە نانەوە لەو شەرعە بۆگەنانەیە کە لە ئەنجامی کار کردن بە هەواو هەوەس هاتووتە کایەوە لەلایەن موسڵمانانی ئیمان و عەقیدە شلۆق و ناتێگەیشتی لە ئاینە پیرۆزو تەواوەکەی خوای گەورە، بە مانایەکی تر: کاری بیدعە بازی شەرعن، بەڵام چ شەرعێك؟ شەرعێکە سەرچاوەکەی هەواو هەوەسی مرۆڤەو شەیتانی لە پشتە، کەواتە: لە قورئانی پیرۆز لە هەر ئایەتێك کە چاوت پێکەوت خوای گەورە نەهی لە هەواو هەوەس کردووە، یاخود بە توندی هەرەشە لەو کەسانە دەکا کە بەدوای هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوونەو شوێنکەوتووی شەیتانن لە هەموو هەڵسوکەوت و وتارەکانیان و نووسینەکانیان، گومانت نەبێ ئەوان کەسانە بیدعەبازن و دوژمنانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرن. ئەگەرنا بەو گوناە و تاوانە گەورە هەڵناستن و تەوبەی لێدەکەن.**

**نابێ گومانت بۆ ئەوە بڕوا، یا بڕوات وابێ کە ئەو ئایەتانەی بە توندی نەهی لە شوێنکەوتنی هەواو هەوەس و شەیتان کردووە تەنها ئاراستەی کافر کراوەو موسڵمانان ناگرێتەوە، نەخێر لە شوێنکەوتنی هەواو هەوەس و شەیتان مرۆڤی سەرزەوی هەموویان وەك یەکن تا ئەو چرکەیەی خوای گەورە هیدایەتیان دەداو تەوبەی لێ دەکەن.**

**لێرەدا تەنها چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەهێنمەوە بۆ ئەوەی هەموو موسڵمانێ بزانی کە کاری بیدعە و بیدعەبازی حەرامەو لەو قورئانە پیرۆزە زۆر بە توندی نەهی لێکراوە:-**

١- ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ﴾ **الحجرات (١) ئەی ئیماندارانی موسڵمان نەکەی ڕێوشوێن بۆ خوا و پێغەمبەر دابنێن و بڵێن ئەو شتەمان لەلای چاکە، بەڵام خوای گەورە نەیکردووە، یا فلاَن کار خراپەو – اعوذ بالله – کەچی خوای گەورە کردوویەتی، یاخود بریا خوا ئەوەی کردابا ئەوەی نەکردابا، یا هەمان بیروبۆچوونتان هەبێ لە بەرامبەر پێغەمبەر - علیه الصلاة و السّلام.**

٢- ﴿ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ **ال عمران (٣٠)**

**ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئەگەر خوای گەورەتان – جل جلاله – خۆشدەوێ شوێنکەوتووی من بن، واتا: کاری بیدعەبازی مەکەنە پیشە و توخون هیچ گوناە و تاوانێ مەکەون.**

٣- ﴿فَاَنْ لَمْ يَستجيبوا لَكَ فَأعلَمْ أنَّمَا يَّتبعونَ اَهواءَهُم، وَ من أَضَلُّ مِّمن أتَّبَعَ هَواهُ بِغيرِ هُدىً مِنَ اللهِ، اِنَّ اللهَ لايَهدي القومَ الظالمينَ﴾ **القصص (٥٠) ئەی پێغەمبەر ئەگەر شوێنکەوتووی تۆ نەبن مل کەچی فەرموودەکان و کردەوەکانت نەبوون چاك بزانە شوێنکەوتووی هەواو هەوەسیانن. وە ئەوان کەسانە ستەمکارن و خوای گەورە بە تەئکید هیدایەتی ستەمکاران نادا.**

﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ﴾ **الجاثیه (١٨) ئەی پێغەمبەر ئێمە تۆمان جێگرو توند بەند کرد لەسەر شەریعەتێك کە ڕاستیەکی ڕەهایە و ڕۆن ئاشکرایە و**

شوێنکەوتووی ئەو شەریعەتە بەو نەکەی بەدوا هەواو هەوەسی ئەوان کەسانە بکەون کە هیچ نازانن بێگومان ئەو ئایەتە تایبەت نیە بە پێغەمبەر بەڵکوو بۆ هەموو موسڵمانانە.

٤- ﴿لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوْا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَلَا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنَ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ **ال عمران (١٨٨).**

**ئەی پێغەمبەر – یا خود ئەی موسڵمان – وا تێنەگەی ئەوانەی بیدعە دەنێنەوەو بە بیدعەکانیان دڵ خۆشن وادەزانن کاری چاکیان کردووە لەبەر ئەوە داوا لە خەڵك دەکەن کە سوپاس و ستایشیان بکە لەسەر ئەو بیدعانەوە کە لە راستیدا هیچ چاکەیەکی تێدا نیە لە تێکدان زیاتر – وا تێنەگەی ئەوان کەسانە لە دەرەوەی عەزابی خوای گەورەن، نەخێر ئەوانە عەزابی یەکجار بە ئێشیان بۆ دانراوە.**

٥- ﴿لا تَجْعَلُوا دُعَاء الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاء بَعْضِكُم بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ **النور (٦٣).**

**ئەی پێغەمبەر بەو موسڵمانانە رابگەینەو خەبەرداریان بکەوە کە بە پێچەوانەی فەرمانی تۆ هەڵسوکەوت نەکەن و سەرپێچی ئاموژگاری و ڕێنمونیەکانت دەکەن – لەرێگەی بیدعەبازی بێ یا لە هەر رێگەیەکی ترەوە بێ.**

**ئەوان کەسانە یا ئەوەتا لە ئاینەکەیان – ئاینی ئیسلام – هەڵدەگەڕێتەوە، یاخود ئیش و ئازار و ئەشکنجەی زۆریان بۆ هەیە، ئاشکرایە بیدعە بازی گەورەترین سەرپێچیە لە شوێنکەوتنی پێغەمبەر - علیه الصلاة و السّلام.**

٦- ﴿وما آتاكُمُ الرَّسولُ فَخُذوهُ وما نَهاكُم عنهُ فانْتَهوا﴾.

٧- ﴿ولكم في رسولُ اللهِ أُسْوَةٌ حَسَنة لمن كانَ يَرجوا اللهَ و اليومَ الآخرَ و ذَكَرَ الله كثيراً﴾. **(الاحزاب).** **شوێنکەوتووی پێغەمبەر بن لە هەموو ئەمرۆ نەهیەك و پێغەمبەر پێشەوەتان و پێشەوا تابێ کە مادام دەتانەوێ خوای گەورە لێتان خۆش بێ.**

٨- ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ وَلَوْلا كَلِمَةُ الْفَصْلِ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ **الشورى (٢١)**

**خوای گەورە – سبحانە و تعالی – خودی خۆی دەپرسێ ئایا ئەوان بیدعەبازانە هاوپیشەیان هەیە بەیەکەوە شەرع دروست دەکەن، شەرعێ کە خوای گەورە ئەبەدەن رێگەی نە بەوان و نە بە هیچ کەس نەداوە دایرێژن. لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی شەرع دانان تەنها و تەنها تایبەتە بە خوای گەورە، خوای گەورە مافی شەرع دانانی بە هیچ بەندەیەك نەداوە، با ئەو کەسە پێغەمبەر بێ، ئەو راستیە هیچ دژایەتیەك – تناقض – پەیدا ناکا لەگەڵ مافی پێدانی هەندێ لە شەرعەکەی بە پێغەمبەری خۆشەویستمان چونکە ئەو مافە بە خودی پێغەمبەر بەشێکە لە شەرعەکەی خۆی، بەشێکە لە بەرنامە پیرۆزەکەی خۆی، هیچ کەس مافی رەخنەی نیە لەو راستیە لە هیچ راستیەك کە خوای گەورە خودی خۆی دایناوە. لەدوای هەندێش خوای گەورە کە مافی هەندێ لە شەرعەکانی بە پێغەمبەر - علیه الصلاة و السّلام – سپاردوە، دیارە ئەو پێغەمبەرەی - علیه الصلاة و السّلام – بەم شێوەیەی خەلق کردووە کە ئەو توانایەی هەبێ. یا ئەگەر هەندێ جار زەللەیەکی کردبێ، ئەوە یەکسەر بۆخۆی بۆی راست کردۆتەوە، بۆ ئەوەی شەرعەکەمان – شەریعەتی ئیسلام – بەرنامەی ئیسلام – بچوکترین هەڵەی تێنەکەوتبێ، تا رۆژی دوایی بە پاکی و بێگردی بمێنێتەوە.لەو هەندە راستیە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە شەرع دانان تەنها تایبەتە بە خوای گەورە، لەبەر ئەوەی شەرع دانان یەکجار شاکارێکی گرنگە و هەمیشە مرۆڤ تێدا بە هەڵە دەچێ و ماڵی خۆی و میلیۆنەها کەسی پێ وێران دەکا. کەواتە هەر شەرعێك لەلایەن مرۆڤی موسڵمانەوە بێ بیدعەیەکی پیسەو بۆگەنەو هەڵەیە.وە لەلای غەیری کەسانی موسڵمانیش گوناە و تاوانی گەورەن، وەك ئەو شەرعانەی ئەمرۆ لە پەرلەمانەکانی جیهانی کوفر و ئیلحاد دەردەچێ. وەك مافی مارە کردنی پیاو لە پیاو یا ژن لە ژن، وە حەڵاڵ کردنی هەموو جۆرە بەد رەوشتیەك لەژێر دروشمی مافی تاك و ئازادی تاك بەناوی دیموکراتیەت.**

٩- ﴿اِتَّبعوا أحْسنَ ما أُنزلَ اِليكُم مِنْ رَبِّكُ مِنْ قَبلِ اَنْ يأتيَكُم العَذابُ بَغتَةً و اَنتُم لاتَشعُرونَ﴾.

**شوێنکەوتووی چاکترین و راسترین بەرنامە بن کە لەلای خوای گەورە – جل جلالە – بۆتان هاتۆتە خوار بەرلەوەی لەناکاو رووبەرووی ئێش و ئازاری رۆژی دوایی بنەوە. کەواتە دەبێ پێویستە شوێنکەوتنی چاکترین بەرنامە، زاڵ بێ بەسەر هەموو بەرنامەیەك کە دەسکردی مرۆڤە، کە بێگومان بیدعە یەکێکە لە بەرنامە تێکدەرەکان و دەفەرمووێ** ﴿هُو الّذي أَرسَلَ رَسولَهُ بِالهُدى وَ دين الحقّ لِيُظهَرهُ على الدِّينِ كلهِ و كفىٰ بِاللهِ شَهيداً﴾.

## (هەندێ لەو حەدیسانەی کە نەهی لە بیدعەبازی دەکەن)

**بە پێویستم زانی کە لەدوای ئەو چەند ئایەت و چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر - علیە الصلاة و السّلام – بهێنمەوە کە بە توندی و بەراشکاوی و بە رۆنی لە دژی بیدعە و بیدعە بازی دەدوێن، کە هەموویان راستن وە یا بەناوبانگن. چونکە پاڵپشتی ئایەت بە حەدیس یا خود بە عەکسەوە کارێکی یەکجار پێویستە، چونکە یەك لە ئەرکە هەرێ گەورەکانی پێغەمبەر - علیە الصلاة و السّلام – رۆنکردنەوەی قورئانی پیرۆزە بە فەرموودەکانی، وە یەك لەو فەرمانە پیرۆزانەیە کە خوای گەورە – جل جلالە – ئاراستەی پێغەمبەری کردووەو دەفەرمووێ:** ﴿بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ **النحل (٤٤).**

**یا فەرموودەی:** ﴿وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ **النحل (٦٤).**

**لە هەردوو ئایەتەکەی فیعلی (لِتبيِّنَ) بەرچاو دەکەوێ کە (لام)مەکە، لامی عیللەیە (لام العله) واتا هۆکاری دابەزینی، جارێك بە (الذكر) و جارێك بە (الكتاب) بۆ رۆنکردنەوەو هاسانکاریە بۆ خەڵك، بە چ شتێ یە؟ بە فەرموودەکانت ئەی پێغەمبەر - علیە الصلاة و السّلام – بە کورتی: تۆ ئە (محمد) بۆیان رۆنکەوە.**

**وە لە هەموو ئەو ئایەتانەی کە خوای گەورە – جل جلالە – باس لە فێرکردنی پێغەمبەر - علیە الصلاة و السّلام – دەکا، دەفەرمووێ: (ويُعلّمُهُ الكتابَ و الحِكْمَةَ) واتا: (دوو شتمان فێرکردی،**

**کەیەکمیان قورئانەکەیە، ئەو یتریشیان (الحکمە) کە بە ئیتفاقی هەموو زانایانی سوننە و جەماعە (حەدیسەکانی دەگریتەوە وە بۆ خۆشی دەفەرمووێ - علیه الصلاة و السّلام — (بُعِثتُ بالکِتابِ وَ مِثلِهِ).**

**ناردراوم بۆ قورئان وحەدیسەکانی خۆمەوە کە هەر هەموو لە رێگەی سروشەوە (الوحی) فێرکراوە، وەك دەفەرمووێ: (وما يَنطقُ عَنِ الهوى اِنْ هُوَ اِلا وحي يُوحى عَلَّمَهُ شَديُد القُوى) النجم. والله اعلم.**

**ئەوسا با بگەڕێنەوە بۆ سەردانی چەند حەدیسێك لەو حەدیسانەی کە لە دژی بیدعە باز و بیدعەبازان دەدوێ:-**

**الزواجر عن اقتراف الكبائر. لأبن حجر الهيتمى المكي/ الجزء الاول صحيفه (٢١) و ايضاً من كتاب (فيض القدير/ محمد عبدالرؤوف المناوى/ الجز الاول صحيفه (٦٧٥) رقمهُ (١٠٨٠).**

**١) أهل البدعةِ كلابُ اَهلِ النار فى التار. رواه أبو امامة رضي الله عنه. من كتاب الزواجر عن الكبائر. لأبن حجر الهيتمى المكي/ الجزء الاول صحيفه (٢١) وايضاً من كتاب (فيض القدير/ محمد عبدالرؤوف المناوى/ الجزء الاول صحيفة (٦٧٥) رقمه (١٠٨٠).**

**٢) ايها الناس اِن خيرَ الكلامِ هو كلام الله و خير الهدى هدى محمد، و شر الأمور محدثاتها و كل محدثة بدعة و كل بدعة ضلالة و في رواية و كل ضلالة في النار.**

**پێغەمبەر - علیه الصلاة و السّلام — هەموو وتارەکانی بەو فەرموودەیە دەسپێکردووەو حەدیسێکی بەناوبانگە**

**٣) ستةٌ لَعنهم الله — والنبيُ مُجاب الدعوةِ:**

**١- الزائد في دين الله:- يعنى المبتدع = بیدعە باز**

**٢- المكّذب بقَدرِ اللهِ.**

**٣- والمتسلطُ بالجبروت يُذلُّ مَن اَعزَّ اللهُ و يعز مَن اذله اللهُ**

٤- و التارك لسنتي

٥- والمستحِلُ لِحَرمِ اللهِ

٦- والمستحل من عترتي ما حرم الله. من كتاب الزواجر صحيفه (٩٠) الجزء الاول ومن كتاب (فيض القدير/ المجلد الرابع صحيفه ١٢٦. عن عائشة ام المؤمنين – رضى الله عنها- عن الامام على رضى الله عنها. اسناده صحيح.

٤) لا يقبل الله لصاحب بدعة صوما و لاحجا و لا عمرة و لاجهاداً و لا صرفا ولاعدلا يخرج من الاسلام كما تخرج الشعرة من العجين) رواه ابن ماجه / الزواجر عن اقتراف الكبائر صحيفه (٩١) الجزء الاول.

٥) ايّاكم وَ محدثاتُ الأُمورِ فاِنَّ كلَّ مُحدثةٍ بدعةٌ و كلَّ بدعةٍ ضَلالَة) حديث صحيح رواه ابو داوود و ابن ماجة.

٦) اِذا ماتَ صَاحبُ البدعةِ فقدْ فُتحَ في الأِسلامِ فتحٌ. عن أنس رواه الخطيب فيضُ القدير/ محمد الرؤوف المناوى/ المجلد الاول/ صحيفه (٥٦٣). ماناى: كاتىَ بيدعەبازىَ دەمرىَ موسڵمانان له دەست خۆى و بيدعەكانى رزگار دەبن.

٧) مَنْ وَقَّرَ صاحِبَ بِدْعةٍ فقَدْ اَعانَ على هَدمِ الأِسلامِ. عَن عائشة اّم المؤمنينَ – رضى الله عنها. هەر كەسىَ رێز له بيدعه بازى بگرىَ هاوكاريەتى له تێكدانى ئيسلام.

٨) اهل البدعة شر الخلق و الخليقة. فيض القدير/ الجزء الثالث/ صحيفه ٨٤/ رقمه (٢٧٦١) رواه الاوزاعى عن قتادة عن انس، تفرديه المعافي عن الاوزاعي بهذا اللفظ.

٩) ما ابتدع قوم بدعة الا نزع من سنتهم مثلها. اخرجه الدارمى باسناد صحيح. نيه قەومێك بيدعەيەك بنێتەوە ئيلا ئەو بيدعەيه سونەتێكى پێغەمبەر - عليه الصلاة و السّلام – رەش دەكاتەوە.

**١٠) أبى الله ان يقبل عمل صاحب بدعة حتى يدع بدعته رواه ابن ماحه.**

**١١) لا يؤمن احدكم حتى تكون هواه تبعاً لما جئت به. رواه البغوى، والحسن بن سفيان و ابن عساكر. هيچ كەس ئيمانیّ نابا تاكوو هەواو هەوەسى خۆى لەژێر پیّ نەنیّ لەپێناو بەرنامە پيرۆزەكەى خواى گەورە، ئەوەيە فەرمانى خواى گەورە، لەو بارەوە دەفەرمووێ:** ﴿ثُمَّ جَعلناكَ على شَريعةٍ مِنَ الأَمرِ فاَتَّبعها ولا تَّتَّبعْ اَهواءَ الّذينَ لايَعلمونَ﴾ (الجاثيه) (٢١٨).

**١٢) عن سهل أبى سعيد رضى الله عنها: ان رسول الله - عليه الصلاة و السّلام – قال: اَنا فرطُكم على الحوض من مر عليَّ شرِبَ و من شربَ لم يظمأ ابدا ليردن على اَقوامٌ اعرفهُم و يعرفونني ثم يُحال بيني و بينهم فأقول: اِنهم أمتي، فيقال: اِنكَ لا تدري ما اَحدثوا بعدك فاقولُ سحقاً – اي بعداً بعداً – لمن غير بعدي. رواه الشيخان. (المسلم و البخاري) رحمهما الله.**

**١٣) الأمر المفظعُ والحِملُ المضلع و الشر الذى لاينقطعُ اظهار البدع. رواة الطبرانى عن ابن عمر رضى الله عنهما. / فيض القدير/ الجزء الثالث/ صحيفه (٢٣٨) رقمه (٣٠٨٥) المفظع:- الشديد/ الحِملُ: الثقيل.**

**١٤) من عمل عملاً ليس عليه اَمرنا فهو رد. عن عائشة ام المؤمنين – رضى الله عنها – متفق عليه.**

**١٥) تفترق هذه الامة على ثلاث و سبعين فرقه شَرها من ينتحل حبنا و يفارق امرنا. عن الامام على – رضى الله عنه.**

**پێغەمبەر - عليه الصلاة و السّلام – دەفەرمووێ: ئەو ئومەتەى من دابەش دەبیّ بۆ حەفتاو سیّ جيزب، خراپترينيان ئەوانەن بە درۆ ئێمەيان خۆشدەوێ، لە كاتیّ كە لە هەموو شتیّ بە پێچەوانەى ئێمە هەڵسووكەوت دەكەن و ژيانيان دەبەنەسەر.**

**(فەرموودەى چەند پێشەوايەكى ئيسلام لە دژى بيدعە و بيدعەباز)**

١- قال ابن مسعود – رضى الله عنه: الخيرُ كلُ الخيرُ في الأتباع و الشُرُ كلُ الشَرِّ في الابتداع، اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كوفيتم: ماناى كيتاب و سونتەتان بەسە و توخونى بيدعە و بيدعە بازى مەكەون.

٢- قال ابن عباس – رضى الله عنهما – كل بدعة سِّيئة و ان رآها الناس حَسنه.

مردن چاكتر نيە بۆ ئەو موسڵمانانەى كە دەڵێن فلان زاناو فيسكە زانا بيدعەى حەسەنەى پەسەند كردووە كەچى ئەو فەرموودەى عبداللهى كورى عەبباس پێشێل دەكەن ئەو عبداللەى كە دەريا عيلم بوەو لە ئيمان و عەقيدە هەرچى بيدعەبازانى دونيا هەيە و هەبووەو دەبێ ناتوانن تۆزێ ژێر پێى ئيبن عەبباس بشكێنن. بيدعە هەمووى بۆگەنە يا خەڵك وابزانن چاكە.

٣- ئيمامى شافعى – رحمة الله – دەفەرمووێ (لأن يبتلي العبد بكل مانهى اللهُ عنهُ – ماعدا الشرك – خيرٌ له من ان ينظر في مايسمى ب (علم الكلام)، ثم قال اذا سمعتَ الرجلُ يقول (الاسم هو المسمى او غير المسمى) فآشهدْ انه من اهل الكلامِ ولادين له) تلبيس ابليس صحيفه ٨٢، ٨٣ لأبن الجوزى البغدادى رحمه الله.

ئيمامى شافعى دەفەرمووێ: موسڵمان لەنێو هەموو خراپەكانى خواى گەورە نەهى لێكرديە تێبكەوێ – تەنها شيرك نەبێ – چاكتر ردو ئەو شتە بكەوێ – كە ناويان ناوە عيلمى كەلام كە لە سەدەى دووەمى كۆچى (ابو الحسن الاشعرى) داويناوە كە بێگومان لە بۆگەنترين كيتابەكانى سەر زەويە. دەفەرمووێ هەر كەسێ كەوتە نێو شەوەزەنگى ئەو كيتابە بۆگەنە شاهيدى لەسەر بدەن كە ئەهلى كەلامە و دينى نيە.

٤) ئيمامى احمد بن حنبل دەفەرمووێ: (لا يُفلحُ صاحب كلامِ ابداً، علماءُ الكلام زنادقة )دەفەرمووێ هەر موسڵمانێ ماخولياى عيلمى كەلام بێ و كارى پێ بكا ئەبەدەن سەرناكەوێ زانايانى كەلام زەنديقن. نلبيس ابليس.

٥) قالت السلف الصالح – رضى الله عنهم ( اَسرع الناسِ ردَّة اَصحاب الاهواءِ قال ابو هريرة) رضى الله عنه – ثلاث مرات و الله الذي لا اله الا هو لولا استخلِفَ ابوبكر – رضى الله عنه ما عبد الله. العواصمُ من القواصم للشيخ ابى بكر بن العربى صحيفه (٦٣).

سەلەفی سالیح فەرموویانە خێراترین کەسانێ کە ئامادەی هەڵگەڕانەوە بن لە ئیسلام بیدعەبازانی هەوابازن.

٦) قال الأمام مالك – رحمه الله – مالم يكن ديناً يوم كان رسول الله حياً. يُرزق لَنْ يكونَ ديناً اليوم.

ئیسلام هەر ئەوەندەیە پێغەمبەر - عليه الصلاة و السّلام – بۆمانی هێناوە لەلای خوای گەورە، لەدوای مردنی ئەو کەس ناتوانێ شتێکی بۆ زیاد کاو تێکەڵ بە ئاینی ئیسلامی کا، ئەوەی کە بە ئاینی ئیسلام ناسراوە هەر ئەوەندەیە کە پێغەمبەر - عليه الصلاة و السّلام – بۆی هێناوین لە کاتی ژیانیدا، ئەو شتەی کە لەدوای مردنی ئەو بە ناوی ئیسلام دروست دەکرێ هەرگیز نابێتە بەشێك لە ئاینەکەمان.

## (گەورەترین کارەسات لە پەنا کوشندە ترین راستی اکبرُ کارثة وَرَاءَ اَفتكِ حَقيقة)

بۆیە ناو نیشانەکەم وەرگێڕا سەر زمانی عەرەبی تا خوێنەری بەرێز واتێنەگا وشەی (راستی) یەعنی ٠حق). هەموو کەس دەبێ بزانی (حق) و (حقیقە) لە یەك دورن. هەموو (حەقێك) حەقیقەتە بەڵام هەموو (حەقیقەتێك) حەق نیە واتا: راست نیە.

ئەو کارەسات چیە؟:- جیهانی ئەمرۆمان لە دەمێکەوە دابەش بووە بەسەر دوو جیهانی یەکجار دژ بە یەك لە چشتی لاوەکی و سروشتی نەبێ لە هیچ لایەنێك پێکناچن:- جیهانی یەکەم جیهانی کوفرو ئیلحادە – کە ئەمریکاو ئەوروپا دەگرێتەوە، جیهانی ئیمان کە هەموو وڵاتانی ئیسلامی دەگرێتەوە.

**جیهانی یەکەم . جیهانی کوفرو ئیلحادە – جیهانێکی یەکجار پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆجی و لەشکری و کشتوکاڵی و تەندروستی و بازرگانی و هاتووچۆ.**

**جیهانی دووەم – جیهانی ئیمان و کیتاب و سوننە – جیهانێکی یەکجار دواکەوتوو لە هەموو ئەو لایەن و بوارانەی کە جیهانی یەکەم تێیدا پێشکەوتووەو گەیشتوونەتە لوتکەی هەرە بەرزی پێشکەوتنەکانی.**

**هۆکاری پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەکەی جیهانی کوفرو ئیلحاد چیە؟ لەنێو گەلانی موسڵمان لە جیهانی ئیمان – ئەمرۆکە بە دەیان میلیۆن بەڵکوو بە سەدان میلیۆن کەس بیروباوەڕیان وایە کە کوفرو ئیلحاد ئەو وڵاتانەی نێو جیهانی یەکەمی پێشخستووە، وە لە هەمان کات ئەو سەدان میلیۆنە بیروباوەریان وایە کە ئیسلام هۆکاری هەرێ گەورەی ئەو دواکەوتنەیە کە گەلانی ئیسلامی تێدا نقوم بووە تا تەوقی سەریان.**

**بە کوردی و بە کورتی – بە بیروباوەری ئەو خەڵکە ئیمان هۆکاری دواکەوتنە، بەڵام کوفرو ئیلحاد هۆکاری پێشکەوتنە، واتا: ئەگەر ئیسلام نەبا ئەو وڵاتانەی موسڵمانیش وەك وڵاتانی کوفرو ئیلحاد پێشدەکەوتن!!. بەڵام ئایا ئەو بیروباوەڕو بۆچوونە بەم شێوە کوشندەیە – راستە؟ یاخود ئەمەیە گەورەترین کارەسات لە پەنا کوشندەترین راستی (حەقیقە)؟ ئایا عەقل و عیلم دەیسەلمینێ کە کوفرو ئیلحاد رۆژی لە رۆژان هۆکاری پێشکەوتن بوبێ؟ وە لە هەمان کات عەقل و عیلم دەیسەلمێنی بڕوایەکی یەقینی بە خوای گەورە هۆکاری هەرێ گەورەی دواکەوتن بووبێ؟ لەکاتێکدا هەمووومان دەزانین کافرترین کەس زۆری پێناخۆشە بە کافر ناوی بهێنی یا رووبەروو پێی بڵێی (ئەی کافر) توڕە دەبێ یا لەوانەیە گڕیشت داێن.**

**بە هەرحال ئەو پێشکەوتنەی جیهانی کوفرو ئیلحاد و ئەو دواکەوتنەی جیهانی ئیمان دوو راستی هێندە زەق و ئاشکران هیچ کەس نیە بتوانی نکۆڵی – ئینکاری – لێبکا، جیهانی کوفرو ئیلحاد جیهانێکی یەکجار دەوڵەمەند و بە تواناو دەسەڵات، دەستی داگرتووە بەسەر هەموو هۆکارە**

مادديەكانی سەركەوتن و هەموو سەروسامانی ئابووری گۆی زەوی بەڵام جیهانی ئیمان تا بڵێی لاواز بێ هێزو ترسنۆك و هەژار پر لە ئاژاوەو گەندەڵی و خوێن رشتن.

ئەو دوو راستیە زەق و بەرچاوە وای لەو سەدان میلیۆن موسڵمانە كردووە كە بێتە سەر ئەو بیروباوەرەی كە پڕ بەدەم هاوار دەكا كوفرو ئیلحاد هۆكاری پێشكەوتن و باڵا دەستیە، بەڵام ئیمان هۆكاری دواكەوتن و زەلیل بوونە بە دەستی كوفرو مولحیدانەوە. كەمینەیەكی كەم هەنە كە خوای گەورە بە رەحمی خۆی هیدایەتی داون و ئیمانێكی یەقینیان هەیەو دەزانن بە مسۆگەری كە ئەو سەدان میلیون موسڵمانەی لەسەر ئەو بیروباوەرە هەڵەو چەواشەكارەن هەر هەموویان بە هەڵەچوونە تا ئەوپەری بەهەڵەچوون، وە چاك دەزانن كە كوفرو ئیلحاد هەزار هەندەی تر پێشكەوتوو بن كۆتایان بە سفرێكی بی نرخ دێت، وە ئەهلی ئیمان و تەقواش چەند بێ هێزو لاواز بن لە كۆتایی سەركەوتن هەر بۆ ئەوانە چونكە خوای گەورە بریاری داوە تەنها و تەنها ئەهلی ئیمان و تەقوا سەرخا بەسەر هەموو هێزەكانی كوفرو ئیلحاد و دەفەرمووێ (و كانَ حَقّاً علينا نَصرُ المومنينَ) بێگومان بریارو حوكمی خوای گەورە – سبحانە – هەر دەبی بێتە دیی درەنگ یا زوو پێغەمبەر -نوح علیە الصلاة و السّلام – هەموو ئەو كەسانەی ئیمانیان پێ هێنابوو یا شەست و یەك كەس بوون خوای گەورە بەهۆی لافاوەكەوە سەریخستن و هێزەكانی كوفرو ئیلحاد هەر هەموو لەناو برد، تەنها لەبەر ئەوەی كە ئەو شەست و یەك كەسە ئیمانێكی یەقینیان بە خوای گەورە –سبحانە – هێنابووهەروەها سەرخستنی ئەسحابەكانی پێغەمبەر - علیە الصلاة و السّلام – لە جەنگی بەدر بەسەر كافرە قورشیە بوت پەرستەكان. كەمینەیەكی كەم سەركەوتن بەسەر زۆرینیەكی زۆر.

هەرگیز نابی زۆرینە بە هەڵەمان ببا و لە گەورەترین راستی هەڵمان گەرێنتەوە، هەروەها هەرگیز نابێ كەمینەیەكی كەمیش كە لەسەر راستین راستیەكەیان پێشێل كەین و دوژمنایەتیان بكەین. نابێ كوفرو ئیلحادی زۆرینە بكەین بە ئیمان، هەر لەبەر زۆر بوونی یارانی، وە ئیمانیش بكەین بە كوفرو ئیلحاد هەر لەبەر كەمی یارانی.

ئیمان هەر ئیمانەو لە بەرزترین و گەورەترین ئەستێرە بەرزترو گەورەترە با یەك تاکە کەسیش پشتیوانی لێنەکا لەسەر ئەو ئەرزە، کە مادام خۆشەویستی خوای گەورەیە، کوفرو ئیلحادیش هەر کوفرو ئیلحادەو هەمیشە لە نهۆمی هەرە ژێرەوەی دۆزەخە و دوژمنی هەری گەورەی خوای گەورەیە. مەگەر هەر ئیمان نەبوو گەلێکی عەرەبی روت و رەجاڵی کەس نەناسی دانیشتووی ناخۆشترین و ئیشك و برینگ ترین بیابانی سەر زەوی بەهەموو جیهان ناساندو لەو بیابانە کوشندیە بە دیاریخستو و پێشرەوی پێکردو تا سنووری ولاتی چین لە رۆژهەلات رۆیی و لە رۆژئاواش تا ولاتی (بلاد الغال = فرەنسای ئیستا و ئیسپانیا رۆیشت و بۆماوەی زیاتر لە هەزارو دوو سەد ساڵ دەستی بەسەر هەموو جیهانی داگرت و بوو بە هێمای پێشکەوتن و سەرچاوەی زانین و زانیاری و زانست؟

پێشتر نووسیوەتم کە ئیسلام بەرپرسیار نیە لە هیچ جۆرە گوناه و تاوان و دواکەوتنێك چونکە ئاینی ئیسلام هەر هەموو گوناه و تاوانێکی رۆنکردۆتەوەو دیاریکردوە و سزاو ئیش و ئەشکەنجەی بۆ داناوە لە دونیا و قیامەت. لەهەمان کاتیش هەر لە بچوکترین چاکە تا دەگاتە گەورەترین چاکە هەر هەمووی رۆنکردۆتەوەو دیاریکردوە پاداشی دونیاو قیامەتی بۆ داناوە. ئیتر ئیمانێك ئیسلامەتی بناغەی بێ توخوا چۆن ئەو ئیمانە رۆژێ لە رۆژا نەهامەتی بەسەر گەلانی موسڵمان دەهێنێ؟ گومانتان نەبێ ئیمە موسڵمان خۆمان بەرپرسیارین لە هەر کەوتن و کارەسات و بەلاو موسیبەتێك کە بەسەرمان دێ.

ئێمەی موسڵمان خوشەویسترین گەلانی سەرزەوین لەلای خوای گەورە، کەواتە چۆن خوای گەورە ئاینێکمان بۆ دەنێری کە بمانکاتە گاڵتە جارانی هێزەکانی کوفر و ئیلحاد؟ من لە ئاستی خۆمەوە تەحددای هەموو جیهان دەکەم کە یەك خاڵ بدۆزنە لە (پزیشکی خوپاراستن = الطّبُ الوقائي) کە شەریعەتە پیرۆزەکەی ئیسلام بەر لە هەزارو چوارسەد ساڵ رۆنی نەکردبێتەوە، هەروەها تەحددای هەموو جیهان دەکەم کە ئاینی ئیسلام هەموو یاسا پێویستەکانی شارەوانی — (القوانين البلدية) رۆن نەکردیتەوە، هەروەها یاسای کرین و فرۆشتن و بازرگانی دەرەکی و ناوەکی. هەروەها یاسای بریاری جەنگ و ئاشتی لەمیانی برا موسڵمانان و دوژمنانی ئیسلام.

**برای موسڵمانم زۆر چاك بزانە کە بە خۆرایی و رەشۆکی نیە کە خوای گەورە فەرمویەت** ﴿وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَى هَؤُلاء وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ﴾ **النحل (٨٩).**

**فەرموون با هەموو جیهان شتێ لەنێو ئەو ئاینە بدۆزنەوە کە زیانی نەك مرۆچی تێدابی بەڵکوو زیانی گیان لەبەرانی تێدابی.**

**چۆن عەقل و عیلمی مرۆڤ بڕدەکا خوای گەورە کە رەحم و بەزەیی بێدواییە لەلایەك میلیۆنەها میلیۆنەها نیعمەتی خۆیمان پێ ببەخشێ لەلایەکیش ئاینێکمان بۆ بنێرێ ماڵمان وێران کا؟ موستەحیلە سەد جاریش موستەحیلە کارێ بەم شێوەیە لە خوای گەورە بوەشێتەوە، نەخێر چ لەسەر ئاستی (تاك) چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ یا لەگەڵ مرۆڤ خۆی، ژیانی بە چاکە بەرێکا چاکەی دێتەوە رێ، بە خەراپەی بەرێکا خراپەی دێتەوە رێ، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ،** ﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ **النساء (٧٩).**

**ئەمرۆ گەلانی موسڵمان لە جیهانی ئیسلامی کارەساتێکی زۆر سەیریان بەسەر خۆیان هێناوە بی ئەوەی بەخۆیان بزانن کە خۆیان هەڵدێراندوە، لە بەرزترین لوتکەوە وە بۆ قوڵترین دۆڵی بەرتەنگ، دوای ئەوەی کە وایان زانی جیهانی کوفرو ئیلحاد لەرێگەی کوفرو ئیلحادەوە پێشکەوتن رۆگەی خۆیان لە روگەی رەزامەندی خوای گەورە گۆری بۆ روگەی جیهانی کوفر و ئیلحادە، وایانزانی بەم کارەیان پێشدەکەون، بەڵام ئایا پێشکەوتن؟ یاخود هێندەی تر خۆیان غەرق کرد لەنێو دەریای قوربەسەری؟ لەبرِی ئەوەی هەمان ئەو رێگە و خەبات و هەوڵ و تەقەللایە بگرن کە ئەوانی پێپێشکەوتووە ، دەستیان کرد بە لاساکردنەوەیان، لاساکردنەوەیەکی کوێرانە لە هەموو کارو کردەوەو بەدەر و شتیەکانیان و ئەبەدەن بەڵای کارە چاکەکانیانەوە نەچوون و بەم شێوەیە نەدینیان ماو نە دونیا. هێندەی تر خۆیان کردە کۆیلەی ئالقە بەگویی جیهانی کوفر و ئیلحاد و خۆیان بەند کرد لەنێو بەندیخانەیەك کە بەزەرە پێشکەوتنی تێدا نیە و هەموو پەیوەندیەکانی خۆیان پچکراند بەهەموو هۆکارەکانی پێشکەوتن. بەلای کەمەوە سەدساڵێك زیاترە کە خۆیان دوچاری ئەو کۆت و زنجیرە کرد**

**بێ ئەوەی بتوانن تەنها حەلقەیەك بشكێنن لەو زنجیرە پۆلایینەی.مەلا موحەمەدی جەلی زادەی كۆیە — مەلای گەورە — رەحمەتی خوای لێ بێ راستی فەرمووە لە تەفسیرەكەی سورەتی البقرە — چاپی ساڵی ١٩٦٨ — كە دەفەرمووێ: ئەوروپا بۆیە پێشكەوتن چونكە وازیان لە ئاینەكەیان هێنا، ئێمەش بۆیە دواكەوتین چونكە وازمان لە ئاینەكەمان هێنا ئاینی ئیسلامی پیرۆز كە سەرچاوەی هەموو پێشكەوتنەكانە و دوژمنی لاساكردنەوەی كوێرانەیە، دوژمنی لاساكردنەوە (مەیمونانەیە). ئاشكرایە مەلای گەورە چاك دەیزانی كە ئاینی گۆڕ دراوی (عیسی) — علیه الصلاة السّلام — بە درێژایی سەدان ساڵ چۆن ئەوروپای غەرق كرد لەنێو خوێنی خۆی و چەندەها كارەساتی دڵ تەزێنی بەسەر ئەوروپا هێنا بە سەركردایەتی پاپاكانی ڤاتیكان.**

**ئایا جیهانی كوفرو ئیلحاد بە خودی بەرنامەی كوفرو ئیلحاد ئەو هەمووە پێشكەوتنەیان بەدەست هێنا؟ ئایا كوفرو ئیلحاد ئەو هەمووە داهێنان — اختراع — و تەكنەلۆجیا و پیشەسازیەی فێر كردن؟ ئایا ئەو هەمووە هەزاران كارگەی پیشەسازی كوفرو ئیلحاد بۆی دامەزراندن؟ ئایا تیۆری وزە (نظریة الطاقة) وە تیۆری نیسبی ئاینشتان.النظریة النسبیه لآیانشتاین — وە تیۆری جولاندن — نظریة العركه لأسحاق نیۆتن= یا تیۆری ڤۆڵت و ئەمپیر و چ پەیوەندێكیان هەیە بە كوفرو ئیلحادەوە تا ئیوەش لەپێناو زانین و جێبەجێكردنی ئەو تیۆرانە خۆتان وەك ئەوان كافرو مولحیدەكەن؟ ئەوروپاو چین و یابان و ئەمریكا لە كام لاپەرەی كوفرو ئیلحاد ئەم پێشكەوتنانەیان دۆزیەوە؟**

**برای موسڵمانم ریگەی پێشكەوتن و كوفرو ئیلحاد نێوان ئەرزو دورترین شوێن لە بۆشایی ئاسمان لە یەك دورن، بەسە هەستن راپەرن، وەك ئەوان ئەو رێگەیە بدۆزنەوە و بیگرنە بەر و لە دونیای خەیاڵ و ئەفسانە دور كەونەوەو چاك بزانن و تێبگەن كە خوای گەورە دەفەرمووێ:** ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلإِنسَانِ إِلاَّ مَا سعى.وأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى. ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاء الأَوْفَى. وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنتَهَى﴾ **النجم (٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢).**

**پێشكەوتنی جیهانی كوفرو ئیلحاد بەرهەمی قورسترین هەوڵ و كۆشش و خەبات و خۆبەختكاری و ئارامگرتن و وردبینی و سوور بوون و بەردەوام بوون لەسەر كارو كاری چاكە. خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرمووێ** ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ **هود (١١٧).**

نابێ موسڵمانان بە هیچ شێوەیەك واتێبگەن کە وڵاتانی کوفرو ئیلحاد لایەنی چاکەیان بۆ خۆیان و نیشمانەککانیان تێدانیە، دژایەتیەکەیان تەنها بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانانە.

## (دوا بلیسەی ئەو نامیلکەیە)

یەکەم مەبەس و ئامانجم لە نووسینی ئەو نامیلکەیە بەدرۆ خستنەوەو پوچەڵ کردنەوەی ئەو سێ گوناە و تاوانەیە (سۆفیگەڕی، حیزب و حیزبانێ بەناوی ئیسلام، بیدعەبازی) کە لە دێرزەمانەوە لەسەر ئاینی ئیسلام بە خواپەرستیحیساب کراون و بە کارو کردەوەی پیرۆز ژمێردراون. لە راستیشدا هەر سێکیان گوناە و تاوانی گەورەن هەر وەك هەموو گوناە و تاوانێك کە ئیسلام نەهی لێکردووەو حەرامی کردوە بە گوێرەی قورئانی پیرۆز و فەرموودە راستەکانی پێغەمبەر - علیه الصلاة السَلام — وەك لەو نامیلکەیە رۆنکراوەتەوە بە یارمەتی خوای گەورە — جل جلاله —

شتێکی سروشتیە مرۆڤ بە هەر کارێ هەستێ دەبێ مەبەس و ئامانجی دیاریکراوی هەبێ، ئەگەرنا دوچاری پەشیمانی و سەر لێشێواوی و گەرەلاوژیی دەبێتەوەو وەك (مازی چنی کون لە پاشی) لێ بەسەردێ. ئاشکرایە کەسی گەنم داچێنێ یا برنج یا باخێ داچێنێ یا کارێکی بازرگانی بگرتەبەر، هەڵبەت مەبەس و ئامانجی ئاشکراو رۆنە، وە گەر تێدا سەرکەوێ یا شکست بێنێ کەس لۆمەی ناکا، ئەمە سوننەتی ژیانە، بەڵام وەرن بزانم ئامانج لەو سێ گوناە و تاوانە چیە زیاتر لە دور کەوتنەوە لە ئیسلام نەبێ هیچی تر نیە .

با لە مام سۆفیانەوە دەست پێبکەین: باشە کۆمەڵانی سۆفی بە خۆتان و موریدو دەروێشەکانتان مەبەس و نیازو ئامانجتان لە سۆفیگەری چیە؟

ئایا مەبەس و نیازتان بانگەوازی خەڵکە لە پێناو ئیسلام؟ هەلبەت ئەم شاکارە بە ئێوە ناکرێ لەبەر ئەو هۆیانە:-

١- ئیوە بناغەی سۆفیگەڕیەکەتان دامەزراوە لەسەر فەلسەفە و ئەشعەریەت و ئەوەی پێی دەڵێن (علم الكلام) کەمێشکی هەزاران موسڵمانی بۆگەن کردووە، هەروەها عەقیدە و ئیمانتان دامەزراندوە

لەسەر (حلولیەت و اتحادیە و وحدە الوجود) کە پێشتر ڕۆنم کردنەوە. کەسێ دەتوانی بانگەوازی لەپێناو ئاینەکەی خوای گەورە بکا کە ئیمان و عەقیدەی دامەزراوە لەسەر یەکتاپەرستی (التوحید) ئەو یەکتاپەرستی کە سەرچاوەکەی (قورئان و حەدیسە).

ئاشکرایە بەدرێژایی سەدان ساڵی تەمەنەنتان ئێوە نەتانزانیوە بەکاری بانگەوازی هەستن و هەر بە خەیاڵیشتان دانەهاتووە. هیچ کەسیش پێویستی بە بانگەوازی ئێوە نەبووە، چونکە ئێوە لەنێو کۆمەڵگایەك دەژیان کە هەر هەموویان لە ئێوە موسڵمانتر بوون و لە ڕۆژگارێك هەزاران زانای ئەهلی سوننە و جەماعەی تێدا دەژیا، کەواتە بونی ئێوە هەرگیز پێویست نەبوو.

٢/ ئایا لە پێناو بەهێز کردنی موسڵمانان و دەوڵەتانی ئیسلام صۆفی گەریتان دەکرد؟ بێگومان نەخێر، بۆ ئەو مەبەستەش دروست نەبوون ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە سەرتان هەڵداوە ، ئەی بۆ کاتی مەغۆلەکان هێرش و شالاویان بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی عەباسی هینا لە شوێنی خۆتانجولەیەکتان نەکردو وەك هەموو ترسنۆکێك دەستتان بە کلاوی خۆتانەوە گرت ڕەشەبای مەغۆلەکان نەیبا ؟ لە کاتێکدا دەیانگووت ئێمە توانای فرینمان هەیەو دەریا ئیشك دەکەین و مردوو بە کەرامەتەکانمان زیندوو دەکەینەوە؟ مەبەستتان تەنها خۆفەرزکردن و گەرانەوەی شیرك و گومراکردنی ملیۆنەها موسڵمانە و دروست کردنی سەدان هەزار کەسانی مشەخۆرو ـ طفیلی ـ تەمەل و لاپرەسەنە. کەواتە چاك بزانن ئیسلام و موسڵمانان هیچ ئیشیان بە ئێوە نیە و لێیان زیادن و نەخۆشی شێرپەنجەن ئێوەش جەنابی حیزبە بە ناو ئیسلامیەکان مەبەسی و نیازتان چیە؟ بۆ ئەنجامدانی چ مەبەست و ئامانجێك دامەزراون؟ لە پێناو یەك پارچەیی موسڵمانان ؟ حاشا ولله ، حیزبانێك بناغەیان لەسەر نانەوەی دوبەرەکی و دەبەرەکی و بێ هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن کار بکەن لە پێناو بە یەکپارچەیی موسڵمانان . نابی ئەوەشتان لە بیر چێ کەئیمان و عەقیدەتان لەسەر یەکتاپەرستی دانەمەزراوە؟ چونکە ئەگەر ئیمان و عەقیدەتان لەسەر یەکتاپەرستی دامەزرابا هەموو صرفیە حلولیەکان و هەلگرانی بیرو باوەری دیموکراتی ئیشتراکیتان بە خۆ نەدەگرت.

جۆرەها حەرامتان حەلال نەدەکرد و پشتتان بە دەنگی زۆرینە نەدەبەست لە کاتی هەڵبژاردنەکان وەك هەموو حیزبە عەلمانیەکان . شەرعیەتان بە هەڵبژاردن نەدەدا لە کاتی لە من

چاكتر دەزانن كە ئەو شەرعیەتە نەك لە كیتابی و سوننەدایە بەڵكو دوژمنی راستەقینەی كیتاب و سوننەیە. پێم ناڵێن چۆن بە دەنگی زۆرینە رازی دەبن لە كاتی زۆر چاك دەزانن كە خوای گەورە جل و جلالە ـ لە نزیكەی زیاتر لەسەد ئایەتی قورئان لە دژی زۆرینە دەدوێ ؟ من تەنها یەك لە مەترسیە گەورەكانی زۆرینەتان بۆ باسی دەكەم خۆتان زۆر چاك دەزانن لە هەڵبژاردنەكان ـ الانتخابات ـ دەنگی گەورەترین زانا و پیاو چاك و خواناس لە گەڵ دەنگی شێتێ یا خراپترین كەس یەك دەنگ حیسابە بە بی چەندو چۆن. ئەوسا ئەگەر دوو پالاوتە یەكیان تا بلێی پیاوی چاكە و سەد هەزار پیاو چاك دەنگی پێدەدا ئەویتریان تا بلێی پیاوێكی خراپە و سەد و یەك هەزار پیاو خەراپی وەك خۆی دەنگی پێدەدا ، ئاشكرایە بە پێی دەنگی زۆرینە پیاوە زۆردارەكە دەیباتەوە. دە ئێوە جەنابی حیبزبە بە ناو ئیسلامیەكان بیرو باوەرتان لە گەل ئەو زۆرینەیە كە خوای گەورە لە نزیكەی زیاتر لە سەد ئایەت لە دژی دواوە وەك ( اكثرهم لا یعلمون ) (اكثرهم لا یعقلون) (وما اكثر الناس لو حرصت بمومنین)

تا ئێستا لە هیچ لایەنێك سودو قازانجێكتان بە ئیسلام و موسڵمانان گەیاندووە؟ زیانەكانتم كەمی هەژمار كردووە ، ئەی قازانجەكەتان چیە؟ تەئویل كردنی ئایەت و حەدیسەكان بەو شێوەیەی كە خزمەتی بەرژەوەندی حیزبیتان بكا؟ پاراستنی سەرو مال و گیانی موسڵمانان ؟ سوك كردنی باری ئابووری خەڵك ؟ وەدەرنانی هێزەكانی كوفرو ئیلحاد لە نێو جەرگەی موسڵمانان ؟ وەڵام دەنەوە . نابێ ئەوەش لە بیر بكەین كە ئەمرۆ گەلی موسڵمانی كوردستان لە هەموو گەلانی دونیا زەرەرمەندترە بە دەست ئەو حزبانەوە.

ئێوەش جەنابی بیدعەبازەكان لەسەر تاپای جیهانی ئیسلام ئامانج و مەبەست و نیازتان چیە لە دروستكردنی ئەو هەزاران بیدعانە ؟ دەوڵەمەند كردنی شەریعەتەكەی خوای گەورە ؟ اعوذ بالله لەو دەوڵەمەند كردنە ؟ ئاشكراو روونە هەموو شتێك بە لێزیاد كردن دەوڵەمەند دەبی تەنها ئاینە پیرۆزەكەی خوای گەورە جل و جلالە ـ نەبێ بە لێزیادكردن كوێر دەبێتەوە.

لە پێشتر زۆر شتم بە چاكی رونكردۆتەوە ـ بە یارمەتی خوای گەورە ـ سبحانە ـ لە بارەی هەرسێ گوناه و تاوانەكە . داواكارم لە خوای گەورە جێگای ڕەزامەندی موسڵمانان بن و سودی

**لێوەرگرن، نەگەن بە زۆر زانی و زمان لوسی و سەرانی ئەو سی گوناه و تاوانە باوەرکەن و فریوبخۆن چونکە بە ئاشکرا لایەنی ژیانی دونیایان زاڵەبەسەر لایەنی ژیانی رۆژی دوایمان ئەم واقیعە تاڵەش لە هەموو کەس دیارە ئەوان سەرۆك و سەرکردەو رابەرانی ئەو سی گوناه و تاوانە توانایان هەیە سی سێ هەزار پەرت و بیانو فرت و فێڵ دروست کەن لە پێناو شەرعیەت دان بە گوناه و تاوانەکانیان بە ناوی ئیسلام بەم چەشنە سی هەزار گوناهی دیکە دەخەنە سەر ئەو کۆڵە گوناه و تاوانانەی کە بە کۆڵیانەوە ، توخوا باشتر نەبووسی هەزار بەردۆکەیان لە سەر رێگەی موسڵمانان لابردابا تاوەکو خوای گەورە سی هەزار چاکەی خستبا سەر کردەوە چاکەکانیان یاخود سێ هەزار گوناهی بچوکی لە کۆڵ کردابانەوە؟**

**لە کۆتایدا ئەو چەند دەستەواژە ـ جملە پێشکەش بە برایانی موسڵمانم دەکەم: خۆپاراستن لەو سی گوناه و تاوانەو هەموو گوناه و تاوانێك لە ژیانی دونیا دەگەرێتەوە بۆ بروا هێنانکی یەقینی بە گەورەیی خوای گەورە ، ئەو خوایەی کە ئەو گەردونە لە نەبو دروست کردوە ، ئەو گەردونەی کە نەسەرەتای دیارەو نە بنەتا ، ئەو گەردوونەی کە پێکهاتووە لە ملیارەها ( کۆمەڵە ئەستێرە ) (المجرە) و هەر کۆمەڵە ئەستێرەش پێك هاتتوە لە ملیارەها ئەستێرە ، و هەر ئەستێرەیەکیش بە ملیۆنەها جار گەورەترە لەو ( خۆرە )کە بەفەرمانی خوای گەورە ژیان بە زەوی دەدا وە ئەو خۆرەش ملیۆنەنێك سێسەد هەزار جار لە گۆی زەوی گەورەترە.**

**دەوەرە تۆ سەیر کە ئەوەیە دەسەڵات تواناو زانایی بێ سنوری خوای گەورەیە ـ سبحانە و تعالی ـ کەواتە مرۆڤ گەر بەخۆی بڵێ من موسڵمانم چۆن دەبێ جورئەتکا لەبەرنامەو پیرۆزەکەی خوای گەورە ـ کە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر ـ لێی زیدکا یا لێی کەم ، یا لە راستیەکانی بشارتەوە ، یا ئەحکامەکانی ببەزێنی ؟ من باوەرم وایە هەرکەسی ئەمە بیرو باوەری بی ( ئیمان) هەرگیز بەلای ئەو گوناه و تاوانانەوە ناچی و بە بەرنامەکەیخوای گەورە رازی دەبی هەمیشە دەڵێ: (** سَمِعْنا و اَطعْنا) .

**بیرت بۆ ئەوە نەچی کەوابزانن من وادەزانم کە موسڵمان نابی گوناهبار بێت ، نەخێر هەموومان گوناهبارین، بەلام ئەوەی کە زۆر پێویستە بیزانین ئەوەیە دەبی لەبەرامبەر هەموو گوناه**

و تاوانێك تەوبە بکەین و دان بە گوناه و تاوانەکانمان دابنێین لەبەرامبەر خوای گەورە بڵێین: (رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ).

خوای گەورە وەك خۆی فەرمویەتی لە هەموو گوناه و تاوانێك خۆش دەبی تەنها لە کەسی خۆش نابێ کەلەسەر شیرێك دەمرێ ـ کە مادام تەوبەیەکی بێ گەردی لەسەر بکاو جارێکی تر نەگەرێتەوە سەری وە خۆی دەفەرموی ( اِنَّ الله يَغفرُ الذّنوب جَمِيعاً انَّة هُو الغَفورُ الرحيُم).الزمر (٥٣). هەمیشە خوای گەروە موسڵمانی تەوبەکاری خۆش دەوی و دەفەرموی : (إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ) البقره و دەفەرموێ : (فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْد ظُلْمه وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّه يَتُوب عَلَيْهِ انَّ اللَّه غَفُور رَحِيم ) المائدة.

ئەوسا با بەس بی بگەرێنەوە سەر ئاینەکەی خوای گەورە ، ئەو ئاینەی کە راستیەکی رەهایە با لە ژێر هیچ جۆرە تەماحێکی دونیا خۆی لە راستیەکان نەیشێرینەوەو پێ شێلی نەکەین ، ئەگەر نا دوچاری هەزاران کۆرە رێگەوهەڵدێر دەبین. دەفەرموێ(وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُل فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيله ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ).الانعام.

دەبا بەس بێ لە فەرمان و نەهی ئەو خوایە گەورە ـ سبحانەو تعالی ـ دەرچین و لو ژێر جۆرەها دروشمی بریقەدار و فرت و فێڵی شەیتانی . ئەو خوایە گەورەیی کە بە بێ ئەژمار نیعمەتی خۆی پێ بەخشیون: (وَآتَاكُمْ مِنْ كُلّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَة اللَّه لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَان لَظَلُوم كَفَّار )سورة ابراهیم.

والله بە تەنها ئەو نیعمەتانەی کە لە نێو لەشی یەك تاکە کەسە بە ملیارەها نیعمەتە بەلام زۆر کەمن ئەوان کەسانەی هەست بە یوونی ئەو ژمارە زۆرەی نیعمەتەکانی نێو لەشی دەکا ، بەسە با شەرم کەین ، با لە خوا بترسین و بگەرێینەوە بۆ بەرنامەو پیرۆز و هاسان و دڵنیاکەرەوەکەی.

**لە كۆتایی تكا دەكەم لە خوای گەورە كە ئەم نامیلكە بچوكەم لێوەرگری و هەندی لە گوناهەكانم پێ سووكا و بەرەحمی خۆی بە كردەوە خراپەكانی خۆم دادگایم نەكا و لەو رەحمە فراوانە بێدوایەی خۆی بێبەشم نەكا لەسەر ووشەی** (لَا آلَةَ الاالله) **دوا هەناسەم ببرێ.**

**لە دوایی تكام لە خوێنەری بەرێزە كە كەمی ئەو نامیلكەیەم بە ووردی بخوێننەوە و لە كاتی خوێندنەوەی تەنها راستی بهێنێتە بەرچاوی ولایەنگیری خۆی بەلاوە نێ. بابە پێی كیتاب و سوننە عەقل بژێری بكاو ئەوەی راستە باوەریبگرێ و بەبرایانی موسڵمانی ڕابگەیەنێ وە ئەوە بە گوێرەی كیتابو سوننە هەڵەیە با بەلایەوە نێ . وە ئەگەر هەموشی بە لایەوە هەڵەیە بابە دەقی كیتاب و سوننە بەرپەرچیان داتەوە و نامیلكەیەكی چاكتر و راستر لەو نامیلكەیەی من بنوسێ بڵاوكاتەوەو خوای گەورە سەركەوتوی كا.**

**ئەوەی ڕاستی بی بۆیە ناوی دەبەم بە نامیلكە چونكە چەندان بابەتی پێویستم هەڵبژاردوە یاخود بەچەند وشەیەك یا بەچەند دەستەواژەیەك ئیشارەم بۆ كردووە ، هەر لەبەر ئەوەی بە خێرایی تەواوی كەم و قەبارەكەی سوكتر بێ و هەموو كەمو كوریەكانی بۆ ئەو برا موسڵمانە بە جێدەهێڵم كە بە ئیزنی خوای گەورە لە خۆم زاناتر و بە ئارامتر و دەستڕۆیشت وترە.**

**و الی محبي اللغة العربیة هذة الابیات الشعریة**

بدأتُ بَاسمِ الله الآعلى — فَهلِ مِنَ الوجود شَيُ أَجلى

لْم و لَنْ أسَلَمَ مِنَ الخطأ والزّللِ — ولا أملك وراء ذلك مِن بَدَلٍ

الى الكتاب و السُنة مُستنداً — في كلّ ما كتبتُ مُعتمداً

رسالتي اِنبَجَستْ في اعماقِ ايماني — ودارتْ موضوعاتها حَولَ دينِ الدَّيانِ

لمن ارادَ الحَقّ يسيرةٌ — و لمن اراد البَاطلَ عَسيرةٌ

شاء اللة اَنْ اكتب هذهِ الرَّسيْلةَ — بالرَّغم منْ انىّ فيها بُخَيلةَ

اَرجو اَنْ لا تكون مُمِلَّة ولا لميزان الحقّ مُخلة.

ولا تكونُ للحق مُضرةً و للباطل اِنْ شاء الله مُشينة

فلا تمشِ وراء الباطِل ساعةً لأنك لا تجْني من القتاد الأَ شوكةً

رفَعتٌ الستارَ عن ثلاثِ مُوبقاتٍ ظَنّ الكثيرُ انهّا مِنَ الحَسَناتِ

بَرِأَتْ مِنْ الاسلام ذمَّتةُ مَنْ تعلق بِهِنَّ قَلبةُ

التَّصوَّفُ و التحزَب و البدعُ كلُّ مَنَ اتقى منهن يَرتدعُ

فَلو كانَ التَّصوف علماً لَكانَ الجَهْل اَعْلمَاً

فلو كانتِ البدع مسموحةً لَكانت الشّريعة ممسوحةً

فَلو كان في التّحزب قوّةً لَكانَ في الفُرقة وَحدةً

ايها المؤمن تمسك بِالكتابِ والسنةِ فَلنْ تغفل عن التّوحيد لحظةً

منْ تغافَل عَنِ التوحيدِ فلنْ ينجوَ يوم الوعيد

منْ تغافَل عَنِ التوحيدِ فالنّارُ موعدهُ يوم الوعيد

البدعُ و التَّحزُّبُ و التّصوُّفُ كلَّ عنِ معنى التّوحيد محرَّفُ

فلا يصدَّنَّكَ شيءٌ عن التّوحيدِ فتموت موتة كافِر عَنيدٍ

كُنْ للرّسول مُتبَعاً تكنْ لِلهِ عَابداً مُوَحِّداً

لو كان قضاء الله في البدعة عبادةً لانهار الاسلام منهاجاً و شريعةً

**دوا وشەم ئەوەیە با خوێنەری بەرێز چاك بزانی كە ئەمن ئاینی ئیسلامم بە گوێری بە گەڕی و بە گیلی هەڵنەبژاردوە و وەرمنەگرتوە، بەڵكو خوای گەورە هیدایەتی داوم كە تاریكایی دڵمی پی ڕۆنكەمەوە و هەموو خانەكانی لەشمی پێ ئاو دەومە و پاراوكەمەوە ئەو شەوە زەنگانەی كە دووچاری بووبم بە تەواوی پێی برەوێنمەوە و بە تەواوی بزانم ئاییني ئیسلام گەورەترین زانین و زانیاری و زانستە و چاومی لە كوێری رزگار كرد و گوێمی لە كەڕی رزگار كرد و دڵی كوێركراوەمی لە گومرایی و كوفرو ئیلحاد ئازاد كرد، بە رەحمی خوای گەورە بۆمە ئەو موسڵمانە كە هەمیشە بڵێ: (** قل هذة سبيلي ادعوا الى الله على بَصيرةٍ اَنا وَمَنِ اتبعيني وَ سُبحانَ الله وَما اَنا مَنِ المشركينَ).

**من ناڵێم پێغەمبەرم خەڵكانێكی زۆرم شوێنكەوتووە ، تەنانەت داعیەكیش نیم و تا ئێستا كەس منی نەناسیوە و بە جۆرەها هۆكارەكانی شاردنەوە شێراوەم هەر ئەوەندە دەڵێم كەبە كوێری بە دوا ئاینە پیرۆزەكەی خوای گەورە جل و جلالە ـ نەكەوتومە، جەمدو سەنا بۆ خوای گەورە ـ بە تەواوی تێگەیشتومە كە راستیەكی رەهایە ـ و هیچ جۆرە راستیەك پێش ناكەوتەوە و نابی پێشی بكەوێتەوە ، خوای گەورە دەفەرموێ : (** تلك أيانُ اللة نَتلُوها عَليكَ بِالحَقّ فَبِأيّ حَديتٍ بَعدَ اللةِ و آياتةِ يُومنُونَ) **الجانيه (٦).**

## له پوختەترین وشەی ئەو نامیلکەیەم:

برای موسڵمانم : واللە ئەگەر ئەو سێ گوناه و تاوانە بە خواپەرستی بووبان ئەوە بەر لە تۆ و بەر لە هەموو موسڵمانانی سەر زەوی پێغەمبەرو سەحابەکانی وەك هەر خواپەرستیەك ( عبادە ) لەو خواپەرستیانەی بە قورئان و سوننەت دیاریکراون ئەنجامیان دەداو کاریان پێدەکرد و وە خودی پێغەمبەر(صلی علیە وسلم ) بۆی دیاری دەکردین لە ڕێزی هەموو ئەو عیبادەتانەی کە لە سەر موسڵمانان پێویست کراون یا بە سوننەت کراون . وە بەبێ چەند و چوون ناوی هەرسێکیانی دەخستە ریزیانەوە ، هەروەك چۆن هیچ عیبادەتێکی فەرامۆش نەکردووەو لە بیرنەکردیە ئەو سێیەشی لە بیرنەدەکرد بەڵام چاك بزانن لە هەمووومان ئاشکرا و ڕۆنە کە هەرسێکیان نەك بە خوا پەرستی ناشێن بەڵکو گوناه و تاوانی گەورەن و گەر بەردەوام کاریان پێ بکرێ ئەوە ئاینی ئیسلام لە ڕەگ و ڕیشاڵ هەڵدەکێشن.

گەر هەر کامەکیان لەم سێیە بە خوا پەرستی شیابان ئەوە نە پێویستمان بە ئەبویەزیدی بەسطامی بوو نە پێویستمان بە ئەبو حامیدی غەزال بوو نە پێویستمان بە محی الدین عەرەبی و عەلی جەغری بوو صۆفیەتیمان وەك عیبادەت بۆ دابهێنن وە نە پێویستمان بە بیدعەبازان بوو و بیدعەکاریمان بۆ بکەن بە هەزاران بیدعەمان بۆ بنێنەوە ، وە نەپێویستمان بەو کەسانە بوو کە کاری پارت پارتۆکێ مان بۆ پیرۆز بکەن و ڕیزی موسڵمانان بکەنە ئاردی نێو دەرگەزەردان.

ئەگەر تەقواو دڵسۆزی پاڵی بە خاوەنانی ئەو سێ گوناه و تاوانەوە ناوە ئەوە یا زۆر چاك بزانن هەرگیزا و هەرگیز لە پێغەمبەرو (صلی علیە وسلم ) صەحابەکانی بە تەقواتر و خواپەرستر و دڵسۆزتر نەبوونە بۆ ئیسلام و موسڵمانان ، وە هەرگیزاو هەرگیز لەوانیش زیرەکترو زاناترو تێگەیشتووتر نەبوونە لە بەرنامە پیرۆزەکەی ئیسلام.

چاك بزانن برایانی موسڵمان: واللە نە صۆفی گەرێ مانایەك بۆ یەکتاپەرستی دەهێڵێ وە نەپارت پارتۆکێ بە ناوی ئیسلام مانایەك بۆ یەك ریزی موسڵمانان دەهێڵێ وە نەبیدعەبازی مانایەك بۆ

بەرنامە پیرۆز و تێرو تەزیەکەی ئیسلام دەهێڵێ کە قورئانی پیرۆز و سونەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرە - (صلی علیه وسلم ).

چاکترین کار ئەوەیە هەموو لایەکمان بگەڕێینەوە سەر کیتاب و سوننە بەڵکو خوای گەورە - جل جلالە – بەرەحمی خۆی بمانگێڕێتەوە نێو بازنەکەی ئەهلی سوننە و جەماعە واتا :- ئەو بازنەیەی کە سەلەفی صالحی لە خۆ گرتووە لە ژێر رەحم و بەزەیی خوای گەورە - جل جلالە – کە بە گوێرەی قورئان و حەدیس تا ڕۆژی دوایی کۆتایان نایەت.

یاران و سەرگەرمانی ئەو سێ گوناه و تاوانە : ئەگەر ئێوە رازی نین بەو موسڵمانانەی کە ئەهلی سوننەو جەماعەتن ، لەبەرئەوەی – کە بە لای ئێوەوە - جۆرەها کەم و کوری و هەڵەیان هەیە ، وەرن ئێوە خۆتان ئەهلی سوننە و جەماعە بن و ئەو هەڵەو گوناه و کەم و کوریەی ئەوان هەیانە لە بەرامبەر خوای گەورە - سبحانە – ئێوە وەك موسڵمانێکی تەواو ئەو هەڵەو گوناه و کەم و کۆریانە دوبارە مەکەنەوە ئەوەی کەلە سەر موسڵمانانی ئەهلی سوننەو جەماعە - واتا :- سەلەفی صالح – پێویستە ئێوە ئەوە ئەنجام دەن ، خۆتان لە خوای گەورە نزیکەنەوە . نەکەن کەم و کۆری و هەلەو گوناهی ئەهلی سوننە و جەماعە بکەنە بیانگەو کۆسپ و تەگەرە بۆ ئەوەی خۆتان لە ئەهلی سوننەو جەماعە دابڕن ، چونکە بەم هەڵس و کەوتەتان چەندەها گوناهی گەورە دەخەنە پاڵ گوناه و تاوانەکانتان و دەبنە خەسارەت مەندی دونیاو قیامەت ، دەبێ هەمیشە ئاگاداری هەندێ بن کە هەر ڕۆژێ  گەرانەوە نێو بازنەکەی سەلەفی صالح بە بەڵگە تەواوە ئیسپاتی کەن کە ئێوەش بونەتە بەشێك لە سەلەفی صالح . خۆ ئەگەر هاتوو بەشتان لە نێو ئەو سێ گوناه و تاوانە گەورەدا مابوو ئەوە چاك بزانن کە جارێ ماوتانە بگەڕێنەوە نێو بازنەکەی سەلەفی صالح . یاخود کە هەر بەردەوام بوون لە هەستیاریتان لە بەرامبەر وشەی ( السلف الصالح ) ئەوە دیسانەوە خۆتان گیرۆدەی ئەو سێ تاوان و گوناهە کردووە - ( صۆفی گەرێ ، پارت پارتۆکێ بە ناوی ئیسلام ، بیدعەبازی ) ، چونکە نابێ ئێوە وشەی ( السلف الصالح ) پێشێل کەن و دەبێ بزانن : پێغەمبەر (صلی علیه وسلم ) بۆ ئەو وشەیەی بە چاك داناوەو موسڵمانانی پێ وەسف کردووە ، ئەگەر وانەکەن گوناهبار دەبن.

**دەبێ هەموو موسڵمانێك بزانێ كە پێغەمبەر (صلی علیه وسلم ) یەكەم كەس بووە لە سەر ئەرزی خوای گەورە ئەو دوو وشەیەی بەكارهێناوە ( السلف الصالح ) دەبێ هەركەس بە خۆی دەڵێ موسڵمان دەبێ چاك بیركاتەوە لە بەرامبەر ئەو دوو وشەیەو لە مانای راستیان بزانێ و تێگەیشتنی تەواوی لە بەرامبەریان هەبێ ، با ئەو رق و كینەیە ی لە بەرامبەر هەڵگرانی ئەو دوو وشەیە هەیە با لەبەرامبەر خودی ئەو دوو وشەیە رق و كینەی خۆی بخواتەوە چونكە هیچ تاوانێكیان نیە.**

**ئیتر خوای گەورە هیدایەتی هەموو لایەكمان بدا بەرەحم و بەزەیی خۆی.**

**والسلام علیكم ورحمه الله وبركاته.**

**٣٠/ربیع الاول /١٤٣٨/پێنج شەمە / ٢٠١٦/١٢/٢٩**

**برای بچوكتان**

**سردار فەقێ حەسەن محمد مصطفی**

**٠٧٥٠ ١٥١ ٢٠ ٥٨**